# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (421) دووشەممە 2016/8/22 – 31ی خەرمانانی 2716 (750) دینار


روووپێویەکی رێکخراوی فاو:

## گوزەرانی خەڵکی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ پێش ساڵی 2004

**رووداو– هەولێر**

بەپێی دوایین روووپێوی رێکخراوی جیهانی خۆراک (فاو) کە بە هاوکاری دەزگای ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی خۆراک لە عێراق و کوردستان لە یەکی ئایار تاوەکو 20ی ئایار ئەمساڵ کراوە، دەرکەوتووە بارودۆخی ئابووریی هاووڵاتیانی کوردستان زۆر خراپترە لە شارەکانی عێراق.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکانی ئەو رووپێوییە، بۆمان دەرکەوتووە بارودۆخی ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان خراپترە لە شارەکانی عێراق".

بەگوێرەی پێناسی رووپێوییەکە کە بریتین لەسەر لێوار و نزیک لێوار و خوار لێوار، دەرکەوتووە بارودۆخی ئابووریی بەشێک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان لە سەرووی لێوارەکە دایە و بەشێکی زۆریشیان نزیک لە لێوارەکەیە، واتە وەک پێویست توانای دابینکردنی ئاسایشی خۆراکیان نییە. ژمارەیەکی کەمیشیان لە خوار لێوار دایە، واتە بارودۆخیان خراپە. ئەنجامی ئەو رووپێوییە دەریخستووە گوزەرانی خەڵکی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ پێش ساڵی 2004، داهات و خەرجی خێزانەکانی کوردستان گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەر داهاتووە. خەڵک هەست بە جۆرێک لە نائاسایشی ئابووری دەکات و ئەوەی زۆر پێویستی نەبێت، نایکڕێت.

8 »

وەبەرهێنەران 30%ی قەرزی حکومەتیان گەڕاندووەتەوە

2

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو:

دەستلەکارکێشانەوەی وەزیرەکانی یەکگرتوو خراوەتە بەردەم ئەمیندار

3

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک:

وەزیری ناوخۆ لەسەر دۆسیەی ویداد رۆژانە تەلەفۆنمان بۆ دەکات

4

دەیەوێ لەلای خۆی بمێنێتەوە

# یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگار داوای هاوکاری لە پارتی دەکات

بزووتنەوەی گۆڕان:

پارێزگار بە دەنگی 1+50ی ئەندامان دادەنرێ

یەکێتی:

دەبێ پارێزگار بە دەنگی دوو لەسەر سێ دابنرێ

3 »



راپۆرتە هەواڵ 2

دوو هەفتەیە دەستگیر کراون

سێ فەرمانبەر 87 هەزار لیتر گازوایلی حکومەت دەفرۆشنەوە




هەڤپەیڤین 5

بەرپرسێکی UN بۆ (رووداو):

لە عێراق 12 ملیۆن کەس لە مەترسیدان

راپۆرت 4

تەیموور عەبدوڵڵا، بۆ (رووداو):

نازانم بۆچی ماڵی مام جەلال قسەیان لە دۆسیەکەمدا نەکرد



ژنان 14

بە نۆ کەس ژن و مێردێک دەکوژن



## تورکیا.. دەوڵەتی تەریقەت و جەماعەتە ئاینییەکان

7 »



## باندێکی مادەی هۆشبەر لە هەولێر دەستگیردەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

هێزەکانی ئاسایش، باندێکی مادەی هۆشبەر کە لە چوار کەس پێکهاتبوون، لە نزیک شاری هەولێر دەستگیرکرد. بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایشە، لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرایکرد جگە لە دەستگیرکردنی ئەندامانی باندەکە، هاوکات دەست بەسەر 14 کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە جۆری "تریاک"دا گیراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتووە، ئەندامانی باندەکە کوردن و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. باندەکە بەپێی ماددەی 14ی هۆشبەر دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە.

بەڕێوەبەری بانکەکە دەستگیر کرا

# کەرکووک.. 50 ملیۆن دۆلار لە بانکێک دەدزرێ




**ڕووداو- کەرکووک**

بەهۆی خەرجکردنی چەکێکی ساختەی 50 ملیۆن دۆلاری، بەڕێوەبەری بانکێکی کەرکووک دەستگیر دەکرێت.

ئەو پارەیە لە بانکی عەرەفە راکێشراوە کە بانکێکی حکوومیە و بەڕێوەبەری بانکەکە بەپێی مادە 444 لە یاسای سزاکان کە تایبەتە بە بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، دەستگیر کراوە، بەڵام هێشتا ئەو دەستە ئاشکرا نەبووە کە لەپشت بردنی پارەکەیە.

بەرپرسی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە پەیامنێری (ڕووداو)ی راگەیاند کە لە خەرجکردنی ئەو چەکەدا ژمارەیەک بەرپرس دەستیان هەیە. گوتیشی "خەرجکردنی پارەکە بە هەماهەنگی کراوە لەنێوان بەغدا و کەرکووک".

بەهۆی ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی لە عێراق، تەنیا لە ساڵی رابردوودا 43 ملیار دینار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕووداو، نزیکەی 80 دۆسیەی گەورەی گەندەڵی ئێستا لەبەردەستی لیژنەی دەستپاکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدایە. بەڵام راکێشانی ئەم پارەیە لە بانکی عەرەفە بە گەورەترین پرۆسەی کێشانەوەی پارە دادەنرێ لەمێژووی ئەو شارەدا تۆمار کرابێ.

# وەبەرهێنەران 30%ی قەرزی حکومەتیان گەڕاندووەتەوە

## گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران: حکومەت تا کۆتایی ئەمساڵ لەسەر قەرزەکان دەوەستێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

تائێستا وەبەرهێنەران و بەڵێندەران نزیکەی 30%ی ئەو 750 ملیار دینارەی وەکو قەرز لایان بووە بۆ حکومەتیان گەڕاندووەتەوە. حکومەتیش تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ لەسەر وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەوەستێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 750 ملیار دینار قەرزی لای بەڵێندەر و وەبەرهێنەرانە، مانگی نیسانی ئەمساڵیش نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوێک داوای کرد تا ڕۆژی 2016/6/1 قەرزەکان بۆ حکومەت بگەڕێندرێنەوە و ئەو کاتەش وەبەرهێنەران داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیەیان کرد.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کاتە داوای درێژکردنەوەی ماوەی وەرگرتنەوەی قەرزەکەمان کرد. بەپێی زانیارییەکانمان لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڕیار دەردەچێت کە تا کۆتایی ئەمساڵ ماوەکەیان بۆ درێژ دەکرێتەوە و موڵکەکانیان نافرۆشرێن".

یاسین مەحموود ئاشکرای کرد کە هەندێک وەبەرهێنەر و بەڵێندەر قەرزەکانیان داوەتەوە و گوتی "نزیکەی 30%ی ئەو پارەیەی لەلای بەڵێندەر و وەبەرهێنەران بووە گەڕێندراوەتەوە بۆ حکومەت".

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران لەگەڵ ئەوەدا نییە حکومەت لەبەرامبەر نەگەڕاندنەوەی قەرزەکان دەست بەسەر موڵکی خاوەن قەرزەکاندا بگرێت و دەڵێت ئەوە لە زەرەری حکومەتە "فرۆشتنی موڵکی وەبەرهێنەران لەبەرامبەر نەدانەوەی قەرزەکانیان لایەنی خراپی زۆرترە، بۆ نموونە موڵک هەیە بە 50 ملیار دینار خەمڵێندراوە، ئێستا 15 ملیار دەکات، ئەگەر حکومەت بیخاتە زیادکردنی ئاشکراشەوە و بۆی نەفرۆشرێت، دەبێت خۆی هەڵیبگرێتەوە یان بیکات بەنێوی وەزارەتی داراییەوە، تا دوو ساڵیش کڕین و فرۆشتنی پێوە نەکرێت، ئەگەریش خاوەن قەرزەکە توانی قەرزەکە بداتەوە دەبێت حکومەت بۆی بگێڕێتەوە".

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 285 لە ڕۆژی 2016/6/28 چوار فەرمانی بۆ بەڵێندەران دەرکردووە.

لە بڕیاری یەکەمدا هاتووە "سەرجەم لایەنەکان داوای نوێکردنەوەی بارمتەی یاسایی (خیتاب زەمان) نەکەن لە بەڵێندەران بۆ نوێکردنەوە، بەمەرجێک ماوەی بارمتەکە بەرقەرار بێت بۆ ماوەی بنەڕەتی پرۆژە، ماوەی چاکسازی و هەر ماوەیەکی سەرباری دی لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە پرۆژەدا، جگە لەو ماوانەی کە بەخشراون بەهۆی قەیرانەکانەوە".

مەلا یاسین لەو بارەیەوە گوتی "بەپێی ئەو بڕیارە لەمەودوا غەرامەکردنی بەڵێندەر لەسەر تەواونەبوونی پرۆژەکان نامێنێ، واتە لەمەودوا بەڵێندەران ئازادن لە تەواوکردنی پرۆژە جێبەجێنەکراوەکان یان نا"، بەڵام باسی پرۆژەیەکی کرد کە دەتوانرێت بە پارەیەکی کەم تەواو بکرێت و گوتی "پرۆژەی ڕێگەوبان هەیە کە 50 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە و ئێستا تەنیا 10 ملیۆنی بۆ تەواوکردنی ماوە، ئەگەر یەک ملیۆن دۆلار بە بەڵێندەرەکە بدەن تەواوی دەکات، بەڵام بەپێی ئەو بڕیارە بەڵێندەرەکە ئازادە لە تەواونەکردنی".

لە بڕیارێکی دیکەدا هاتووە "دەکرێت ئەو بەڵێندەرانەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی و پەرەپێدانی هەرێمەکانیان لە ئەستۆیە، بەشێوازی چەک، باجی دەرامەت بدەن بەمەرجێک ئەو چەکە لەسەر ئەژمێری بەڵێندەر خۆی بێت و بەناوی خۆیەوە بێت". هەر بەپێی ئەو بڕیارانە "دەکرێت چەکی پەسەندکراو لە ئەژمێری تایبەتی بەڵێندەر خۆی وەربگیرێت و مامەڵەی پێوە بکرێت بۆ هەر حاڵەتێک کە لە بەڵێندەر داوا دەکرێت بەمەرجێک بەڵێندەرەکە پرۆژەی وەبەرهێنان یان پەرەپێدانی هەرێمی لە ئەستۆ بێت".

یاسین مەحموود ئەو بڕیارانە بە باش دەزانێ و گوتی "بەپێی ئەو بڕیارانە، بەڵێندەران دەتوانن چەکی قەرزەکانیان بۆ دانەوەی قەرزەکان بەکاربێنن لە کاتێکدا پێشتر بەکار نەدەهات". ناوبراو زانیارییەکی دیکەشی ئاشکرا کرد کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆ بەڵێندەران و وەبەرهێنەران دەردەچێت وگوتی "زانیاریمان هەیە حکومەت بڕیار دەدات چەکی بەڵێندەران بۆ مامەڵەی دەرەوەی حکومەتیش بەکاربهێنرێت، ئەگەر ئەوەش ببێتە بڕیار، سوودێکی زۆر باشی دەبێت، بۆ نموونە بەڵێندەر دەتوانێت بەو چەکە خانوو بکڕێت".

87 هەزار لیتر گازوایلی فەرمانگەکانیان فرۆشتووە

# حاجیاوا.. سێ فەرمانبەر بەتۆمەتی گەندەڵی دەستگیر دەکرێن



**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- حاجیاوا**

لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین، سێ فەرمانبەر بەتۆمەتی گەندەڵی و دەستبردن بۆ سەروەت و سامانی گشتی بە فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوەی ئەو ناوچەیە دەستگیرکران.

دادگای لێکۆڵینەوەی حاجیاوا، لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سێ کەس دەرکرد کە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە تۆمەتبارن بە دەستبەسەرداگرتنی بڕێک سووتەمەنی و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی.

ئەو سێ فەرمانبەرە ماوەی دوو هەفتەیە لە گرتووخانەی سەرکەپکانی قەزای ڕانیە دەستبەسەرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. پارێزەرێک لە دادگای لێکۆڵینەوەی حاجیاوا، لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی هەواڵێکی لەبارەی سێ فەرمانبەر ڕەوانەی دادگای حاجیاوا کرد، دەست بە لێکۆڵینەوە کرا و دەرکەوت سێ کەس کە فەرمانبەرن لە فەرمانگەکانی حاجیاوا، دەستیان هەبووە لە فرۆشتنی بڕێک سووتەمەنی".

ئەو پارێزەرە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگیرکردنی ئەو سێ کەسە و بڕی ئەو گازوایلەی فرۆشتوویانە گوتی "ئەوان بانگهێشتی دادگا کران، سەرەتا بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیرکران، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونی ورد دەرکەوت کە هەرسێکیان بەیەکەوە دەستیان هەبووە لە فرۆشتنی بڕی 87 هەزار لیتر سووتەمەنی لە جۆری گازوایل، ئەو سووتەمەنییە بۆ فەرمانگەکانی حاجیاوا دابین کرابوو، بەڵام ئەوان فرۆشتوویانە".


ئەو پارێزە گوتیشی "هەرسێ تۆمەتبارەکە ئێستا بە فەرمانی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی حاجیاوا، ماوەی دوو هەفتەیە لە گرتووخانەی سەرکەپکان دەستبەسەر کراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە".

گوتیشی ڕەنگە ئەو سێ فەرمانبەرە جگە لە فرۆشتنی ئەو بڕە سووتەمەنییە کاری دیکەی نایاساییان کردبێ، بۆیە دەڵێت "بەهۆی قورسی تۆمەتەکەیان ئەگەری هەیە دۆسیەکەیان ڕەوانەی دادگای سلێمانی بکرێ و لەوێ بڕیار لەبارەی حوکمەکەیان بدرێ".

هەر سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو سێ فەرمانبەرە، ئەزوەر جەعفەر بابەکر، بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا سێ فەرمانبەری سنووری ناحیەی حاجیاوا لە سنوورەکەمان بە فەرمانی دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو لەزاری سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە، ئەو تۆمەتبارانە کە یەکێکیان بەڕێوەبەری پێشووی فەرمانگەیەکە، ئەوانی دیکەش فەرمانبەرن.

# ئێران لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ونبووانی هەڵەبجە پێکدێنێ



**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆبوونەوەکانی شاندی پەرلەمانی ئێران و پەرلەمانی عێراقدا، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بڕیاری دا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی کەیسی بێسەروشوێنانی هەڵەبجە.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە ئەندامێکی شاندەکەی پەرلەمانی عێراق بوو بۆ ئێران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەی شاندی پەرلەمانی عێراق و ئێراندا، وەکو پەرلەمانتارێکی کوردی هەڵەبجەیی، داوای هاوکاریم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد بۆ کارئاسانی لە بەدواداچوون و سۆراخکردنی ئەو دەیان منداڵەی دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی 1988 ئاوارەی ئێران بوون و دواتر لە خێزانەکانیان دابڕاون".

سەبارەت بە وەڵامی داواکارییەکەی، موسەننا ئەمین گوتی "دوای داواکارییەکەم لە عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران کە داواکاریی 63 خانەوادەی هەڵەبجەیی بوو، بەڕێز لاریجانی بڕیاری دا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی عەلائەدین بروجەردی و ئەندامێتی پەرلەمانتارانی کورد دکتۆر عەلەوی و دکتۆر خزری، بۆ بەدواداچوون بۆ کەیسی بێسەروشوێنانی هەڵەبجە پێکبهێنێ".

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەرچەندە ئامانجی سەردانەکەی شاندی پەرلەمانی عێراق بۆ ئێران بە مەبەستی پیرۆزباییکردن بوو لە لاریجانی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام گوتی "ئەو دەرفەتەم قۆستەوە بۆ ئەوەی ئەو داوایە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەم، هەروەها ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی تەواوی ئەندامانی ئەو لیژنەیەم وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەردەوام بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکەم".

دابەشبوونی عێراق و سەربەخۆیی کوردستان، تەوەرێکی کۆبوونەوەی شاندەکەی عێراق بە سەرۆکایەتی سەلیم جبووری و شاندی پەرلەمانی ئێران بوو، موسەننا ئەمین گوتی "ئێرانییەکان نەیانشاردەوە و بە ڕاشکاوی ترسی خۆیان دەربڕی لە ئەگەری دابەشبوونی عێراق، گومانیان لە یەکپارچە مانەوەی عێراق هەبوو. ئەوان پێیانگوتین مەبەست لە هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە بۆ دابەشکردنی عێراق و جیاکردنەوەی کوردستانە. داوایان لێکردین هاوکار بین بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی".

## سۆسیالیست و شیوعی لەسەر کورسییەک کۆدەبنەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لەم هەفتەیەدا حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان بۆ ئاڵوگۆڕی کورسییەکەیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کۆببنەوە. ئەبو کاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بە (ڕووداو)ی گوت "لە دوایین کۆبوونەوەی حیزبی سۆسیالیستدا باسی ئەو کورسییە کراوە، چاوەڕوان دەکەین لەم هەفتەیەشدا مەکتەبی سیاسی هەردوولا بۆ ئەم مەبەستە کۆببنەوە". کورسییەکەی سۆسیالیست و شیوعی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نێوی هاوپەیمانی نیشتمانییە و ئێستا لەلایەن سۆسیالیستە و بەڕێوە دەبرێت، بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیشیان دەبێت دوای دوو ساڵ لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ بکرێت.

### دەیەوێ لەلای خۆی بمێنێتەوە

# یەکێتی بۆ پۆستی پارێزگار داوای هاوکاری لە پارتی دەکات

**بزووتنەوەی گۆڕان:**

**پارێزگار بە دەنگی 1+50ی ئەندامان دادەنرێ**

**یەکێتی:**

**دەبێ پارێزگار بە دەنگی دوو لەسەر سێ دابنرێ**



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود، هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێناچێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی بداتە دەست بزووتنەوەی گۆڕان و ئەم هەڵوێستەی بە پارتیش گەیاندووە. ئەندامانی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێن گۆڕان ترسی لەوە هەیە کاندیدەکەیان دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان نەهێنێ، بۆیە دەڵێن دەبێ بە (1+50)ی دەنگی ئەندامان متمانە بە پارێزگاری نوێ بدرێ.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا 241 هەزار دەنگی هێناوە، ڕۆژی 2016/8/19 بە پۆرتاڵی (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "خەڵک بۆ ئەوە دەنگی بۆ داوم کە ببمە پارێزگار، جگە لە پۆستی پارێزگاری سلێمانی بەهیچ پۆستێکی دیکە ڕازی نابم و ئەگەر نەمرم پشتیوان بەخوا ڕۆژی یەکشەممە پۆستەکە وەردەگرم".

ڕۆژی یەکشەممە 2016/8/21 هەموو لایەک چاوەڕێ بوون ئەو پرسە لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام سەرەڕای دانانی سێ وادە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا، کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو 2016/8/25 دواخرا.

ئەنوەر تاهیر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ لایەنێک داوای دواخستنی کۆبوونەوەکەی نەکردووە، چاوەڕێی دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگار بووین، بەڵام زۆر چاوەڕێ بووین هەر دەستلەکارکێشانەوەکە نەگەیشت".

بەڵام یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە کێشەکە مەسەلەی دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگار بووبێ لە پۆستەکەی، بەڵکو زۆر لەوە گەورەترە و پێناچێ یەکێتی وا بە ئاسانی بێتە ژێر باری ئەوەی پۆستەکە ڕادەستی گۆڕان بکات.

ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هۆکاری دواخستنی کۆبوونەوەکە ئاشکرا دەکات.

سەلما فاتح، ئەندامی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی ئامادەیە پۆستەکە ڕادەست بکات و د.ئاسۆ فەرەیدوونیش نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ناردووە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا".

بەڵام یەکێتی مەرجی هەیە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگار و دانانی کاندیدی گۆڕان لە شوێنەکەی. وەک سەلما دەڵێت "یەکێتی ڕای وایە دەستلەکارکێشانەوە و متمانە بەخشین بە پارێزگار بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن دەبێ کە دەکاتە 22 ئەندام، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان داوا دەکەن بە دەنگی (1+50)ی ئەندامانی ئەنجوومەن بێ".

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە وەک ئەنوەر تاهیر دەڵێت "نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاسۆ فەریدون نەگەیشتووە و دەبووایە بۆ ئەنجوومەن و لانیکەم بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ناردبووایە". گوتیشی "ئەگەر پارێزگار خۆی داوای دەستلەکارکێشانەوە بکات ئەوا بە دەنگی (1+50) قبوڵ دەکرێ، ئەگەر مەسەلەی لێپێچینەوە بێ ئەوا پێویستی بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنە، کە لە کۆی 31 ئەندام دەبێ 22 ئەندام دەنگ بدەن".

بزووتنەوەی گۆڕان 12 ئەندام و یەکێتی 11 ئەندامی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هەیە. کە هەردووکیان دەکاتە 22 ئەندام، بەڵام دوو ئەندامی یەکێتی لەدەرەوەی کوردستانن و ئەندامێکیان پرسەی هەیە، ئەمەش وا دەکات پێویستی بە دەنگی لایەنەکانی دیکە، لەوانەش پارتی هەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە.

(ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی باڵا زانیویەتی یەکێتی داوای لە پارتی کردووە لە مەسەلەی پۆستی پارێزگاردا هاوکاریی یەکێتی بکەن بۆ ئەوەی پۆستەکە هەر لەلای یەکێتی بمێنێتەوە. ئەگەر لەنێو ئەنجوومەنی پارێزگا گەیشتە مەسەلەی دەنگدان، داوا دەکەن ئەندامانی پارتی لە بەرژەوەندیی گۆڕان دەنگ نەدەن. ئەم زانیاریە لەلایەن یەکێتییەوە بۆ (ڕووداو) پشتڕاست نەکراوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەیەکی باڵای یەکێتی دەستی کەوتووە "ئەندامانی یەکێتی هەموویان ئامادەنین دەنگ بە دەستلەکارکێشانەوەی ئاسۆ فەریدون بدەن، چونکە دەڵێن گۆڕان کێشەی قانونی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆ یەکێتی باجەکەی بدات". ئەمەش وادەکات گۆڕان گومانی لە ئامادەبوونی 22 ئەندام هەبێ، بۆیە داوا دەکات پارێزگار بە دەنگی (1+50) متمانەی پێ بدرێ.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە تاکە کاندیدی گۆڕانە بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگار لە شوێنی ئاسۆ فەریدون بە (ڕووداو)ی گوت "تاوەکو ڕۆژی پێنجشەممە چاوەڕێ دەکەین، بەڵام پارێزگار تەنیا پێویستی بە دەنگی (1+50) دەبێ و سەرۆکی ئەنجوومەن پێویستی بە دەنگی دوو لە سێی ئەندامانە".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕانیش بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی مەبەستی نییە پۆستەکە ڕادەست بکات، بۆیە بیانوو دەهێنێتەوە، ئەگەرنا هەردوولا (یەکێتی و گۆڕان) ڕێککەوتنیان هەیە و دەبێ پۆستی پارێزگار ڕادەستی گۆڕان بکرێ".

### "وەک بۆمبێک وایە"

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، سەرلەبەیانی کاتێک گۆڕان زانیویەتی ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی نایانەوێ بچنە ئەنجوومەن، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ لاهور شێخ جەنگی، بەرپرسی ئاژانسی پاراستن و زانیاری کۆبوونەوەی هەبووە، لە کۆبوونەوەکەدا داوای کردووە کە دەبێ یەکێتی پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەی نێوانیان و پێیگوتووە "ئەگەر پابەند نەبن، وەک ئەوە وایە بۆمبێک لەبەر پێی ڕێککەوتنەکەی 17ی نیساندا بتەقێتەوە".

دانا عەبدولکەریم، بەرپرسی ژووری حکومەت لە بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، هێشتا وا تێدەگەین یەکێتی پابەندە بە ڕێککەوتنەکەوە "هەرچەندە واش هەستدەکەین لایەنێک بیەوێ ڕێککەوتنەکەمان جێبەجێ نەبێت و سەرنەگرێت".

دانا هەروەها گوتی "تاکە کاندیدمان بۆ ئەو پۆستە هەڤاڵ ئەبوبەکرە، بەڵام نامانەوێ سەرپێچی یاسایی بکەین، بۆیە دوای ئەوەی هەڤاڵ ئەبوبەکر لەلایەن ئەنجوومەنەوە هەڵبژێردرا، بۆ ماوەیەک سەردار قادر بەوەکالەت دەکەینە پارێزگار تاوەکو کێشەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکلایی دەبێتەوە".

بەڵام سەلما فاتیح بۆ یەکەمجار لەسەر ئەوە داوایەکی گۆڕان لە یەکێتی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لەئەسڵدا دەبێ سەرۆکی ئەنجوومەن نووسراوی دانانی پارێزگاری نوێ بەرز بکاتەوە تاوەکو مەرسوومی هەرێمی بۆ دەربچێ کە هەڤاڵ ئەبوبەکرە (مەرسوومی هەرێمی ئیمزای سەرۆکی هەرێمە بۆ دانانی پارێزگار) بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان داوا دەکەن سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێ کە بۆ یەکێتی دەبێ و کاندیدی ئێمە کاک ئەکرەم شەریفە، ئەو نووسراوە بەرز نەکاتەوە".

### "دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە"

کاتێک ڕێککەوتننامەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕان کرا بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، بەهیچ شێوەیەک ئەو دۆخە سیاسی و یاساییەی ئێستای هەرێمی کوردستانی تێدا ڕەچاو نەکراوە، بۆیە لەو ڕێککەوتننامەیەدا کە دواتر بە دەنگی 24 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی پەسەندکرا، هیچ بڕگە و ماددەیەکی تێدا نییە باس لەوە بکات بە چ میکانیزمێک ئەنجوومەن دەنگ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی پارێزگار بدات.

فەیسەڵ ئیبراهیم، سەرۆکی لیستی خزمەت پێیوایە مادام لە سەرەتاوە کاتێک یەکێتی و گۆڕان ڕێککەوتنەکەیان هێنایە نێو ئەنجوومەنەوە، گوتوویانە بۆ دەنگدان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە پێویستیان بە دەنگی فراکسیۆنەکانی دیکە نییە "پێویستە ئەم کێشەیەش هەر خۆیان یەکلایی بکەنەوە، خۆ ئەگەر بەڕاستی پابەند بن بە ڕێککەوتنەکەیانەوە و کێشەی یاساییان نەبێ، دەتوانن بە ڕۆژێک هەمووی ببڕنەوە".

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی داوایەک ئاراستەی یەکێتی دەکات. ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "پۆستی پارێزگار مافی گۆڕان بوو، بۆیە دەبووایە یەکەمجار ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و ڕێز لە ئیرادەی خەڵک بگرێ".

ئەبوبەکر هەڵەدنی کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەیەتی، ڕوو لە یەکێتی دەکات و دەڵێت "دەبێ یەکێتی پۆستی پارێزگار ڕادەستی گۆڕان بکات".

# بڕیاری کشانەوەی یەکگرتوو لە حکومەت بووەتە جددی

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی:**

**هەر کاتێک حیزب بڕیار بدات بۆ کشانەوە لە حکومەت ئامادەین**

**ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو:**

**وەزیرەکانی یەکگرتوو دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان خستووەتە بەردەم ئەمیندار**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، سەرقاڵی پلانی کشانەوەن لە حکومەت. وەزیرەکانی یەکگرتووش دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان خستووەتە بەردەم ئەمیندار و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە پێنج پۆستی پلە وەزیریان لەم کابینەیەی حکومەتدا هەیە، ئێستا هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەت دەکەن. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرکردایەتیی یەکگرتوو بۆ ئەم مەبەستە کۆبووەتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ "هەڕەشەکە بۆ کشانەوە لە حکومەت جددیە".

جەمال کۆچەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکگرتوو چۆن لە نێو حکومەتدایە، لەهەمانکاتدا لەنێو خەڵکیشدایە". ئێستا وەک ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکگرتوو باسی دەکات "وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەدەست یەکگرتوودایە و باری زۆر قورسە، هەر لەسەر ئەمەش یەکگرتوو ئێستا لە دووڕیانێکدایە یان دەبێ پشت لە خەڵک بکات، یان حکومەت".

جەمال کۆچەر کە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیشە لەسەر فراکسیۆنی یەکگرتوو، دەڵێ دوو هەڵوێست وا دەکەن یەکگرتوو بڕیاری کشانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات: "ئەگەر یەکگرتوو لە حکومەتدا نەتوانێ هیچ بکات بۆ خزمەتکردنی خەڵک با بڕیاری کشانەوە بدات". ئەوەی دووەمیش وەک کۆچەر باسی دەکات، بەدەنگەوە نەچوونی لایەنەکانە بە تایبەت پارتی و گۆڕان بۆ دەستپێشخەرییەکەی سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری یەکگرتوو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان "ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو مامۆستا سەلاح دەستپێشخەری کرد، بەڵام بەداخەوە هیچ وەڵامێک و هاتنە پێشەوە نەبوو، بۆیە یەکگرتوو ئامادەیە لە حکومەت بکشێتەوە و ئێستا بەجددی دیراسەتی ئەو هەنگاوە دەکات، چونکە ناتوانێ لەوە زیاتر باری گران هەڵبگرێ".

ڕۆژی 2016/8/16 لە هەولێر سەرکردایەتی یەکگرتوو بە ئامادەبوونی سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین کۆبووەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی ئەو حیزبە ڕایگەیاند "سەرکردایەتی یەکگرتوو داوا دەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جددی بدات بۆ چارەسەرکردنی باری بژێوی هاووڵاتیان و پێداچوونەوەی خێرا بکات بە چاککردنی مووچەی خانەنشینان، خاوەن پێداویستی تایبەت، سەرجەم مامۆستایان و تێکڕای توێژەکانی دیکەی فەرمانبەران". هەر لەو کۆبوونەوەیەدا وەک یەکگرتوو ڕایگەیاندووە "ئەگەر حکومەت نەیەتە پێش، ئەوا یەکگرتوو لەو پێناوەدا ئامادەیە پێداچوونەوە بکات بە هەڵوێستی بەشداربوونی لە حکومەت و وەرگرتنی هەر هەڵوێستێکی دیکە کە خزمەت بە چارەسەرکردن و باشکردنی باری بژێوی هاووڵاتیان بکات".

محەممەد هاودیانی، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەخنە لەو حکومەتە دەگرێ کە تێیدا وەزیرە و دەڵێت "ئێستا قووتی خەڵک باش نییە و حیزبەکان ئامادەن خەڵک بکەنە قوربانی ئیرادە و ویستی خۆیان". بۆیە وەک هاودیانی باسی دەکات "لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوودا وەزیرەکان دەستپێشخەرییان کرد هەر کاتێ حیزب بڕیار بدات بۆ کشانەوە لە حکومەت و پرۆسەی سیاسی، ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە".

جەمال کۆچەر لەبارەی جدیەتی هەڵوێستەکەی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی گوت "وەزیرەکانی یەکگرتوو دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان خستووەتە بەردەم ئەمیندار و ئەنجوومەنی جێبەجێکار".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوودا داواکراوە وەزیرەکان دەست لەکار بکشێنەوە، چونکە ئێستا بژێوی خەڵک باش نییە و حکومەت ناتوانێ بە باشی مووچە دابین بکات و ئەمەش دەبێتە هۆی گلەیی خەڵک لە نوێنەرەکانی یەکگرتوو لە حکومەتدا کە بێ هەڵوێستن و ناتوانن هەنگاوێک بهاوێژن بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک، بۆیە هەڵبژاردن لە پێشە و ناکرێ بەو شێوەیە بچنە بەردەم خەڵک.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان 5 پۆستی پلەی وەزیر و سێ ڕاوێژکار و دوو بەڕێوەبەری گشتی لە حکومەتدا هەیە، جگە لەو پۆستانەی بەم دواییە لە دهۆک وەریانگرتووە. هەروەها خاوەنی 10 کورسی پەرلەمانی کوردستانە.

ڕۆژی 2016/1/3 سەلاحەدین بابەکر، وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان کە یەکگرتوو بوو، دەستی لەکار کێشایەوە.

مەولوود باوەموراد، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حکومەت لەبارەی ئەو بڕیارە بە (ڕووداو)ی گوت "کە گلەیی کرا لەبارەی بژێویی خەڵک، ئێمەش وەکو وەزیرەکان گوتمان ئەگەر مەبەستتان لە وەزیرەکانە ئێمە کێشە نین لەبەردەم بڕیاری حیزب و ئامادەین بکشێینەوە".

ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22



## عەبدوڵڵا وەرتێ دەکرێتەوە بە گوتەبێژ

**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان جارێکی دیکە د.عەبدوڵڵا وەرتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە گوتەبێژی حیزبەکەی دادەنێتەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بزووتنەوەی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت، لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەدا داوا لە د.عەبدوڵڵا وەرتی کراوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ببێتەوە بە گوتەبێژی حیزب. لەو بارەیەوە د.عەبدوڵڵا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، داوایەکی لەو شێوەیەی لێکراوە، بەڵام تائێستا بڕیاری کۆتایی نەداوە، لەبەرئەوەی چاوەڕێی تەواوبوونی پەیکەربەندییەکان و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب دەکات. لە دوای کۆنگرەی دەیەمی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساڵی 2012دا عەبدوڵڵا وەرتی، وەکو گوتەبێژی ئەو حیزبە دەستنیشانکرا.

### تەیموور عەبدوڵڵا، تاقانە بەندکراوەکەی ئەنفال بۆ (ڕووداو):

# نازانم بۆچی ماڵی مام جەلال قسەیان لە دۆسیەکەمدا نەکرد

ساڵێک لەمەوبەر مفەوەزێکی پۆلیسی دارستان بەنێوی حەمەنووری لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی شەهیدانی شارۆچکەی کەلار تەقەی لێکرا و کوژرا، ئەوکات تاقانەیەکی ئەنفال بەو تۆمەتە دەستگیرکرا کە کەم کەس هەیە گوێی لە ناوەکەی نەبووبێ، ئەویش تەیمووره. تەیموور کە بە موعجیزە لە ئەنفال ڕزگاری بووە.

ڕۆژی 15ی ئابی 2016 دادگای تاوانەکانی کەرکووک/گەرمیان، بڕیاری سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ تەیمور عەبدوڵڵای تاقانەی ئەنفال دەرکرد. تەیموور چەند ڕۆژێک بەر لە ڕووداوەکە لەگەڵ مەفرەزەیەکی پۆلیسی دارستان لە نزیک گوندی کوڵەجۆ بەکێشە هاتبوون. تەیمور دەڵێت ئەو ڕۆژەی حەمەنووری کوژرا، ئەو لەگەڵ پاسەوانەکەی کە ئامۆزایەتی، چووبوون داوای لێبوردنی لێ بکەن، بەڵام شەڕ لە نێوان ئەو و پاسەوانەکەی ڕوویداوە و هەردووکیان یەکدییان کوشتووە. بەڵام دادگا قسەیەکی جیاوازی کرد و دوای دەرچوونی حوکمەکەشی لە دادگا، تەیمور لە زیندانەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد.

هەڵۆمحەممەد

ڕووداو کەلار



### شایەتم هەیە کە ئاسۆ و حەمەنووری یەکدییان کوشتووە

**ڕووداو: ئەو ڕۆژە لەبەردەم ماڵی حەمەنووریدا چی ڕوویدا، دەڵێن تۆ تەقەت لێکرد؟**

**تەیموور:** نەخێر من نەک تەقەم نەکردووە، هەر چەکیشم پێ نەبووە، ئەوان بە چەکی حکومەت تەقەیان کردووە. عەقید شوان محەممەد کە بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستانی گەرمیانە لەگەڵ هاوژینی حەمەنووری ئیفادەیان داوە و گوتوویانە حەمەنووری چەکی بردووە، وامانزانی لەگەڵ دراوسێیەکی بەشەڕ هاتووە، نەمانزانیوە لەگەڵ تەیموور بەشەڕ هاتووە. هاوژینی حەمەنووری لەیەکەم ئیفادەیدا گوتبووی مێردەکەم تەلەفۆنی کرد چەکم بۆ بێنە، منیشم گوتم برۆ ماڵی شوانەی مودیر لەوێ چەک ببە، ئەوەندەی پێنەچووە گوێی لە دەنگی تەقە بووە، کە چووەتە دەرەوە بینیویەتی مێردەکەی لە پاڵ دارێکدا کەوتووە و گوتبووی وامزانی لە هۆش خۆی چووە، ئەو گوتبووی ڕووداوەکەم بە چاوی خۆم نەبینیوە، کەچی دواتر سوێندی خواردووە کە ڕووداوەکەی بینیوە، بەڵام ڕاست ناکات.

### بەرپرسێک لە پشت سزادانی منەوەیە

### ئەو ڕۆژەی حەمەنووری کوژرا من هەر چەکیشم پێ نەبوو

**ڕووداو: کێشەی تۆ لەگەڵ پۆلیسی دارستان لەسەر چی بوو؟**

**تەیموور:** ئەوان بە بیانووی ئەوەی کە ڕاومان کردووە بە 11 کەس دایان بەسەرماندا و میلی چەکیان هێنایەوە و چەکیان خستە سەر سینگمان، گوتیان تۆ ڕاو دەکەی. منیش گوتم ڕاوم نەکردووە، فەرموون ئۆتۆمبێلەکەم بپشکنن، پشکنییان هیچیان نەدۆزییەوە.

**ڕووداو: تۆ لە دەرەوەی وڵات بووی، چۆن بوو گەڕایتەوە کوردستان؟**

**تەیموور:** ڕاستە من 17 ساڵ لە دەرەوە بووم. من لەسەر داوای هەڤاڵ مام جەلال گەڕامەوە کوردستان. من هاتمەوە زێدی باب و باپیرانم، لێرە یادەوەری زۆری پێش ئەنفال و دوای ئەنفالم هەیە. باوکم هەباشەی هەبوو لە هەر شوێنێک کاری کردبێ، چوومەتەوە ئەو شوێنە و بۆ ماوەیەک دانیشتووم، بەڵام ئەوان پیلانی کوشتنی منیان دانابوو، دەیانویست لەژێر ناوی ڕاوکردن جێبەجێی بکەن.

**ڕووداو: بۆچی دەیانویست بتکوژن؟**

**تەیموور:** دەنگویەک لە گەرمیان بڵاوبووەوە گوایە سەلاح کوێخا لە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لادەدرێ و من لە شوێنی ئەو دادەنرێم. بە حکومی ئەوەی 17 ساڵ لە دەرەوە بووم و لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال ڕزگارم بووە و دڵسۆزی گەرمیانم. بەڵام شوانەی مودیری دارستان چاوی لەو پۆستەیە و بە خەیاڵی خۆی وایزانیوە من بەربەرستی بەردەمی ئەوم. ئەوان دەیانزانی من بەردەوام لە دەرەوەم هاتن ئەو پیلانەیان بۆ من دارشت.

### لەسەر داوای مام جەلال گەڕامەوە کوردستان

**ڕووداو: تۆ دەڵێی بێ تاوانی، بۆچی بەپێی ماددەی 406 (ماددەی کوشتن) سزا درای، بۆچی نەتتوانی بێ تاوانی خۆت بسەلمێنی؟**

**تەیموور:** نازانم بۆچی بەو ماددەیە دادگایی کرام، شەڕەکە لە نێوان ئاسۆ و حەمەنووریدا بووە. ئەوە ڕاست نییە کە من تاقانەیەکی ئەنفالم کوشتبێ، دواتر ئەو کەسە تاقانەی ئەنفال نییە، خوشکێکی هەیە و شووی بە کەسێک کردووە لە کفری. ئەوان ئەوەیان کرد بۆ ئەوەی دۆسیەکە بە لاڕێدا ببەن.

**ڕووداو: پێشتر بە تۆیان دەگوت کوڕی مام جەلال، بۆچی بنەماڵەی تاڵەبانی هیچ قسەیەکیان لە دۆسیەکەی تۆدا نەکرد؟**

**تەیموور:** نازانم. دادوەر هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوو حوکمم بدات، تەنیا لەسەر قسەی شایەتەکان حوکم درام. یەکێک لە شایەتەکان کە خۆی پارێزەرە گوتی ڕووداوەکەم بە چاوی خۆم بینی، ئاسۆ و حەمەنووری تەقەیان لە یەکدی کرد، دواتر تەیموور هات و چەکەکانی هەڵگرتن و ئاسۆ و حەمەنووری بردووە. بەڵام ژنەکەی حەمەنووری دەستی بە قورئاندا داوە و گوتوویەتی حەمەنووری هێشتا نەمردبوو گوایە لەلای ئەو گوتوویەتی تەیموور تەقەی لێکردووم. ئاسۆ مەبەستی کوشتنی حەمەنووری نەبووە، حەمە نووری تەقەی لێکردووە و بریندار کردووە، ئینجا تەقەی لە حەمەنووری کرد. حەمەنووری خەریک بوو منیش بکوژێ، بەڵام من خۆم دایە پەنایەک. ئەو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەی دەکرد.

بەرپرسێک هۆکاری ئەوە بوو کە ئەو حوکمە بۆ من دەربچێ. ئەو بەرپرسە لە عەشیرەتی زەنگەنەیە و حەمەنووریش لە هەمان عەشیرەتە. منیش جافم. ئەوان کێشەکەیان کردە عەشایری. ئەو بەرپرسە پێشتر گوتبووی ناهێڵم جارێکی دیکە تەیموور ڕووناکی بە چاوی خۆی ببینێ. ئەو ڕۆژەی دادگاییش کرام خەڵکی ناردبووە لای دادوەر، بۆیە بەو جۆرە سزا درام.

**ڕووداو: باری تەندروستیت چۆنە؟**

**تەیموور:** تا ئێستا دووجار جەڵتەی مێشک لێیداوم، جارێک لە زیندانی کەلار جارێک لە زیندانی سلێمانی، بەڵام هیچ دکتۆریان بۆ نەهێنام.

### بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک:

# وەزیری ناوخۆ لەسەر دۆسیەی ویداد ڕۆژانە تەلەفۆنمان بۆ دەکات

**ناسر عەلی**

**ڕووداو- دهۆک**

پۆلیسی دهۆک لێژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس ویداد حوسێن پێکدێنێ، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی پارێزگای دهۆکیش دەڵێ ڕۆژانە وەزیری ناوخۆ پەیوەندییان پێوە دەکات و بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات. بەڵام برایەکی ویداد دەڵێت هیچ مانای نییە نۆ ڕۆژ بەسەر تاوانەکەدا تێپەڕیوە و هیچ ئەنجامێک دەرنەکەوتووە. هاوکات ڕێکخراوێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشە دەکات کە ئەگەر بکوژانی ویداد ئاشکرا نەکرێن، خۆپیشاندانی گەورە لە کوردستان و دەرەوە ڕێکدەخەن.

کاژێر 12:30ی ڕۆژی 2016/8/13 تەرمی ڕۆژنامەنووسێکی شاری دهۆک بەنێوی ویداد حوسێن، تەمەن 28 ساڵ، لە گوندی سێجێی سەر بە قەزای سێمێل دۆزرایەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسە لە ماڵپەڕی ڕۆژ نیوزی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان کاری دەکرد، تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

بە گوتەی شایەتحاڵەکان ویداد لەلایەن چەند کەسێکەوە کە لە دوو ئۆتۆمبێلدا بوون، لە گەڕەکی ماڵتای شاری دهۆک ڕفێنراوە، برایەکی ویداد کە تەرمی ویدادی بینیوە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە تیرۆریان کردبوو، سێ پەنجەیان بڕیبوو، قاچیان شکاندبوو، هەردوو چاوی دەرپەڕیبوون".

کاردانەوەکان بەرامبەر کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بەردەوامن. ئێوارەی ڕۆژی 2016/8/21 تەڤگەری ئازادیی گەنجان کە

### ڕێکخراوێکی سەر پەکەکە:

### ئەگەر بکوژانی ویداد ئاشکرا نەکرێن، چالاکیی گەورە ڕێکدەخەین

ڕێکخراوێکی سەر بە پەکەکەیە، لەبەردەم ماڵی ویداد چالاکییەکیان ئەنجام دا و داوای دەستگیرکردنی بکوژانی ویدادیان کرد.

قەدری حوسێن، برای ویداد زانیاری نوێی لەسەر کوشتنی ویداد ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی ویداد دەڕفێندرێ و دوای ئەشکەنجەدانی لە نزیک گوندی سێجێ فڕێ دەدرێت. موختاری ئەو گوندە ئێمەی ئاگادار کردەوە، تەنانەت موختاری گوندەکە پرسیاری لێکردبوو کە ناوی چییە و خەڵکی کوێیە و بۆچی وای بەسەرهاتووە و کێ وای لێکردووە، ویدادیش وەڵامی دابووەوە، واتا توانای قسەکردنی هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان بردوویانە بۆ نەخۆشخانە لە ڕێگادا تەواو بووە، بۆیە گومان دەکەین لە ڕێگادا شتێکی بەسەرهێنرابێ".

ئەو برایەی ویداد ڕەخنەی لە هێزە ئەمنییەکان گرت و گوتی "هیچ مەعقول نییە ئەوە نۆ ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی ویداد تێپەڕیوە، هێشتا بکوژانی دەستگیرنەکراون".

دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنیدا، ئینجا تەرمەکەی بەخاک سپێردرا، برای ویداد لەو بارەیەوە دەڵێت "دوای دوو ڕۆژ نووسینگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ باوکم کرد و گوتیان بارزانی لێژنەیەکی بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردنی بکوژانی ویداد پێکهێناوە، بەڵام ئێمە تاوەکو ئێستا ئەو لێژنەیەمان نەبینیوە".

باوکی ویداد و سێ برای، پێشمەرگەی پارتین، بەڵام دەربەند حوسێن کە برای ویدادە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە گومانی لە ئاسایش هەیە "ویداد لەو کاتەوەی بووە پەکەکە، نزیکەی 10 جار لەلایەن ئاسایشەوە بانگ کرابوو، دواییجار سێ مانگ لەمەوبەر بوو. هەموو جارێک داوایان لێدەکرد واز لە پەکەکە بهێنێ و کار بۆ ئەوان بکات. دواجار لە ئاسایش پێیانگوتبوو ئەگەر کار بۆ ئێمە نەکەی، دۆسیەکەت دەنێرین بۆ ئاسایشی گشتی، بۆیە گومان هەیە ئاسایش کوشتبێتی".

ویداد فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری دهۆک بوو، نزیکەی 5 ساڵ بوو بەشداری لە چالاکییەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان دەکرد، ئەو کە ئەندامی تەڤگەری ئازادیی گەنجان بوو، لە هەمانکاتدا پەیامنێری ئاژانسی ڕۆژ نیوز بوو کە ماڵپەڕێکی سەر بە پەکەکەیە.

دەربەند حوسێن ڕەخنەی لە بەرپرسانی پارتی و پەکەکە هەیە کە تا ئێستا هیچ بەرپرسێکی باڵای ئەو دوو حیزبە سەردانیان نەکردوون و دەڵێت "هیچ بەرپرسێکی باڵای پەکەکە و پارتی سەردانی ئێمەیان نەکردووە و پەیوەندییان بە ئێمەوە نەکردووە".

برای ویداد هۆشداری دەدات و دەڵێت ئەگەر هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بکوژی ویداد نەدۆزنەوە، ئەوا ناوەندە جیهانییەکان ئاگادار دەکەنەوە. دەربەند گوتی "ئەگەر دەزگا ئەمنییەکان هیچمان بۆ نەکەن، ئەوا لە بەغدا و دەرەوەی وڵاتیش سکاڵا تۆمار دەکەین".

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاری دهۆک، باسی دوایین پەرەسەندنەکانی دۆسیەی تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسەی کرد و گوتی "هەموو هێزە ئەمنییەکانی دهۆک دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە کردووە، هەموو زانیارییەکان دەدەینە لێژنەی لێکۆڵینەوە، سەرەداوی باشمان لەسەر ڕووداوەکە دەستکەوتووە".

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت "ئێستا نابێت هەر کارێک بکەین، میدیا یان کەسوکارەکەی لێ ئاگادار بکەینەوە، چونکە ئێمە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەداین، ڕۆژانە خەڵک بانگ دەکەین و زانیارییان لەبارەی ئەو دۆسیە لێوەردەگرین، بەڵام هەتا نەگەینە ئەنجامی کۆتایی هیچ شتێک ڕاناگەیەنین".

لیوا تارق ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک باسی ئەو لێژنانە دەکات کە بۆ دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس ویداد حوسێن پێکهێنراون و گوتی "لێژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە کە بەڕێوەبەری پۆلیسی تاوانی دهۆک سەرۆکی لێژنەکەیە. لەگەڵ چەند لێژنەیەکی لاوەکی، هەر یەک لەو لێژنانە کارێکیان پێ ڕاسپێردراوە، ئەوان بەردەوام زانیاری کۆدەکەنەوە. ئەفسەری وامان هەیە 24 سەعات نەخەوتووە و هەر سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری بووە".

لیوا تارق ئاماژەی بەوەدا کە لەسەر ئاستی باڵا کار لەسەر ئەو دۆسیە دەکرێت و گوتی "ڕۆژانە وەزیری ناوخۆ بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ دەکات و بەدواداچوون بۆ دۆسیەکە دەکات".

لیوا تارق دڵنیایی دەداتە کەسوکاری ویداد و دەڵێت "دڵنیایان دەکەینەوە کە بکوژانی ویداد دەدۆزینەوە، وەکو چۆن پێشتر تاوانبارانمان دۆزیونەتەوە".

ماڵپەڕی ڕۆژنیوز کە ویداد کاری تێدا دەکرد، دوای تیرۆکردنی ویداد، بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند "ویداد پەیامنێری ئێمە بوو، پارتی دەستی لە کوشتنی ئەو ڕۆژنامەنووسەدا هەیە". بەڵام بەرپرسانی پارتی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە.

تارا حوسێن، گوتەبێژی تەڤگەرا ئازادی گەنجان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر بکوژانی ویداد ئاشکرا نەکرێن، ئەوا چالاکی زۆر گەورە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان ڕێکدەخەین".



## ستیڤن ئۆبرایەن، جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مرۆیی بۆ (ڕووداو):

# لە عێراق 12 ملیۆن کەس لە مەترسیدان



ستیڤن ئۆبرایەن، جێگری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ کاروباری مرۆیی و یارمەتییە مرۆییەکان، هەر بۆیە زۆرترین سەروکاری لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بە تایبەتیش هەرێمی کوردستان کە باوەشی بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی شەڕ کردووەتەوە. ئۆبرایەن پێشبینی هەڵکشانی ژمارەی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بە تایبەتی دوای ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری مووسڵ. ئۆبرایەن دەڵێت هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە نیو ملیار دۆلار لەو دوو ملیار دۆلارەی وڵاتە کۆمەکبەخشەکان بە عێراقیان داوە، بۆ شوێنی نیشتەجێکردنی ئاوارەکان خەرج دەکەن. ئۆبرایەن کە یەکەمجارە هەڤپەیڤین لەگەڵ میدیایەکی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، باسی ڕەوشی مرۆیی عێراق بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت "ڕەوشی مرۆیی لە عێراق زۆر سەختە و تا دێت خراپتریش دەبێت".

دەقی ئەو هەڤپەیڤینە شەوی سێشەممە لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) پەخش دەکرێت.

هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین
ڕووداو- نیویۆرک

**ڕووداو: بەڕێزتان بەردەوام لەبارەی دۆخی مرۆیی ئێستای عێراق زانیاریتان بۆ دێت، دۆخەکە هەتا چ ڕادەیەک خراپە؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** ڕەوشەکە زۆر سەختە و بەداخەوە تا دێت خراپتریش دەبێت. پێویستە پلانێک دابنێین، چونکە پێویستییە مرۆییەکان زۆر خێرا زیاد دەبن، لە کاتێکدا چاوەڕوانییەکان بۆ گرتنەوەی مووسڵ لەئارادان. بە شێوەیەکی گشتی 12 ملیۆن کەس لە حاڵەتی مەترسیدان. ئێمە دەتوانین یارمەتییەکانی خۆمان بە زۆریان بگەیەنین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە هەموویان ناگات. هەندێک لە ڕێگاکانیش بە هۆی

## ڕەوشی مرۆیی لە عێراق زۆر سەختە و تادێت خراپتریش دەبێت

توندوتیژییەکانەوە گیراون، هەندێکیشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن داعشەوە کۆنترۆڵکراون، لە هەندێک ناوچەش نەمانتوانیوە هاریکارییەکان دابین بکەین، واتە نەمانتوانیوە ئەو یارمەتییە داراییە بەدەستبهێنین و دڵنیا بینەوە لەوەی هەموو پێداویستییەکانمان پێدابین دەکرێت.

**ڕووداو: لە لایەنی داراییەوە دەبێت حکومەتەکانی هەولێر و بەغدا چۆن خۆیان بۆ ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ ئامادە بکەن؟ لە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەدا دەبێت چاوەڕێی چ سیناریۆیەک بکەن؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** دەبێت زۆر روون ئەوە بزانین کە کاتێک ئۆپەراسیۆنەکە دەستپێکرد، وەک چۆن ئێستاش دەبینین هەندێک لە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە هاتوونەتە نێو بەرنامەی کۆنترۆڵکردنەوەوە، بەڵام کاتێک باسی شاری مووسڵ خۆی دەکەین هەندێک ئاماژەی پێشوەختمان هەیە، لەڕووی مرۆییەوە دەبێت ئامادەکاری بکەین بۆ ئاکامی ئەو شتانەی کە ڕەنگە ڕووبدەن و پێویستی خواردن، ئاو و شوێنی حەوانەوە و هەروەها پارێزگاری لێکردن دروستدەکەن. زۆر روون و ئاشکرایە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک ڕادەکەن، بە گوێرەی مەزندەکانی ئێمە خۆی لە حەفتا هەزار خێزان دەدات، کە ڕەنگە نزیک نیو ملیۆن کەس بێت کە بەئاراستەی هەولێر دێن، ئەمەش بۆ هەموو لایەک نیگەرانییەکی گەورەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لە قەرەی ئەو بەرپرسیارێتییە بێن کە یارمەتیدانی ئەو خەڵکەیە کە ڕادەکەن، واتە ئاسایش و کۆمەکیان پێشکەش بکەن. ئەمەش زۆر گرنگە. بەڵام لە هەمانکاتدا خەڵکانێک لەوانەیە بەرەو ڕۆژئاوا رابکەن، هەروەها ژمارەیەک لە چەکدارانی داعشیش ڕادەکەن، ئەمەش واتە پرش و بڵاوبوونەوەیەکی دیکە دەبینن، بەڵام ڕەنگە نزیکەی 200 هەزار کەسیش لە ناوەڕاستی شاری مووسڵدا گیر بخۆن، ئەمەش کاری هەموو ئەو لایەنانە قورستر دەکاتەوە کە دەیانەوێت ریسک و هەڕەشە مرۆییەکان لەسەر شارەکە لەوەی کە هەیە زیاتر نەکەن. جگە لە هەموو ئەمانە جۆرێک لە نادڵنیایی و ترسیش هەیە کە کاریگەرییەکی زۆری مرۆیی هەیە، ئەمەش تەنیا بۆ خواردن و شوێنی حەوانەوە و هەموو شتە چاوەڕوانکراوەکانی دی ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەبەر پاراستنی ئاوارەکانیشە. ئەمەش پەیوەندی بەو ژن و کچانەوە هەیە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی بوونەتەوە، ئەو ئافرەتانەی زۆر بە خراپی و لەناو فۆرمێکی نوێ لە کۆیلایەتیدا سووکایەتییان پێکراوە، هەروەها پیاو و کوڕیشت هەیە کە ڕفێنراون یان بەپێچەوانەی خواستی خۆیان کراون بە چەکدار، لە کاتێکدا ئەوانیش ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی بوونەتەوە کە زۆر بە دەگمەن باسی لێوە کراوە. واتە سەروکارمان لەگەڵ خەڵکێک دەبێت کە تووشی ترس و تۆقاندێکی قووڵ بوونەتەوە، بۆیەش خزمەتگوزارییەکان تەنیا لە پاراستن و پێداویستییە سەرەتاییەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێت هاوکاری و پشتگیرییەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی گەورەش هەبێت، چونکە دەزانم ئەمە شتێکە دەبێت زۆر بە خێرایی و بەباشی ئامادەبین بۆی.

**ڕووداو: نەتەوە یەکگرتووەکان تا چ ڕادەیەک ئامادەکاری کردووە بۆ ئۆپەراسیۆنی مووسڵ؟ تا چ ڕادەیەک پلانەکانتان ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی مووسڵ؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** پلانێکی باشمان داناوە، خەڵکانێکی باشیش کارم لەگەڵ دەکەن. جارێ نازانین ئۆپەراسیۆنەکە چۆن دەبێت، کەی دەبێت، یان بەوردی لە کوێ دەبێت. پێداویستییە مرۆییەکان بەهۆی ئەو کردەوە توندوتیژەکان و بە تایبەتیش بەهۆی جەنگەوە دروست دەبن. بێگومان خەڵکانێکی بێتاوانی مەدەنی و زۆری دی هەن کە لەم ڕەوشەدا گیر دەخۆن و پێویستیان بە یارمەتییە. بۆیەش دەڵێم ئێمە زۆرباش ئامادەین، لە پەیوەندی لەگەڵ پارەکەش توانیومانە 48%ی ئەو پارەیەی پێویستمانە کۆی بکەینەوە کە دەتوانم بڵێم لە هەموو جیهانەوە کۆمان کردووەتەوە. ئەمەش بۆ هەموو ئەو پلانە مرۆییە جۆراجۆرانەی کە لە هەموو جیهاندا هەمانە و بۆ ئەم مەبەستەش داوای بەخشندەییەکی وڵاتانی جیهانمان کرد بۆ ئەوەی لە چالاکییە مرۆییەکانماندا یارمەتیمان بدەن. ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی خراپ نییە، بەڵام روون و ئاشکراشە کە ئەمە کەمترە لە نیوەی ئەو یارمەتییەش کە بەپێی مەزندەکانی خۆمان ئێستا پێویستمانە. ئێستاش کە جەنگی گرتنەوەی مووسڵ بەڕێوەیە، دەبێ بە هەڵسەنگاندنەکانماندا بچینەوە، چونکە پێویستییەکان زیاترن. هەموو ئەمانە بەو مانایەیە کە یارمەتییە مرۆییەکان کەمترن لە ڕێژەی پێویستییەکانمان. بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبێتەوە و باسی ئەم پرسە دەکات. ئێمە زۆر بە باشی ئامادەین و بیریش لەو سەرچاوانە دەکەینەوە کە بۆ یارمەتیدانی پرۆگرامەکەی ئێمە پێویستن. پرۆگرامەکە، هەماهەنگی و ڕێکخستنی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەڕووی چالاکییە پەیوەندیدارەکانیانەوە، پلانی پاراستن و دڵنیابوونەوە لەوەی ڕێگەی سەلامەت بۆ گواستنەوەی ئاسانیی هەبێت، بۆ ئەوەی کەسانەی کە بە ویستی خۆیان دەیانەوێت سواری فرۆکە بن و رابکەن، هەروەها بتوانین ئەو کەسانەش بپارێزین کە دەیانەوێت بمێننەوە، جیا لەمە بتوانن پێویستییە دەمودەستەکانی خەڵک دابین بکەین. پلانەکەمان چەند قۆناغێکی هەیە، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانمان لەگەڵ ئەو ڕووداو و قۆناغانەدا بگونجێت کە لە ڕووداوەکانی ئەرزی واقیع دەیخوازن. بۆ ئەم مەبەستەش نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی سەرکردایەتییەکی زۆر بەهێزە لە عێراق، بە تایبەتیش هەماهەنگیکاری مرۆییمان ئەزموونێکی باشی لەم بوارەدا هەیە و زۆر چالاکانە و بەشێوەی پێشوەخت زانیاری پەیوەندیداری پێداوین. زۆر بە دەگمەن هەبووە کە ئێمە بەم ئاستەی ئێستامان توانای پێشبینیکردنی ڕووداوەکانمان هەبێت.

**ڕووداو: لە کۆنفرانسەکەی مانگی پێشووی واشنتن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەڵێنیان دا زیاتر لە دوو ملیار دۆلار ببەخشنە عێراق. هەتا ئێستا دیار نییە ئەم پارەیە چۆن دابەشدەکرێت. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارە لە چۆنێتی دابەشکردنی ئەم پارەیە. ئەو بڕە پارەیە چۆن لە عێراق دابەش دەکرێت؟ بە نیازن چەند لەم پارەیە لە ئۆپەراسیۆنەکەی مووسڵدا خەرج بکەن؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** ئەو هاوکارییە داراییە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ هاوکاری خەڵکی عێراق کۆکراوەتەوە، بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئەوان پڕبکاتەوە، بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی شەڕ و پێکدادانیان تێدایە و ئەوان دەبێت رابکەن یان خانووەکانیان پێویستی بە چاککردنەوە هەیە، یان پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان لەبەردەست نییە. هەروەها ئەوانەش کە پێویستیان بە چارسەری پزیشکی لەناکاو هەیە. بۆیەش پێشبینی دەکەم بەشێکی زۆر لەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری و هەروەها گەرەنتیکردنی ئەو شوێنانەی کە دەبێت بە شوێنی نوێی حەوانەوەی ئاوارەکان، کاتێک کە هەنگاوەکان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەستی پێکرد. ئەمەش واتە نیو ملیار لەو زیاتر لە دوو ملیارە تەرخاندەکرێت بۆ یارمەتییە مرۆییەکان، واتە پڕکردنەوەی پێداویستییە دەمودەستەکان. ئەوەی دیکەشی دادەنرێت بۆ گۆڕانکارییەکانی قۆناغە بەراییەکانی گرتنەوەی ناوچەکە و گەڕاندەوەی سەقامگیری بۆی، کە شتێکی چاوەڕوانکراویشە،

## لە شەڕی مووسڵدا 200 هەزار کەس لە نێو شارەکە گیردەخۆن

ئەمەش نەک هەر بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت و بەس، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانن لە درێژخایەنیشدا بەرگە بگرن، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی هەندێک پێداویستی ژیانە، بێگومان کاتی دەوێت هەتا ئەم پارەیە لە بەڵێنێکەوە ببێت بە پارەیەکی نەقد و لەوێشەوە بێتە نێو پرۆگرامەکەوە. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم لە دۆخی ئاساییدا دوو مانگی دەوێت هەتا پارەکەی بەردەستمان راستەوخۆ بنێرینە ئەو شوێنەی خەڵک پێویستیان پێیەتی. بێگومان دەتوانین لە کاتی پێویستیدا ئەم ماوەیە زۆر بە خێرایی کورت بکەینەوە، ئەمەش بۆ ڕەوشی سەر ئەرزی واقیع دەگەڕێتەوە، بەڵام بێشک ئەمەش خەرجییەکان بەرز دەکاتەوە، چونکە خەرجی ئەو یەکانەی کە دەبێت یارمەتییەکان بە خەڵک بگەیەنن بەرز دەبێتەوە و لەم حاڵەتەدا دەبێت توانای جێبەجێکاریت خێراتر ببێتەوە.

**ڕووداو: جگە لەو نیو ملیار دۆلارەی بۆ یارمەتی ئاوارە دەڕوات، بەشی دیکەی ئەو دوو ملیار دۆلارەی بە عێراق دەبەخشرێت دەبێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و یارمەتی ئەو خەڵکە خەرج بکرێت کە دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئایا ئەم پارەیە دەدرێتە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی ئەو پڕۆژانە جێبەجێ دەکات؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** ئێستا خەریکی باسکردنی ئەم پرسەین. ئەو وڵاتانەی بەخشندەییان نواندووە بۆ ئەوەی پارەکە کۆبکرێتەوە، ئەرکی چۆنێتی دابەشکردنی پارەکەیان بە نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، چونکە ئەمە بە باشترین ڕێگە دەزانن بۆ ئەوەی گەرەنتی بێلایەنبوون بکەن. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی ئێمە مامەڵە لەگەڵ وڵاتێک یان بەشێک لە وڵاتێکدا دەکەین کە لە قۆناغی پاش شەڕدایە، لەم حاڵەتەدا دەبێت زۆر وریا بیت، چونکە هەتا ئێستاش خەڵکانێکی

## لە شەڕی مووسڵدا 70 هەزار خێزان ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبن

زۆر هەن کە زۆر بە ڕوونی ئەو شەڕ و ئازارانەیان بیر ماوە کە پێیدا ڕۆیشتوون. خەڵکێکی زۆریش هەن کە ئەگەرچی ئێمە لە هیچ لایەنێک ناکەوین، لە ململانێی کۆندا ماونەتەوە، ئەمە پێویستی بە پرۆسەیەکی چارەسەرییە کە کاتی دەوێت. جیا لەمە ئەو پارەیەی بۆ یارمەتییە مرۆییەکان، چارەسەرییەکانی قۆناغی سەرەتا و گەڕاندنەوەی سەقامگیری و یارمەتیدانی خەڵک وەستان لەسەر پێی خۆیان، یان بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هەبوونی ماڵ و حاڵ و بوونی پێڵاو بۆ منداڵەکانیان یان پێداویستییە تەندروستییەکان تەرخانکراوە. ئێمە نامانەوێت ئەم پارەیە بەجۆرێک تەرخان بکرێت کە وەها دەربکەوێت لایەنێک پشکی زیاتر و لایەنێکی دی پشکێکی کەمتری بەرکەوتووە، یان یارمەتییەکی زیاتری لایەنێکمان داوە، چونکە پێوەر بۆ ئێمە ئەوەیە لەگەڵ پێویستییەکاندا بێینەوە، هەڵسەنگاندنی ئێمە دەبێ بۆ ئەوە بێت کێ پێویستی بە یارمەتییە و چۆن و لەکوێوە و کەی بەدەستیان بگەیێنین. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو خەڵکەن کە پێویستیان بە یارمەتییە، بۆیەش وەکوو وڵاتێکی یەکگرتوو سەیری عێراق دەکەین کە وڵاتێکی ئەندامە و تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەوەیە کە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەندامە. لای ئێمە ئەمە خاڵی سەرەتای پاراستنی بێلایەنیمان و تەرکیزکردن لەسەر ئەو شتەیە کە پێویستە بیکەین دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکانە. نەک ئەوەی لەگەڵ لایەنێک بکەوین یان تووشی مشتومڕی لایەنەکان ببین.

**ڕووداو: بەرپرسانی کورد دەڵێن ئێمە لەو هەرێمە بچووکەی خۆماندا میوانداری سەدان هەزار ئاوارە دەکەین، بەڵام نوێنەرانی کورد زۆر بە دەگمەن بانگهێشت دەکرێن بۆ کۆبوونەوە ئاست بەرزەکانی کە یوئێن لەبارەی دۆخی مرۆیی و سیاسی عێراق سازیان دەکات، تەنانەت لە لوتکەی مرۆیی ئیستەمبوڵیش کورد بانگهێشت نەکرا، وەڵامتان بۆ ئەم ڕەخنانە چییە؟**

**ستیڤن ئۆبرایەن:** زۆرباش دەزانم لە هەر شوێنێک خەڵک شوێنی حەوانەوە و پەنای بۆ ئاوارەکان یان خەڵکانی خاوەن پێویستی دابینکردبێت، بێ ئەوەی گرنگی بەوە بدەن ئەوان کێن یان سەر بە چ ئایینێکن، ئەوە خەڵکە میواندارەکە دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت و پێزانینمان هەبێت بۆیان. چونکە خۆنەویستانە ئاوارەکان دەپارێزن، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی بە بەخشندەییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکەن، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە لێ قەوماوە لە کاتە سەختەدا پارێزراو بن، واتە ڕێک بەپێی ئەو چاوەڕانییەی خۆت لەو ڕەوشەدا هەتە، ئاوهاش مامەڵە لەگەڵ ئەواندا بکەیت. بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا نییە. جیاوازییەکە لەوەدایە کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەوڵەتانی ئەندام پێکدێت، ئاوها دروست بووە، بەهاکانی کە ڕێک دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم لە نێو جاڕنامەیەکدا داڕێژراون و ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵە لە تاقیکردنەوەکانی کات و قۆناغەکان دەرچووە.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای دەوڵەتە ئەندامەکان دامەزراوە، بێگومان ئەمەش ڕووبەڕووی تەحەدا بووەتەوە، بە نموونە کاتێک خەڵک دەیانەوێت سەر لەنوێ بیر لە سنوورەکان بکەنەوە، بەڵام ئەمە شتێک نییە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت ڕۆڵی ئاراستەکەری تێدا ببینێت یان هیچ جۆرە لایەنگرییەک لەخۆی پیشان بدات، بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئێمە هێزی جێبەجێکاری کاروباری مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکانین. ئێمە کۆمەڵێک بنەمای زۆر ڕوونمان هەیە کە کاریان پێدەکەین، واتە یاسای نێودەوڵەتی کاروباری مرۆیی کە هەم یاسا نەریتییەکە دەگرێتەوە کە لە 1860ەوە پارێزراوە، هەروەها بەهاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو بڕیارنامانەی لە سەرەتاکانی نەوەدەکان بوون بە سەرچاوە بۆ چالاکییە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەمووشمان بەشدارین تێیدا و هەموو بەشەکانی جیهانیش هەست دەکەن ئەمە ڕێک ئەو شتە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەڕێ دەکرا، چ لەڕووی هەماهەنگیکردنەوە و چ لەڕووی ڕێکخستن و گەیاندنی سەرچاوەکانەوە. وەکوو خۆشت دەیزانیت ئەو ئاژانسە گەورانەی ئەمە دەکەن و هاوکاری لە هاوپەیمانە مرۆییەکان دەکەن، هەموویان بە ناو و لەسەر داوای دەوڵەتانی ئەندام ئەم کارانە دەکەن کە ژمارەیان 193 وڵاتە و کۆدەبنەوە و بڕیارەکان پەسند دەکەن. هەروەها هەر ئەوانیشن پارەکە دەبەخشن و دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵام وەک ئەوەی هەیە ڕێکخراوە مرۆییەکە دەبێت هەموو ساڵێک یارمەتییە داراییەکە کۆبکاتەوە. بەشێک لە کارەکەی منیش ڕێکخستنی ئەو سەرچاوە داراییانەیە، کە بە بودجەی تایبەت ناودەبرێت. لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆدا دەڵێم ئەمە دەستبژێرکردن یان لایەنگری نییە، بەڵکو ئەمە دەیسەلمێنێت کە بێلایەنین، واتە بەشداری ئێمە بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی وڵاتە ئەندامەکان دەگەڕێتەوە. بەتایبەتیش وەکوو بەشە مرۆییەکە ئێمە بەرپرسیارین لەوەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی کار بکەین و دڵنیا بین لەوەی هەموو کات بە بێلایەنی و سەربەخۆ بمێنیەوە و بە ناو مرۆڤایەتییەوە کار بکەین. تاکە تاقیکردنەوەی ئێمەش ئەوەیە بتوانین بگەینە ئەو خەڵکەی پێویستییان هەیە، واتە ئەوانەی پێویستیان بە خۆراک، ئاو، شوێنی حەوانەوە و چارەسەری بەپەلەی پزیشکی هەیە، جا چ لە ڕەوشەکەدا بن و چ لە شوێنەکە گوازرابێنەوە، دەمانەوێ دڵنیا بین لەوەی ئەوەی لە دەستمان دێت بیکەین بۆ ئەوەی خەڵکە بپارێزین کە لێیان قەوماوە و پێویستیان بە یارمەتییە.

کوردستانی
رووداو
ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22



## "ئاهەنگەکەیان لێ خوێناوی کردم".

**رووداو- دیلۆک**

ئەو بووکەی کە ئاهەنگی گواستنەوەکەی کرایە ئامانج لە شاری دیلۆک لە باکووری کوردستان، دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە بەهۆش خۆی هاتەوە نیگەرانی خۆی دەربڕی و بە دەنگێکی کزەوە گوتی "ئاهەنگەکەمانیان کرد بە گۆمی خوێن". رۆژی 2016/8/20 لە شاری دیلۆک، لە ئاهەنگی هاوژینی نورەدین و بەسنا ئاکدۆغاندا تەقینەوەیەک روویدا و زیاد لە 50کەس کوژران و 100ی دیکەش بریندار بوون. بووک و زاوا بە سووکی بریندار بوون. نورەدین ئاکدۆغان، دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە بە تەنیا چووە ئەو ماڵەی کە بڕیاربوو لەگەڵ هاوژینەکەیدا تێیدا بژی.

# سووریا بە شەڕی حەسەکە رزگارکردنی ئەلباب رادەگرێ

**رووداو- هەولێر**

زۆر لە چاودێرانی سیاسی وا پێشبینی دەکەن کە دوای بڕیاری پێنتاگۆن بۆ رەوانەکردنی فڕۆکەی سەربازی بەمەبەستی پاراستنی هێزە کوردییەکان لە بۆردومانی فڕۆکە سوورییەکان لە حەسەکە، مەسەلەی رزگارکردنی ناوچەی ئەلباب و یەکخستنی هەر سێ کانتۆنەکەی رۆژئاوا تەنیا مەسەلەی کاتە.

رۆژی 16ی ئەم مانگە، جارێکی دیکە شەڕ و پێکدادان لە شاری حەسەکە لە رۆژئاوای کوردستان لەنێوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی سەر بە دەوڵەتی سووریا دەستی پێکردەوە. پێشتریش لە رۆژی 18ی ئایاری رابردوو لە حەسەکە شەڕ لە نێوانیاندا روویدا و بەو هۆیەشەوە پێنج سەربازی سووری کوژران، سەرباری دوو کەسی سڤیل کە کورد بوون. هەروەها رۆژانی 17 و 19ی نیسانی 2016ەش چەند گەڕەکێکی قامیشلۆ بوونە گۆڕەپانی شەڕی ئەو دوو لایەنە.

لەرووی تەکتیکی سەربازییەوە، ئەم گەڕەی شەڕ جیاوازە لە گەڕەکانی پێشوو، چونکە بۆ یەکەمجار رژێمی سووریا فڕۆکەی جەنگی لەدژی هێزە کوردییەکان بەکارهێنا. پێشتر فەرماندارێتیی یەپەگە لە شەشی حوزەیرانی رابردوو رایگەیاندبوو کە رژێمی سووریا دەخوازێ لە جەزیرە ئاژاوە دروست بکات، بۆ ئەمەش بە هاوکاریی ئێران میلیشیایەکی بەناوی حەجاج دروستکردووە.

رۆژی 19ی حوزەیرانی رابردوو، رۆژنامەی حەیات بەپشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی بڵاوی کردەوە کە سووریا، تورکیا و ئێران دەیانەوێت رێککەوتننامەی جەزائیر لە دژی رۆژئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە جەزائیر چەند کۆبوونەوەیەکیان کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانە، ئەوەی دیارە شەڕی ئەمجارەی حەسەکە، تەنیا هەماهەنگیی ئێران و سووریا نییە، پەیوەندی بە هەوڵی دامەزراندنی ئەو هاوپەیمانێتییەوە هەیە کە دوای هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان رووسیا – تورکیا هاتووەتە ئاراوە.

رۆژی هەینیی رابردوو سەرۆکایەتی هەرێمی فیدراڵیی رۆژئاوا/ باکووری سووریا رایگەیاند، رژێمی تورکیا لە پشت هێرشەکانی رژێمی سووریاوەیە بۆ سەر حەسەکە.

رزگار قاسم، سەرۆکی بزووتنەوەی نوێخوازیی کوردستانی سووریا لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "ئەوەی رژێمی بەعسی تیرۆریست چەند رۆژێکە لە حەسەکە لەگەڵ بەکرێگیراوانی دەیکات، دەچێتە خانەی لێکتێگەیشتنە هەرێمییە نوێ – کۆنەکان، کە رژێمە داگیرکەرەکانی تورکیا، ئێران و سووریا لە دژی کورد خەریکن جێبەجێی دەکەن".

شەڕ و پێکدادانی حەسەکە لە کاتێکدا روودەدات کە لە هەشتی ئەم مانگەدا هێزەکانی سووریای دیموکرات، شارۆچکەی منبجیان لە داعش پاککردەوە. هەروەها 14ی ئەم مانگە ئەنجوومەنی رزگارکردنی ئەلباب کە دوا پێگەی داعشە لەناوچەی شەهبا، لەلایەن حەوت هێزی سەربازییەوە راگەیەندرا.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، رۆژی پێنجی ئەم مانگە کۆبوونەوەیەک لە نێوان فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات و فەرماندەکانی هێزی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی کراوە. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە لە ماوەی سێ مانگدا هەموو ناوچەی شەهبا کە منبج، جەرابلوس، ئەلباب و ئەلعەزاز دەگرێتەوە، لە چەکدارانی داعش پاک بکرێتەوە، بۆیە پێدەچێت شەڕ و پێکدادانی حەسەکە پەیوەندی بەو هەوڵانەوە هەبێت.

حوسێن عومەر، شرۆڤەکاری سیاسی کە خەڵکی دێرکی رۆژئاوای کوردستانە و لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، شەڕی حەسەکە بۆ رژێمی سووریا بە "شەڕێکی دۆڕاو" دەزانێ و لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) دەڵێت: "پێموایە ئامانج لە هێرشی رژێمی سووریا بۆ سەر یەپەگە لە حەسەکە، بڵاوەپێکردنی هێزەکانی سووریای دیموکراتە، بۆ ئەوەی بەرەو ئەلباب پێشڕەوی نەکەن کە هێزەکانی رژێم زۆر لەو شارۆچکەیە دوور نین. ئامانجێکی دیکەی ئەو هێرشە ناردنی پەیامە بۆ تورکیا کە رژێمی سووریا رێگا بە ستاتۆیەکی تایبەت بە کورد نادات. هەروەها رژێم دەیەوێ توانای شەڕی یەپەگە تاقی بکاتەوە".



"سووریا بە هێرشکردنە سەر حەسەکە دڵنیایی دەداتە تورکیا کە رێگا بە ستاتۆیەکی تایبەت بە کورد نادات"

دوای تێپەڕبوونی 48 کاژێر بەسەر بۆردومانی حەسەکە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سووریاوە لە شەوی 19ی ئەم مانگە ئەمریکا بێدەنگیی شکاند. پێنتاگۆن رایگەیاند کە فڕۆکەی جەنگی رەوانەی سووریا کردووە بۆ هاوکاریکردنی ئەو هێزە کوردییانەی لەلایەن فڕۆکەکانی حکومەتی سووریاوە کراونەتە ئامانج.

جیف دەیڤس، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا گوتی "هەموو ئەو رێوشوێنانە بۆ پاراستنی هێزەکانی هاوپەیمانانە و بە روونی ئەوەمان راگەیاندووە کە فڕۆکەی ئەمەریکا بەرگری لەو هێزانە دەکات ئەگەر رووبەڕووی مەترسی ببنەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، لەگەڵ راگەیاندنەکەی پێنتاگۆن، بوسەینە شەعبان، راوێژکاری سیاسی و میدیایی بەشار ئەسەد، سەرکۆماری سووریا لە قامیشلۆ بووە و هەوڵی داوە بەرپرسانی کورد لە رۆژئاوا ببینێ بۆ راگەیاندنی ئاگربەست. سەرچاوەیەک لەنێو حکومەتی کانتۆنی جەزیرە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "بەرپرسانی کورد بینینی بوسەینە شەعبانیان رەتکردووەتەوە، بەڵام یەپەگە 11 داواکاری رادەستی ئەو راوێژکارە کردووە، بۆ ئەوەی لە حەسەکە شەڕ رابگرن. گرنگترینیشیان هەڵوەشاندنەوەی هێزی بەرگریی نیشتمانییە".

ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "یەپەگە سوورە لەسەر ئەوەی خۆی لە شەڕفرۆشی و تەشقەڵەی رژێمی سووریا لابدات. دەرفەتێکە دەبێت بقۆزرێتەوە".

زیوەر عومەر، چاودێری سیاسی لە رۆژئاوای کوردستان، پێیوایە ترسێک لە ئاستی ناوچەکە بەتایبەتی لەلایەن ئێران و تورکیاوە لە ئارادایە کە رۆژئاوای کوردستان وەکو هەرێمی کوردستان ببێتە بنکەیەکی نوێی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

زیوەر بە (رووداو)ی گوت "بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بۆ یەکەمجار لە دژی شەڕڤانانی کورد لەو ناوچانەی دانیشتووانەکەی کوردن، ئاماژەیەکە لەلایەن رژێمی سووریاوە بۆ تورکیا کە ئامادەیە هاوکاریی تورکیا بکات بۆ قەتیسکردنی هیوای کورد لە رۆژئاوا، وەکو سەرەتایەک بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆژەی قەوارەیەکی کوردی لە سووریا". هەروەها دەڵێت "بەگشتی هەڵوێستی کورد بە پلان و بیرکردنەوەی ئەمریکاوە بۆ دوارۆژی سووریا بەستراوەتەوە، ئاماژەکان نیشانمان دەدەن کە پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیا وەکو رابردوو نییە، ناکرێت دروست بکرێتەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە خراپ بۆ خراپتر دەچێت، هەروەها ئەمریکا متمانە بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ناکات، بۆیە هیچ رێگایەکی دیکە لەبەردەم ئەمریکادا نییە جگە لە پشتگیریکردنی کورد، داخستنی ئاسمانی حەسەکەش لە بەردەم فڕۆکەکانی رژێمی سووریا ئاماژەیە بۆ ئەو راستییە".

# چی لەپشت چڕبوونەوەی هێرشەکانی پەکەکەوەیە لە باکوور؟

**رووداو- هەولێر**

هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سەر پێگەکانی سوپا، پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا لە زیادبووندایە. هەندێ لە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ئەو هێرشانە درێژەکێشانی گۆشەگیریی سەر ئۆجەلانە. هەندێکیش دەڵێن پەکەکە دەیەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە کە دوای کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا هاتووەتە ئاراوە.

رۆژانی 14-18ی ئەم مانگە، هێرشەکانی پەکەکە بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، دانانەوەی مین لەسەر رێگای ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. تەنیا لە ماوەی 24 سەعاتدا پەکەکە سێ هێرشی لە وان، ئەلعەزیز و بتلیس ئەنجامدا. بەگوێرەی ئاماری فەرمی دەوڵەتی تورکیا، بەهۆی ئەو سێ هێرشەوە 12 کەس کوژراون و 287 کەسیش برینداربوون.

هاوکات لە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی پەکەکەوە لەسەر ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنیەکان، سێ ڤیدیۆی جیاوازی هێرشەکانی پەکەکە لەناوچەکانی جۆلەمێرگ و قلابان بڵاوکرایەوە کە گەریلاکانی پەکەکە بە مووشەکی لێزەری هێرش دەکەنە سەر سەربازگەکان و ئەو تانک و زرێپۆشانەی لەسەر رێگاکان چاودێریی جوڵەی گەریلا دەکەن.

ئەو هەڵمەتەی پەکەکە لەدوای لێدوانەکەی جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆنسەی بەرێوەرایەتی کەجەکە لە 8ی ئەم مانگە دێت. بایک لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فورات دەڵێت "بەهۆی بەردەوامیی وێرانکردنی شارەکان لەلایەن دەوڵەتی تورک، شێوازی شەڕی خۆمان دەگۆڕین و چیدی شەڕ لە شاخەکاندا سنووردار نابێت". بایک لەدرێژەی قسەکانیدا ئەمە بە قۆناغێکی نوێ وەسف دەکات و دەڵێت "لەمەودوا پۆلیس لە شارەکان بە ئاسوودەیی ژیان بەسەر نابەن".

بۆچی پەکەکە لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەمموز دەست بەو هەڵمەتە دەکات؟ ئایا ئەو هەڵمەتە پەیوەندی بەو لێدوانەی جەمیل بایکەوە هەیە؟ ئەگەر کودەتا نەبووایە پەکەکە دەستی بۆ هەمان هەڵمەت دەبرد؟

بە گوێرەی لۆژیکی سەربازی، ئەو هەڵمەتەی پەکەکە هەڵمەتێکی ئاساییە، جگە لەو ساڵانەی پەکەکە ئاگربەستی تێدا راگەیاندوون، هەموو ساڵێک لەم کاتەدا پەکەکە هێرشەکانی چڕ دەکاتەوە. کادیرێکی سەربازیی پێشووی پەکەکە بەو مەرجەی ناوی بڵاونەکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "15ی ئاب بۆ پەکەکە ساڵیادی دەستپێکردنی شەڕی چەکدارییە کە پەکەکە بە (سەرلەنوێ ژیانەوە) ناوی دەبات. هەموو ساڵێک لەم ساتانەدا هێرشی چۆنایەتی ئەنجام دەدەن. لەلایەکی دیکەوە لەدوای 15 ئاب شەو درێژ دەبێت، کەشوهەوا لەبار دەبێت بۆ ئەنجامدانی هێرشی چەکداری، چونکە زۆربەی هێرشەکانی گەریلا بەشەو دەکرێن".

بەڵام نیهاد عەلی ئۆزجان، شرۆڤەکاری ئەمنیی تورکیا لە گۆشەیەکی دیکەوە تەماشای چڕبوونەوەی هێرشەکانی پەکەکە دەکات و بەو رووداوانەوە دەیبەستێتەوە کە لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا لە 15ی تەممووزی رابردوو هاتوونەتە ئاراوە. ئۆزجان بە (رووداو)ی گوت "هێرشەکان زیاتر دەبن، چونکە پەکەکە رووداوەکانی دوای 15ی تەمموز وەکو دەرفەتێک دەبینێ. سوپا سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە، جەندرمە دەگۆڕدرێت، پۆلیس و هەواڵگری بە کێشەی فەتحوڵڵاوە خەریکن. پەکەکە دەخوازێ هەموو ئەوانە بکاتە دەرفەت بۆ خۆی. دەخوازێ بەو هێرشانە کاریگەری لەسەر حکومەت دروست بکات و لانیکەم چاوەڕێ دەکات بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ".



پەکەکە دەیەوێت بە چڕکردنەوەی هێرشەکانی، گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەڵبگرێت

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی تورکیا کە بووەتە ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کەللەڕەقیی ئەو دەوڵەتەیە. نووسەر و رۆژنامەنووسی تورک ئاکین ئۆڵگون کە دانیشتووی شاری لەندەنە لە بەریتانیا، دەڵێت "پەکەکە لەبارەی نکۆڵیکردن لەخۆی و کورد، دژی سیاسەتی کەللەڕەقی تورکیا دەوەستێتەوە. نازانین دەوڵەت و پەکەکە چەند دەتوانن بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرن، بەڵام ئەگەر دەوڵەت گۆشەگیری سەر ئۆجەلان هەڵبگرێت، پێموانییە پەکەکە بڵێ نەخێر بۆ دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ".

لەدژی لێدوان و هێرشەکانی پەکەکە دەنگی ناڕەزایی لە باکووری کوردستان بەرز دەبێتەوە. لەدوای قسەکانی جەمیل بایک، سەلاحەدین دەمیرباش هاوسەرۆکی هەدەپە رەخنەی لە لێدوانەکەی بایک گرت و گوتی "مایەی قەبوڵکردن نییە". هەپەدە هەروەها پرۆتستۆی هێرشەکانی پەکەکەی کرد و داوای کرد کۆتایی بەو هێرشانە بهێنێ.

رەخنەکان لە پەکەکە تەنیا پەیوەست نین بە پارت و دامەزراوەکانی باکووری کوردستانەوە. بەڵکو هەندێک لەو نووسەرە تورکانەی چەندین ساڵە لەبارەی مەسەلەی کورد رەخنە لە دەوڵەت و حکوومەتی ئاکپارتیش دەگرن، نیگەرانن لە چڕکردنەوەی هێرشەکان.

ژنە نووسەری تورک نورای مەرد کە چەندینجار لەلایەن ئەردۆغانەوە وەک "کەسێکی خراپ" وەسف کراوە، ئەو هەڵمەتەی پەکەکە بە "تاقیکردنەوەیەکی خراپ" ناودەبات. نورای لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی جمهوریەت دەنووسێ "کورد بەردەوامە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی خراپ. لەجیاتی ئەوەی دوای هەوڵی کودەتا هەوڵ بدەن گوشارەکان خەست بکەنەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەرفەت بە رێککەوتن بدرێت، رێگەی شەڕ هەڵدەبژێرن".

## مامۆستایەکی زانکۆ: شەڕی پەکەکە و دەوڵەت لە داهاتوودا فراوانتر دەبێ

پرۆفیسۆر بیلال سامبور لە زانکۆی 29ی ئایار لە ئیستانبوڵ پێیوایە هێرشەکانی پەکەکە بۆ گەڕانەوەی نییە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. سامبور دەڵێت "پەکەکە سوورە لەسەر دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێی چارەسەری و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆجەلان. لەم قۆناغە نوێیەدا دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک دانوستاندن لەگەڵ ئۆجەلان ناکات، هێرشەکانی پەکەکە بۆ ئاستەنگکردنی گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. پەکەکە زۆر باش دەزانێ لەو کاتەی شەڕ و توندوتیژی هەبێ، دانوستاندن ناکرێ. پەکەکە دەخوازێ لە تورکیا کابوسێک پەیدا بکات و لە رێگای شەڕەوە درێژە بە وجودی خۆی بدات، بۆیە لە داهاتوودا شەڕەکە فراوانتر دەبێ".

# تورکیا.. دەوڵەتی تەریقەت و جەماعەتە ئایینییەکان

ڕووداو – هەولێر

گفتوگۆ و مشتومڕ سەبارەت بە قەدەغەکردنی جەماعەت و تەریقەتە ئایینییەکان لە تورکیا تا دێت پەرەدەستێنێ. چاودێرانی سیاسی قەدەغەکردنی ئەو جەماعەتانە بە ئەستەم دەزانن، یەکێ لەو چاودێرانە دەڵێت "نەک قەدەغە ناکرێن، بەڵکو دەوڵەت دەیانکاتە گرووپی یاسایی و مۆڵەتیان دەداتێ". هاوکات شارەزایەکی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان دەڵێت ئەگەر ئەو جەماعەت و تەریقەتە ئاینیانە نەبوونایە، ژمارەی ئەو گەنجانەی دەچنە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، زۆر زیاتر دەبوو.

لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15 تەممووزی ڕابردوو لە تورکیا، گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر کاری جەماعەت و تەریقەتە ئایینییەکان هاتووەتە ئاراوە. ئەو جەماعەت و تەریقەتە ئایینییانە بە گوێرەی یاسای ژمارە 677 قەدەغە کراون. ئەو یاسایە لە سەردەمی دەسەڵاتی مستەفا کەمال ئاتاتورک لەژێر ناوی داخستنی تەکیە، مەرقەد و پیاوچاکەکان لە 13ی کانوونی یەکەمی 1925 دەرکراوە، بەڵام ئەمڕۆ لە تورکیا سەدان جەماعەت و تەریقەت بە نایاسایی لەبەرچاوی دەزگاکانی دەوڵەت و حکومەت کاردەکەن بەبێ ئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵ بکرێ.

دوای دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، دامەزراندنی تەریقەت و جەماعەتی ئایینی لە تورکیا بووە دیاردەیەکی بەربڵاو. سەرەڕای باڵادەستیی سیستەمی عەلمانی، بەڵام کۆمەڵگای تورکیا پێشوازیی لەو گرووپانە کرد و بەمجۆرەش ژمارەی تەریقەت و جەماعەتەکان رووی لە هەڵکشان کرد.

ئەو گرووپانە هیچ ستاتویەکی یاساییان نییە و لە ژێر چەندین ناوی جیاوازدا خۆیان ڕێکخستووە. لە تورکیا بەگشتی دەیان گرووپی سەر بە تەریقەتەکانی نەقشبەندی، قادری و حاجی بەکتاش دامەزراون کە دیارترینیان بریتین لە: جەماعەتی ئیسماعیل ئاغا، فەتحوڵڵا گولەن، ئەسکەندەر پاشا، ئەرنەکۆی، سلێمانییەکان، ئیسلاحییەکان، قرقنجی خۆجە، یەحیالی نەقشبەندی، مەلا میلەر، حەقیقەتییەکان، حەزنەڤیەکان، مەنزڵجییەکان، ئیجمالیەکان، ئوشکاگیلەر، جەراحیلەر، قادری محەممەدیە، حیزبی تەحریر، تیلۆجولەر، ساباجییەکان، عەدنان خۆجەلەری، گرووپی مستەفا ئیسماعیل، گرووپی ئەهلی بەیت و جەعفەرییەکان.

لەڕووی تەکنیکەوە ئەو پێکهاتە ئاینییەی خاوەن سیستەمی ڕیزبەندی (شێخ- خەلیفە – وەکیل) بێ، پێیدەڵێن "تەریقەت"، بەڵام پێکهاتەیەک کە شێخی نەبێت و سەرکردەیەکی ئاینیی هەبێ، سەر بە نەریتی شێخایەتی نەبێ، پشت بە دانوستاندنی نێو خەڵکی ببەستێت و پێکهاتەیەکی مۆدێرنی هەبێ، پێیدەڵێن "جەماعەت".

## "بەبێ جەماعەتەکان دەوڵەت بەڕێوەناچێ"

شارەزایانی کاروباری گرووپە ئایینییەکان دەڵێن لە تورکیا دەوڵەت ناتوانێ بەبێ ئەو جەماعەتانە کۆمەڵگا بەڕێوەببات، چونکە جەماعەتە ئایینییەکان بوونەتە دیفاکتۆیەکی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕی کۆمەڵگەی تورک لەسەر جەماعەت و تەریقەتەکان هەڵچنراوە.

دەنیز سەرهەدی، توێژەر و پسپۆڕ لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەبێ جەماعەت و تەریقەت، دەوڵەت توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نابێت. کۆمەڵگای تورکی زۆر گوێ لە پۆلیس، بەڕێوەبەر و پەرلەمانتاران ناگرێ، بەڵام بە ئاسانی گوێڕایەڵی شێخ و ئیمامەکەی دەبێت، بۆیە جەماعەت و تەریقەت ڕۆڵی پرد لە نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەتدا دەبینن".

دەنیز پێیوایە دەوڵەت لەڕێی بەکارهێنانی ئەو جەماعەتە ئایینیانەوە کۆمەڵگا دەستەمۆ دەکات و بە ئاسانی بەڕێوەیان دەبات. بۆیە دەڵێت "داخستنی جەماعەتەکان واتا لێکدابڕانی دەوڵەت و کۆمەڵگایە. ئەمە حەقیقەتی کۆمەڵگای تورکیایە".

کۆماری عەلمانیی تورکیا لەسەر میرات و کولتووری ئیمپراتۆریەتی 600 ساڵەی عوسمانییەکان دامەزراوە. عوسمانییەکان بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتیان کولتووری (ئیسلام –سوننە)یان کردە کولتووری ئەو جوگرافیایەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندا بوو، ئەم کولتوورە بە شێوەیەک ڕیشەی داکوتا کە سڕینەوەی زۆر زەحمەتە.

سەرهەدی دەڵێت، کۆماری نوێی تورکیا دوای دامەزراندنی، ویستی میراتی عوسمانییەکان بە چەند ساڵێک لەنێو ببات و بیکاتە کولتوورێکی عەلمانی، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو "چونکە حیسابی ئەوەی نەکرد کە کۆمەڵگا تا چەند ئەو کولتوورە عەلمانییە قبووڵ دەکات. کاتێک کۆمەڵگەی تورکیا لە دژی کولتووری عەلمانی وەستایەوە، دەوڵەت ویستی بە زەبری هێز بێدەنگیان بکات، لەمەشدا سەرکەوتوو نەبوو. چونکە زەمینەی کۆمەڵایەتی تورکیا بۆ جەماعەتە ئاینییەکان لەبارە. تورک خاوەن ڕۆح و لۆژیکی جەماعەتەکانە. ئەمە لە میراتی سیاسی، ئاینیی 600 ساڵەی عوسمانییەکانەوە دێت. کۆمەڵگای تورکیا پێویستی بە جەماعەتە، چونکە پێیوایە دەوڵەت لەوان تێناگات و جیهانبینی دەوڵەت لەگەڵ جیهانبینی ئەوان جیاوازە".

دەنیز جەماعەت بە "ئەڵتەرناتیڤ"ی دەوڵەت نازانێت، بەڵام دەڵێت "هاوتەریبی دەوڵەتە، خەڵکیش ئەمە قبووڵ دەکات. ئەو هاوتەرییبیەش ئاسانکاری بۆ پەیوەندی تاکەکان لەگەڵ دەوڵەت دروست دەکات".

## هەلێکی زێڕین بۆ جەماعەتەکان

لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، ڕەوتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی لە تورکیا ڕوو لە هەڵکشان بوو، ئەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی لەسەر کۆماری تورکیای هاوپەیمانی ڕۆژئاوا دروست دەکرد. هەر لەو کاتەدا جەماعەتە ئاینییەکان لە تورکیا دەستیان بە چەکەرەکردن کرد، دەوڵەتیش چاوی لە پەیدابوونی ئەوانە و جموجوڵەکانیان پۆشی.

محەممەد یانمیش، مامۆستای زانکۆی دیجلە و پسپۆڕی کۆمەڵناسی دەڵێت، لەسەردەمی حکومەتی عەدنان مەندرێس، لەدوای ساڵانی پەنجاکان، بۆ پاراستنی دەوڵەت ڕێگا بە تەریقەت و جەماعەتە ئاینییەکان درا بێنە نێو سیاسەت.

یانمیش بە (ڕووداو)ی گوت "عەدنان مەندرێس لە پەنجاکاندا ڕێگەی بە جەماعەت و تەریقەتەکان دا و بەهێزی کردن، چونکە ترسی لە هەڵکشانی ڕەوتی کۆمۆنیستی هەبوو".

دەنیز سەرهەدی قسەکانی یانمیش پشتڕاست دەکاتەوە، بەڵام پێیوایە هۆکاری دیکەش لەپشت ڕێگەدان بە کار و چالاکیی گرووپە ئاینییەکانەوە هەبوو "دەوڵەت لەدوای ساڵانی شەستەمان زانی کە ڕێژەی عەلمانییەکان لە تورکیا 30% تێپەڕ ناکات. لەبەر ئەوەی دیندارەکان زۆر بە ئاسانی ناسنامەی عەلمانیەتی کۆماریان قەبوڵ نەکردووە. بۆیە هەوڵیدا ئەو کەسانە بە ڕێگای جەماعەت لەنێو سیستەمدا بتوێنێتەوە. واتە هەوڵی دا هەستی دینداریی ئەو کەسانە بە دەوڵەتەوە ببەستێتەوە".

سەرهەدی ئەمە بە یەکەمین ستراتیژی دەوڵەت دەزانێت و دەڵێت "نەوەیەکی چەپی سۆسیالیستخواز لە تورکیا پێگەیشت. بەتایبەتی لەنێو توێژی خوێندەوار و چینی نێوەڕاست، ئەم ڕەوتە زۆر بەخێرایی گەشەی کرد. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا ناسنامەی کورد سەریهەڵدا. دەوڵەت ڕێگای بەو جەماعەتە ئاینییانە دا تا لە ڕێگای ئەوانەوە دیوارێک لەبەردەم هەڵکشانی ئەم ڕەوتە دروست بکات. لەو ماوەیەدا جەماعەتی نورجی، سلێمانییەکان، مەنزڵجییەکان و کرکنجی خۆجە لەژێر چاودێریی دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیادا بەرفراوان دەبوون".

## مەنزڵجیپەکان خۆیان دەخزێننە نێو دەوڵەتەوە

هەرچەندە جەماعەت و تەریقەتەکان هیچ پێگەیەکی یاساییان نییە، بەڵام ئەمڕۆ بوونەتە خاوەن هێزێکی ئابووری، هۆڵدینگ و کۆمپانیای تایبەت بەخۆیان هەیە. لەهەمانکاتدا جگە لە چەند جەماعەتێکی بچووکی کوردی، زۆربەیان جەخت لە ناسنامەی تورکیایەتی و پێکهاتەی تورک – ئیسلام دەکەنەوە.

سەربەخۆیی ئابووری هانی جەماعەتەکان دەدات تاوەکو خۆیان بەرفراوانتر بکەن و خۆیان بخزێننە نێو دەوڵەتەوە. پێشتر تەنیا نێوی جەماعەتی گولەن دەهات، بەڵام ئێستا گرووپی دیکەش هەن کە دەیانەوێ پێگەی خۆیان لە نێودەوڵەتدا قایم بکەن.

ڕۆژنامەنووس ڕۆشەن چاکیر، لە تەلەفزیۆنی میدیا سکۆپ کە پەخشەکەی لەسەر ئینتەرنێتە، دەڵێت "جەماعەتی مەنزڵجییەکان، پێگەی خۆیان لەنێو وەزارەتی تەندروستیی تورکیا قایم کردووە، زیاتر لە 8000 کارمەندیان لەنێو ئەو وەزارەتەدا هەیە".

□

## توێژەرێک:
## تەریقەت و جەماعەتە ئاینییەکان بەشێکن لە واقیعی کۆمەڵگای تورکیا و دەوڵەت ناتوانێ قەدەغەیان بکات

## جەماعەتەکان بە یاسایی دەکرێن

لەدوای کودەتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووزی ڕابردوو، کە حکومەتی تورکیا جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن بە ئەنجامدانی تۆمەتبار دەکات، داوا دەکرێت حکومەت هەموو کار و کردەوەکانی جەماعەتە ئاینییەکان قەدەغە بکات. نووسەری کورد حەسەن ئۆزگونەش بەدووری دەزانێت دەوڵەت ئەو گرووپانە قەدەغە بکات.

ئۆزگونەش لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەت دەردێکی نییە بۆ ئەوەی ئەو تەریقەت و جەماعەتانە قەدەغە بکات. بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدات یاسای قەدەغەکردنیان لەسەر هەڵبگرێت. چونکە جگە لە نورجییەکان کە جەماعەتێکی کوردیی بچووکن، ئەوانەی دیکە هەموویان لە خزمەت تورکایەتی و دەسەڵاتدا کاردەکەن. ئەوانە وەکو کۆگای دەنگن بۆ حکومەت. ئەوەی گولەن کردی دەگمەنە و ناکەوێتە نێو خانەی ئەو جەماعەتانەی مەترسین بۆ سەر دەوڵەت و دەسەڵات. هەڵگەڕانەوەی گولەن ململانێ بوو لەگەڵ ئاکپارتی لەسەر دەسەڵات".

بەڵام محەممەد یانمیش پێیوایە "خەیاڵی گەورەی دەوڵەت و کەمالیستەکان سەرلەنوێ قەدەغەکردنی جەماعەت و تەریقەتەکانە. هەندێک سەلەفی و موسوڵمانی مۆدێرن پشتگیری لەو قەدەغەکردنە دەکەن، چونکە بەگوێرەی ئەوان ئەو پێکهاتانە لادەرن".

دەنیز سەرهەدی بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و پێیوایە قەدەغەکردنی ئەو جەماعەتانە زۆر ئەستەمە "هیچ کاتێک جەماعەتە ئایینییەکان لە تورکیا قەدەغە ناکرێن. بێگومان ئەوان شێوازێکی ڕێکخستنی بەرچاویان نییە تاوەکو بچن دەستگیریان بکەن. شەفاف نین. شتێکی دیارنین. ئەگەر بشخوازن داناخرێن، بەڵام دەکرێت دەرفەتی جوڵانەوەیان بەرتەسک بکرێتەوە. کۆماری تورکیا هیچ کاتێک ئەو جەماعەتانە داناخات، چونکە داخستنیان دەبێتە هۆی هەڵکشانی چەپ. بە گوێرەی لێکدانەوەی دەوڵەت ئەگەر ئەو جەماعەتانە دابخرێن، خەیاڵی کورد بەرفراوانتر دەبێت".

هەرچەندە هەندێک لە چاودێران پێیانوایە لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە دەوڵەت هاوکاریی ئەو جەماعەتانە دەکات و بەخۆیانەوەی دەبەستێتەوە، بەڵام دەنیز سەرهەدی ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی ماددیان ناکات. چونکە ئەوانە هیچ ناسنامەیەکی یاساییان نییە. تەریقەتەکان زۆرتر پشت بەو کۆمەکە دەبەستن کە لە ڕێگەی موریدەکانیانەوە کۆدەکرێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری جەماعەتە دینییەکان لەو چەند ساڵەی دواییدا، کارگە، ناوەندی کار، کارسازی تایبەت بە خۆیان دروستکردووە".

## جەماعەتەکان و دۆزی کورد

پەیوەست بە کێشەی کورد لە تورکیا، بۆچوونی جەماعەتە ئاینییەکان، بۆچوونی فەرمی دەوڵەتە، ئەگەر بەهەمان شێوەش نەبێ، جیاوازییەک لە بۆچوونەکانیاندا بەدی ناکرێت.

محەممەد یانمیش لەو بارەیەوە دەڵێت "جگە لەو جەماعەتەی خۆیان بە کوردی نورسی دەزانن، هەموو جەماعەتەکانی دیکە وەکو دەوڵەت نکۆڵی لە کێشەی کورد دەکەن. لەژێر ناوی ئاین و ئیمان، کورد بە نەبوو لە قەڵەم دەدەن، هەموو کەس بە تورک دەزانن".

## لە نێو کورد کامیان بەهێزترن؟

لە باکووری کوردستان، هەرسێ جەماعەتی گولەن، مەنزڵجییەکان و سلێمانییەکان بەتایبەتی لە بواری پەروەردە زۆر چالاکن، بەڵام گۆڕەپانی کارکردنیان جیاوازە. هەروەها ئەو کەسانەی سەرکردایەتی ئەو جەماعەتانە دەکەن، پشت بە توێژ و چینی کۆمەڵایەتی جیاواز دەبەستن.

دەنیز سەرهەدی پێیوایە جەماعەتی گولەن لەدوو جەماعەتەکەی دیکە کاراترە. لەو بارەیەوە دەڵێت "سیستەمی پەروەردەی گولەنییەکان بۆ نوخبەی کوردییە. لە قۆناغی ئامادەیی بۆ سەرەوە بەهەر شێوەیەک بێ قوتابی کورد ڕێگای بە دەزگای گولەنییەکان کەوتووە. دوای ئەوەی لەناو قوتابیانی کورد پێگەی خۆی قایم کرد، لەم چەند ساڵەی دوایی جەماعەت دەیویست لەناو کارسازانی کوردیش پێگەیەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات".

بە گوتەی سەرهەدی، لە ڕووی ژمارەوە لە کوردستان ژمارەی لایەنگر و ئەندامانی جەماعەتی مەنزڵجی زیاترە لە جەماعەتی گولەن. لەوبارەیەوە دەڵێت "مەنزڵجییەکان تەریقەتێکی نامۆن. هەموو شێخەکانی ئەو تەریقەتە کوردن و نەقشبەندین. لەکاتی خۆیدا هەموو شێخەکانی ئەو تەریقەتە داکۆکییان لە کوردبوونی خۆیان کردووە. ژمارەی ئەندامانی ئەو تەریقەتە نزیکەی چوار ملیۆنە. 80%یان کوردن، 15%یان نەتەوەپەرستی تورکن. بەڵام زۆربەی سەرکردەکانی ئەو تەریقەتە نەتەوەپەرستی تورکن. ئەو تەریقەتە بەتایبەتی لەنێو ئەو کوردانەی ئاستی خوێندەوارییان نزمە، لە گوندە کوردییەکان زۆر بەهێزن. گرنگی بە پەروەردەی منداڵانی کورد لە دێهاتەکان دەدەن".

سەبارەت بە پێگەی سلێمانییەکانیش لە نێو کورددا، دەنیز سەرهەدی دەڵێت "ئەوان گرنگی بە منداڵی ڕۆشنبیرانی کورد دەدەن. ئەو جەماعەتە لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی منداڵی ڕۆشنبیرانی کورد دەبەنە لای خۆیان، بە شێوازی جیاواز فێری قورئان خوێندنەوەیان دەکەن. لە جوگرافیا و ناسنامەی نەتەوەیی دووریان دەخەنەوە. سلێمانییەکان زۆر ڕێکخراون، ئەو سێ جەماعەتە لەناو تورکیا و لە کوردستانیش زۆر ڕێکخراون. هەرسێکیشیان دەربارەی کورد سیاسەتی زۆر تایبەتیان هەیە. ئەو سێ جەماعەتە لە ئەورووپاش کار لەسەر تاک وماڵباتی کوردی دەکەن".

## شەڕی پەکەکە و جەماعەتەکان

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە بوونی جەماعەتە ئاینییەکان لە باکووری کوردستان بکات، بەڵام لەبارەی کاریگەری و ئاستی کاریگەربوونی کورد بەو جەماعەتانە بۆچوونی جیاواز هەیە. بۆچوونێک پێیوایە، پەکەکە توانی ڕێگری لەو جەماعەتانە بکات و نەهێڵێت بە مەرامەکانیان بگەن.

محەممەد یانمیش مامۆستای زانکۆی دیجلە یەکێکە لەوانەی ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "پەکەکە ئەو گرووپانەی بە گرووپی دەوڵەت و دوژمنی کورد ناساندووە و لەبەرچاوی کۆمەڵگە ناشیرینی کردوون، بۆیە کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی نییە. ئەگەرچی ئەو گرووپانە بەشی ناوخۆیی و پارە دەدەنە منداڵە هەژارەکان، بەڵام ناتوانن بۆ درێژ مەودا مێشکی ئەو منداڵانە زەفت بکەن".

دەنیز سەرهەدی، بەرپرسی ناوەندی میزۆپۆتامیا بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە لەندەن لەو بارەیەوە دەڵێت "بە ڕاشکاوانە دەڵێم، ئەگەر جەماعەتی سلێمانییەکان، گولەن، مەنزلجییەکان نەبوونایە، ئەمڕۆ ژمارەی ئەوانەی پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە زۆر زیاتر دەبوو. ناسنامەی چەپ لەناو کورد بەهێزتر دەبوو. هۆشیاری بە ناسنامەی کورد دەگەیشتە ئاستێکی بەرزتر. هۆشیاریی نەتەوایەتی بەرفراوانتر دەبوو. ئەو جەماعەتانە دیوارێکی گەورەیان دروست کردووە. چونکە جەماعەتە ئایینیەکان لە مەسەلەی پێکهاتەی تورک – ئیسلام لەگەڵ دەوڵەت بەیەکەوە کاردەکەن. بۆ ئەوەی کورد لە ڕێگای ئیسلامەوە لەناو دەوڵەت بتوێننەوە، ئەو جەماعەتانە درێغییان نەکردووە. لەبەر ئەوەی کورد سیستەمی بەرگری تایبەت بەخۆی نەبووە، بۆیە پەنا بۆ ئەو جەماعەتانە دەبات".



" ئەگەر جەماعەتی سلێمانییەکان، گولەن و مەنزلجییەکان نەبوونایە، ئەمڕۆ ژمارەی ئەوانەی پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە زۆر زیاتر دەبوو"

### بازرگانانی هەرێمی کوردستان دەچنە سنە

**رووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە دوو وەفدی بازرگانانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پێشانگای بیناسازی، سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەنەدا بکەن.
بەختیار مەلا ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/9/6 لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشانگایەکی بیناسازی دەکرێتەوە و وەفدێکی بازرگانانیش بەشداری تێدا دەکەن و گوتی "لەو پێشانگایەدا زیاتر لە 30 شاری کۆماری ئیسلامی ئێران و بازرگانانی باشووری عێراق و پاکستان و ئۆزبەکستانیش بەشدارن". هەروەها گوتی "لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵیشدا وەفدێکی دیکەیان بۆ پێشانگایەکی بیناسازی سەردانی کەنەدا دەکەن".

## گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 11% کەمی کردووە

### ڕووپێویەکی ڕێکخراوی فاو:

# گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ پێش 2004



توانای دارایی خەڵک بۆ کڕینی خۆراک 50% کەمی کردووە
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### بارودۆخی ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر خراپترە لە خەڵکی شارەکانی عێراق

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی قەیرانی داراییەوە گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و توانای خەڵک بۆ کڕینی شتومەک بەگشتی و پێویستییە خۆراکییەکان بەتایبەت زۆر لاواز بووە.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەمانگی ئایاری ساڵی 2008ەوە دەستی کردووە بەکۆکردنەوەی نرخی زیاتر لە 600 کاڵا و خزمەتگوزاریی هەمەجۆر لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخ و ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر. ساڵی 2007 وەک ساڵی بنەڕەتی دەستنیشان کراوە، ئەویش دوای ڕووپێوییەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی لەو ساڵەدا.

مادەکانیش لەچوار چێوەی 12 بەشی جیاوازدا کۆکراونەتەوە کە بریتین لە: (خواردن و خواردنەوە ناکحولییەکان (230 بابەت)، خواردنەوە کحولییەکان و تووتن (7 بابەت)، جلوبەرگ و پێڵاو (102 بابەت)، پێویستییەکانی نێوماڵ و چاککردنەوە (101 بابەت)، تەندروستی (30 بابەت)، نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و سووتەمەنییەکان (18 بابەت)، گواستنەوە (44 بابەت)، گەیاندن (12 بابەت)، ڕۆشنبیری و خۆشگوزەرانی (16 بابەت)، هۆتێل و خواردنگەکان (12 بابەت) و کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانی دیکە (29 بابەت).

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەڵێت "ئامانجمان لە وەرگرتنی نرخەکان و دەرکردنی ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر بۆ ئەوەیە بزانین خەرجیی خێزان بۆ چ بابەتێک ئاراستە دەبێت و مانگ بە مانگیش خەرجییەکان لە چ بابەتێکدا زیاد دەکات و لەچیدا کەم دەکات، دواتر لەکۆتایی ساڵ تێکڕای ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر وەردەگیرێت و لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێت سیاسەتی ئابووریی وڵات دابڕێژرێت.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ڕاپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی، گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان تاوەکو ساڵی 2014 ساڵانە 7% زیادی کردووە، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە بەهۆی قەیرانی دارایی، شەڕی داعش و هاتنی ئاوارە، بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە بەجۆرێک لەو ساڵەدا بەهۆی کەمیی داهات، حکومەت بەتەواوی بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی ڕاگرت کە 30%ی بوجەی گشتی پێکدەهێنا، ئەمەش وایکرد گەشەی ئابووری لە 7% وە دابەزێت بۆ 2.5%.

سیروان محەممەد دەڵێت "ساڵی ڕابردوو دەستەکەمان بودجەی نەبوو ڕووپێوی بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر گەشەی ئابووری بکات، بەڵام بەگوێرەی پێشبینییەکانی بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی جیهانیی دراو، ئابووریی هەرێمی کوردستان لەو ساڵەدا نەک گەشەی نەکردووە، بەڵکو پووکانەوەی ئابووری بۆ (6- %) دابەزیوە".

بە گوتەی سیروان محەممەد، ئەو پووکانەوەیەی لە ساڵی 2014 و 2015 لە گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا ڕوویدا، کاریگەریی زۆری لەسەر داهاتی خێزان و ئاراستەی خەرجییەکان هەبووە، بە جۆرێک ئێستا ئاراستەی خەرجیی خێزان زیاتر بۆ کڕینی خۆراکە.

بەپێی دوایین ڕووپێوی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی کە بەهاوکاری دەزگای ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی خۆراک لە عێراق و کوردستان لە یەکی ئایار تاوەکو 20ی ئایاری ئەمساڵ کراوە، بارودۆخی ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر خراپترە لە خەڵکی شارەکانی عێراق.

سیروان محەممەد دەڵێت "بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕووپێوییە، بارودۆخی ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان خراپترە لە خەڵکی شارەکانی عێراق، بە گوێرەی پێناسی ڕووپێوییەکە کە بریتین لەسەر لێوار و نزیک لێوار و خوار لێوار، بارودۆخی ئابووریی بەشێک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان لەسەرووی لێوارەکەیە و بەشێکی زۆریشیان نزیک لە لێوارەکەیە، واتە وەک پێویست توانای دابینکردنی خۆراکیان نییە، ژمارەیەکی کەمیشیان لە خوار لێوار دایە، واتە بارودۆخیان خراپە".

ئەو ڕووپێوییە دەریخستووە کە گوزەرانی خەڵکی کوردستان گەڕاوەتەوە بۆ پێش ساڵی 2004 و داهات و خەرجی خێزانەکانی کوردستان گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە. خەڵک هەست بەجۆرێک لە مەترسی دەکات و ئەوەی زۆر پێویست نەبێت، نایکڕێت.

پسپۆڕانی ئابووری دەڵێن ڕووپێوی و کۆکردنەوەی داتا لەسەر هەڵاوسان و نرخەکانی بەکاربەر بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوونەتەوە، زۆر گرنگە.

د.لوقمان عوسمان عومەر، پسپۆڕی گەشەپێدانی ئابووری لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "ئەم ڕووپێویە ئاستی خۆشگوزەرانی تاک و خێزان دەستنیشان دەکات، تەنانەت هەندێجار بە داتای ئەو نرخانە دەگوترێت تێچووی بژێوی، چونکە تێکڕای هەموو خەرجی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دەریدەخات بودجەی ئەو خێزانە چەندە و پێداویستی و خەرجی ژیانی چەندە".

د.لوقمان عوسمان دەڵێت" ئەگەر لەنێو داتاکانی دەستەی ئامار سەبەتەی خۆراک وەک بەشێک لە سەبەتەی بەکاربەر وەربگرین کاتێک ببینین داتاکان لە 140%ەوە بۆ خوار 100% دابەزیوە، ئەوە ئاماژەیەکی زۆر مەترسیدارە".

بەبڕوای ئەو پسپۆڕەی ئابووری، ئەگەر سیاسەتی بڕینی مووچە و ئەو بارودۆخە ئابوورییە بەردەوام بێت، کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵک دەبێت.

د.لوقمان دەڵێت "لە ئابووریدا یاسایەک هەیە دەڵێت بەکاربەر ئەگەر داهاتی سفریش بێت، دەتوانێ ماوەیەک بڕێک خەرجی بکات و بژیت، ئەویش لە ڕێگەی پەنابردنە بەر پاشەکەوتی ڕابردوو و فرۆشتنی کەلوپەل، بەڵام کە ئەوەی نەما لە یاسا دەردەچێت، ڕەنگە پەنا بباتە بەر سواڵکردن یان فرۆشتنی ئەندامانی جەستەی".

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری بانکی نێودەوڵەتی لەکۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ نەخشەڕێگەی ڕیفۆرمی ئابووری ڕاگەیاند، بە ئامانجی ئەوەی بتوانێ لاسەنگیی گەشەی ئابووری چاک بکاتەوە. بانکی نێودەوڵەتی سێ ساڵی بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەکە دیاری کردووە.

سیروان محەممەد دەڵێت "ئەگەر حکومەت بتوانێ ئەو نەخشەڕێیە جێبەجێ بکات، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئابووریی هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدات و جارێکی دیکە خۆشگوزەرانی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک".

## بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەمەوە

# ساڵانە 5 ملیۆن دۆنم زەوی بە هەڕەمەکی دەچێنرێت

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

پسپۆڕێکی کشتوکاڵی دەڵێت بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەم، ساڵانە بە ملیۆنان دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە کوردستان بەشێوەیەکی نازانستی دەچێنرێت، بۆیە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە کشتوکاڵ لە ئاستی خۆژیاندنەوە بگەیەنرێتە ئاستی بازرگانی.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەرێمی کوردستان خاوەنی 18ملیۆن و 400 هەزار و 24 دۆنم زەوییە کە 6 ملیۆن و 143 هەزاری زەویی کشتوکاڵیە، ئەوەی دیکەش پاوان، دارستانی دەستکرد و ڕەزگەرییە".

لەو زەوییەی شیاوە بۆ کشتوکاڵ، ساڵانە 4 ملیۆن و 557 هەزار و 814 دۆنم زەوی بە (گەنم، جۆ، گەنمەشامی، گوڵەبەڕۆژە، نیسک و نۆک) دەچێنرێت، 228 هەزار و 163 دۆنمیش دەکرێتە سەوزە.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان ء بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لە ساڵی 2007ەوە هەوڵی دانانی نەخشەی بەرهەم بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان دەدەین، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجە نەمانتوانیوە ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکەین".

د.ئەنوەر عومەر، نەخشەی بەرهەم بە بنەمای سەرەکی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ وەسف دەکات و دەڵێت "یەکێک لە هەنگاوە سەرەکییەکانی بە زانستیکردنی کەرتی کشتوکاڵ نەخشەی بەرهەمە، بەو نەخشەیە دەتوانرێت چەشن و پێکهاتەی خاک دەستنیشان بکرێت و بەپێی گونجانی خاک و ئاو و هەوا بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دابەش بکرێن".

وەزارەتی کشتوکاڵ لە پلانی ستراتیژییە پێنج ساڵانەکەیدا کە لە ساڵی 2013 کۆتایی هات، داوای سێ ملیار دۆلاری لە حکومەت کردبوو بۆ پرۆژەی دروستکردنی نەخشەی بەرهەم. بەپێی پلانەکەش دەبووایە پرۆژەکە لە ماوەی دوو ساڵدا جێبەجێ بکرێ.

د.ئەنوەر دەڵێت "ئەو کات لێژنەی باڵامان دروست کرد، لەهەر پارێزگایەکیش چەند تیمێکمان دەستنیشان کرد، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکیش گفتوگۆمان کرد، بەڵام داوای پارەیەکی زیاتریان دەکرد لەوەی ئێمە تەرخانمان کردبوو، کابینەکەش لەکۆتاییدا بوو، بۆ نەمانتوانی داوای بودجەی زیاتر بکەین، لەکابینەی نوێش وەزارەتی ئاو لەگەڵمان تێکەڵاو بوو، ئەمەش وای کرد 75%ی ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەت تەرخان دەکرا بۆ پڕۆژەکانی ئاودێری بڕوات و بەیەکجاری پڕۆژەکە شکست بهێنێت".

نەخشەی بەرهەم بریتییە لەپۆلێنکردنی خاک ء شیکرنەوەی پێکهاتە ء تایبەتمەندییەکانی کە بەو هۆیەوە دەتوانرێت دەستنیشانی خاکی شیاو بۆ بەرهەمی شیاو بکرێت، ئەمەش وا دەکات زۆرترین بەرهەمت لە کەمترین ڕووبەڕ بە کواڵیتییەکی بەرز دەستبکەوێ.

بەگوێرەی پۆلێنکاریی پسپۆڕان هەشت جۆر خاک هەن، جۆری یەکەمیان نایابە و بۆ هەموو بەروبوومێک شیاوە، جۆری کۆتاییش خاکێکی بەردەڵانە و هیچی لێ ناڕوێت.

د.ئەنوەر گوتی "لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆر کەم خاکی نایابمان هەیە، زۆربەی خاکی کوردستان لەجۆری پلە دوو و سێ و چوارە کە شیاون بۆ کشتوکاڵ، بەهەمانشێوە خاکی پلە پێنج و شەش و حەوتمان هەیە کە ناوچەکانی دارستان و پاوان دەگرێتەوە، ڕێژەیەکیش خاکی بەردەڵانمان هەیە کە شیاو نین بۆ چاندن".

پسپۆڕانی بواری ڕووپێوی و پۆلێنکاریی خاک دەڵێن بەهۆی گۆڕانکارییە جیۆگرافییەکان، پێکهاتەی خاک بەردەوام لەگۆڕاندایە، بۆی پێویستە هەر 5 بۆ 10 ساڵ جارێک، نەخشەی بەرهەم نوێ بکرێتەوە.

د.ئیبراهیم محەممەدئەمین، پسپۆڕی ڕووپێو ء پۆلێنکاریی خاک و ئاو، دەڵێت "گرنگترین هۆکار بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بوونی نەخشەی بەرهەمە، چونکە دەتوانرێت چەشنەکانی خاک دەستنیشان بکرێت و بەگوێرەی خاک و ئاو و هەواکەی بەروبوومی گونجاو لە خاکی شیاو بچێنرێت و زۆرترین بەرهەم لەکەمترین ڕووبەری خاک بەکواڵیتی بەرز بەرهەم بهێنرێ".

بەبڕوای ئەو پسپۆڕە، ئەگەر بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە چەند ساڵی ڕابردوودا پلانێکی تۆکمەیان هەبووایە، دەیانتوانی بەگوێرەی بودجەی بەردەست بەسوود وەرگرتن لە پسپۆڕانی خۆماڵی هەر ساڵە ء بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو نەخشەی بەرهەم دروست بکەن، بەڵام دەڵێت "هیچیان لەخەمی دانانی نەخشەی بەرهەمدا نین".

گوتیشی "بەهۆی نەبوونی نەخشەی بەرهەم ساڵانە بە ملیۆنان دۆنم زەوی کشتوکاڵی لەکوردستان بەشێوەیەکی نازانستی دەچێنرێت، ئەمەش وای کردووە سەرەڕای بوونی خاکی باش نەتوانرێت هەرێمی کوردستان لە کشتوکاڵی خۆژیاندنەوە بگۆڕین بۆ کشتوکاڵی بازرگانی".

پسپۆڕانی کشتوکاڵ دەڵێن ئەگەر زەوییە کشتوکاڵییەکان بەگوێرەی نەخشەی بەرهەم دابچێنرێن، تێچووی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە، ئەو کات جووتیار دەتوانێ لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکات.

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، دەڵێت "زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو توانیویانە لە ڕێگەی نەخشەی بەرهەمەوە، گەشە بە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بدەن و کشتوکاڵی وڵاتەکەیان لەخۆژێنییەوە بگۆڕن بۆ کشتوکاڵی بازرگانی، تەنانەت لە هەندێ وڵات جووتیاران ناچار دەکرێن تەنیا ئەو بەرهەمە بچێنن کە لەگەڵ زەوییەکەیان دەگونجێ، ئەگینا حکومەت پاڵپشتی ناکات".

یەکێک لە سوودەکانی نەخشەی بەرهەم بەخشینی تایبەتمەندییە بە ناوچەکان، چونکە بەگوێرەی پێکهاتەی خاک جووتیار ناچار دەکرێت جۆرێک لەبەروبووم بچێنێت.

حسێن حەمەکەریم دەڵێت "کاتێک بەپێی تایبەتمەندی خاک جووتیاران ناچاری چاندنی بەرهەمێک دەکرێن، ئەم ناوچەیە دەبێتە ناوچەیەکی تایبەتمەند بەو بەروبوومە، ئەوکات جووتیاران دەتوانن کۆمەڵ و ڕێکخراو پێکبهێنن و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن و تەنانەت دەتوانرێت کارگە بۆ بەپیشەسازیکردنی بەروبوومەکان لە ناوچەکە دابمەزرێت، ئەوکات گرفتی بەبازاڕکردنی بەروبوومیش نامێنێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لەڕێی بۆڕیی کوردستانەوە دەستپێدەکاتەوە

## شارەزایەکی بواری نەوت: ئەستەمە جارێکی دیکە سۆمۆ بتوانێت نەوتی کوردستان بفرۆشێ

محەممەد هادی
رووداو- هەولێر

دوای راگرتنی بۆ ماوەی پێنج مانگ، جارێکی دیکە هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە پارێزگای کەرکووک، لەڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە دەستی پێکردەوە. ئەمەش دوای دەستبەکاربوونی عەبدولجەبار لعێبی وەزیری نوێی نەوتی عێراق کە ئامادەیی خۆی نیشاندابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر دۆسیەی نەوت.

رۆژی 11ی شوباتی ئەمساڵ بەهۆی دۆخی ئەمنیی تورکیاوە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لەڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە تاوەکو 13ی ئادار راگیرا. لەو رۆژەشدا تەنیا چەند کازێرێک هەناردەکردنی نەوت لەو کێڵگە نەوتییانەی کە لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە بەڕێوەدەبردێرن، بەردەوام بوو. رۆژی پێنجشەممەی رابردوو وەزارەتی نەوتی عێراق لەڕێی نووسراوێکەوە، کۆمپانیای نەوتی باکووری ئاگادار کردەوە کە دەست بە ئامادەکاری بکەن بۆ هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک لەڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا.

لە بارەی ئاستی هەناردەکردن و کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک، فەرهاد حەمزە، بەڕێوەبەری ئەندازیارانی نەوت لە کۆمپانیای نەوتی باکوور بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی بڕیارەکە سەرەتا رۆژانە 75 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێت و ئەگەری هەیە لە داهاتوودا ئاستی هەناردەکردن بەرز بکرێتەوە".

سەبارەت بە کاتی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن ئەو بەرپرسە باڵایەی کۆمپانیای نەوتی باکوور گوتی کە کارە هونەرییەکان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن دەستی پێکردووە و چاوەڕوان دەکرێت لە ناوەڕاست یان کۆتایی ئەم هەفتەیە بکەوێتەوە گەڕ.

هەتا ئێستا دیار نییە هەولێر یان بەغدا سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتەکە دەکات. فەرهاد حەمزە لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە نازانین کێ سەرپەرشتی ئەو پرۆسەیە دەکات لە نێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها نازانین داهاتەکەی دەچێتە گیرفانی کام حکومەت". بەڵام شارەزایەکی نێودەوڵەتی وزە و ئاگادار لە کەرتی نەوتی کوردستان و عێراق رایگەیاند کە داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

شوان زوڵاڵ، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای کاردۆخ بۆ شرۆڤەکاری وزە لە لەندەن بە (رووداو)ی راگەیاند "وەزیری نەوت لە رێگای ئەو بڕیارەوە دەستپێشخەرییەکی نوێی کردووە بۆ ئەوەی هەولێر و بەغدا زیاتر نزیک ببنەوە و کێشە نەوتییەکانیان چارەسەر بکەن".

ئەو شرۆڤەکارە هۆکاری ئەو بڕیارەی بەغدا دەبەستێتەوە بە شەڕی مووسڵ و دەڵێت "نزیکبوونەوەی شەڕی مووسڵ و پێویستیی بەغدا بە هاوکاریی پێشمەرگە پاڵنەرێکی سەرەکی پشت ئەو بڕیارەی وەزارەتی نەوتی عێراقە". هەروەها گوتی "عەبدولجەبار لعێبی وەزیری نوێی نەوتی عێراق دەیەوێت لە رێگای ئەو بڕیارەوە زەمینەسازییەک بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەوتییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا".

سەبارەت بە ئەگەری واژۆکردنی رێککەوتنێکی دیکەی نەوتیی نوێ لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەگەری بەڕێوەبردنی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای سۆمۆوە، شوان زوڵاڵ گوتی "ئەستەمە جارێکی دیکە کوردستان رەزامەندی بدات لەسەر فرۆشتنی نەوتەکەی لەلایەن سۆمۆوە. بۆیە دەبێت رێککەوتنێکی دیکە بکرێت کە دارشتنەکەی جیاواز بێت لە سەرجەم رێککەوتنەکانی پێشوو بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن".

دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە کەرکووکەوە لە کاتێکدایە کە لە دوای راگرتنی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوت، کۆمپانیای نەوتی باکوور ئەو نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنا دەیخستەوە نێو بیرە نەوتەکان. لە بارەی زیانگەیشتن بە بیرە نەوتەکانیش بەهۆی ئەو پرۆسەیە، بەڕێوەبەری ئەندازیارانی کۆمپانیای نەوتی باکوور رایگەیاند "ئەو پرۆسەیە کارێکی خراپ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەکەی کەم بووە زیانێکی گەورەی بە بیرە نەوتەکان نەگەیاندووە".

فەرهاد حەمزە ئاشکراشی کرد کە ئێستا هەر سێ کێڵگەی نەوتی بابەگوڕگوڕ و جەمبور و خەبازە توانایان هەیە رۆژانە 180 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەبهێنن، بەڵام ئێستا تەنیا 150 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێت کە 30 هەزار بەرمیل نەوتی بۆ پێداویستی ناوخۆی پارێزگاکە بەکاردێت و 25 هەزار بەرمیلیش لە رێگای تانکەرەوە هەناردەی بەغدا دەکرێت، 95 هەزار بەرمیل نەوتەکەی دیکەش دەخرێتەوە نێو بیرەکان.

بەر لە وەستانی هەناردەکردنی نەوت، رۆژانە لەو سێ کێڵگە نەوتییە 150 هەزار بەرمیل نەوت لە رێگای بۆڕی نەوتی کوردستان – جەیهانەوە هەناردە دەکرا، لە ماوەی ئەو 5 مانگەشدا کە هەناردەکردنی نەوت وەستابوو، زیانێکی دارایی گەورە بەر داهاتی کوردستان و پارێزگای کەرکووک کەوتووە.

لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا زیاتر لە 22 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە نەکراوە لە کەرکووک و نەچووەتە نێو بۆڕی نەوتی کوردستانەوە، ئەگەر نرخی مامناوەندی یەک بەرمیل نەوت بە گشتی لە ماوەی ئەو 5 مانگەی رابردوودا وەربگرین و بە 30 دۆلار بیخەملێنین، بڕی ئەو نەوتەی هەناردە نەکراوە بایی 675 ملیۆن دۆلار بووە.

# وزە ناهێڵێت "هاوپەیمانێتی پشتگوێخراوەکان" سەربگرێ





عومەر ئەحمەد

"هاوپەیمانێتی پشتگوێخراوەکان" تیۆرییەک بوو لەلایەن ئاندزێ ئانانیس، بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی پۆڵەندا لە ساڵی 2010 بەکارهات کە تێیدا باسی لەوە کرد، بەهۆی چەندین هۆکاری گرنگ، رووسیا، تورکیا و ئێران دەتوانن هاوپەیمانییەکی نوێ پێکبهێنن.

ئانانیس پێیوایە هەر سێ وڵات لەلایەن رۆژئاواوە پشتگوێ خراون و دەتوانن هاوپەیمانییەکی نوێ پێکبهێنن. بەتەنیاش "پەراوێزخستن" نییە کە ئەو سێ وڵاتە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو دەڵێت ئەو سێ وڵاتە مێژوویەکی درێژی بەدەوڵەتبوونیان هەیە، هەر سێ وڵاتیش ئایدیۆلۆژیای نەتەوەگەراییان هەیە و لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی خۆیان کێشەی قووڵیان هەیە. جگە لەوەش بەرژەوەندیی بەرفراوانی ئابوورییان پێکەوە هەیە کە زۆربەشیان پەیوەستن بە پرسی رێڕەوەکانی گواستنەوەی گازی سروشتی.

هەرچەندە ئەوکات تیۆرییەکەی ئانانیس بە گریمانەیەکی دوور دادەنرا، بەڵام دوای کودەتا شکستخواردووەکەی تورکیا و نزیکبوونەوەی تورکیا لە رووسیا و ئێران و لێدوانەکانی بەرپرسانی تورکیا لەسەر چارەسەرکردنی پرسی سووریا بە شێوازێکی نوێ، سەر و سیمای ئەو هاوپەیمانییە دەرکەوتووە.

بەڵام ئایا ئەم هاوپەیمانییە بەڕاستی سەردەگرێت؟

هەرچەندە پەیوەندییەکانی رووسیا و تورکیا و ئێران هەندێجار ئاڵۆز و دژ بەیەک بووە، بەڵام 400 ساڵە چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان ئەو سێ وڵاتە روخساری ناوچەکانی کەناری دەریای ناوەڕاست، قەفقاس، ئاسیای ناوەڕاست و کوردستانیشی نەخشاندووە.

سەرەڕای ئەوەش هەر لەبەر ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی ئەو سێ وڵاتە، هەندێ لە شرۆڤەکارانی سیاسی پێیانوایە نزیکبوونەوەی رووسیا و تورکیا و ئێران، تاکتیکە و ستراتیژی نییە. کۆمەڵێک پرسی پەیوەست بەو وڵاتانە هەیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت وادەکات ئەو سێ وڵاتە لەیەک نزیک بکاتەوە، بەڵام رکابەرییەکان لەسەر رێڕەوەکانی گواستنەوەی وزە ئەگەری هاوپەیمانییەکی درێژخایەن لە نێوانیاندا لاواز دەکات.

تێگەیشتن لە جووڵەی پەیوەندییەکان لە سێگۆشەی رووسیا –تورکیا-ئێران گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی ئاراستەی سیاسیی ئەم ناوچە گرنگە کە کوردستان تێیدا شوێنی گرتووە.

### تورکیا-رووسیا

یەکێک لە کارە هەرە لە پێشینەکانی حکومەتی ئاکپارتی، بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بووە لەگەڵ رووسیا. ئەنقەرە بەخێرایی پەرەی بە پەیوەندییە ئابوورییەکانی داوە لەگەڵ مۆسکۆ، بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و وزە بۆ ئەوەی لە ئاستی سیاسیشدا بتوانێت کاریگەری لەسەر بابەتە سیاسی و ئەمنییەکان دروست بکات. کرملینیش بەردەوام هەوڵی داوە ئەو پەیوەندییە ئابوورییانە بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی ئەنقەرە هەڵوێستێکی سەربەخۆتری هەبێت و لە سیاسەتی نێودەوڵەتی (ئەمریکا و ئەوروپا) دووربکەوێتەوە.

لەساڵی 2008 رووسیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی تورکیا بووە، دوای یەکێتی ئەوروپا وەک بلۆکێک. قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی 2012 سنووری 33 ملیار دۆلاری تێپەڕاند. لە نێوانیشدا هاوردەکردنی وزە (نەوت و گاز) 80%ی هاوردەکاریی تورکیا لە رووسیا پێکدەهێنێ.

رووسیاش گەورەترین بازاڕی هەناردەکاری تورکیایە. دوای سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغانیش بۆ رووسیا، ئەو دوو وڵاتە رایانگەیاند کە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەدەن بۆ 100 ملیار دۆلار.

ئامانجی هاوکارییە دوو لایەنەکانی ئەو دوو وڵاتەش لەسەر وزە، بەرژەوەندیی هاوبەشە، بەڵام لە هەمانکاتدا مایەی رکابەریی زۆر بووە. ستراتیژی وزەی تورکیا، ئامانجی هاوسەنگکردنی پێویستییەکانیەتی بە وزەو گەرەنتیکردنی گازی هاوردەکراوە لە رووسیاوە، هاوکات لەگەڵ ئەو لووتبەرزییەی کە دەیەوێت ببێتە رێڕەوەی گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ ئەوروپا. تورکیا بەنیازە گرێدراویی خۆی بە گازی رووسیاوە کەم بکاتەوە لەڕێی هەمەڕەنگکردنی سەرچاوەکانی گازی سروشتی، بەتایبەتی لەناوچەی قەفقاس (تورکمانستان و ئازەربایجان). رووسیاش نایەوێت کۆنترۆڵی رێڕەوەی گواستنەوەی وزە لە دەریای رەش و دەریای قەزوین لەدەست بدات، ئەوەش مەترسییە بۆ خەونی تورکیا کە گواستنەوەی گازی تورکمانستان و ئازەربایجانە، تەنانەت ئەگەر پرۆژەی گواستنەوەی گازی رووسیا بۆ تورکیا و ئەوروپا کە بە تورکیش ستریم ناسراوە، جێبەجێ بکرێ.

تورکیا سەرکەوتوو بووە لەوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لە کێشە سیاسییەکانی لەگەڵ رووسیا جیابکاتەوە. ئەم کارەش زۆر ئەستەمە درێژەی هەبێ ئەگەر هەڵوێستی تورکیا بە کردەیی لەبارەی سووریاوە نەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەو رێککەوتنەی نێوانیان کە لەساڵی 2010 واژۆکرا و بە ستراتیژیی ناسێنراوە، وەک تاکتیک ماوەتەوە.

### ئێران - تورکیا

پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا بەرز و نزمیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. رکابەری و دژبەیەکیی مێژوویی و جیاوازی کولتووریی نێوان ئەو دوو وڵاتە وای کردووە بەرژەوەندیی ئابوورییە هاوبەشەکانیان بەتایبەتی پەیوەست بە وزە بەکاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی جیاوازی و رکابەرییەکانیان.

تورکەکان بێهیوا بوون لە ئێران بەهۆی بەجێنەگەیاندنی بەڵێنە بازرگانییەکانی نێوانیان. سەرەڕای ئەوەش ئێران هێشتا پێنجەمین هاوبەشی بازرگانیی تورکیایە و هەردوو وڵات پابەندن بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ 30 ملیار دۆلار.

لە ساڵی 1996ەوە ئێران و تورکیا رێککەوتنیان هەیە بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتیی ئێران بۆ تورکیا، بەڵام کێشەی زۆریان لەسەر نرخ و بڕی ئەو گازەی ئێران هەناردەی دەکات، هەیە. هەرچەندە ئێستا ئێران دووەم دابینکاری گازی تورکیایە، بەڵام تورکیا دەیەوێ بە هاوردەکردنی گازی ئازەربایجان و هەرێمی کوردستان و پاشان گازی تورکمانستان گرێدراویی خۆی بە گازی ئێرانەوە کەم بکاتەوە.

ستراتیژی وزەی تورکیا و ئێرانیش جیاوازن. تورکیا دەیەوێت ببێتە رێڕەوی گواستنەوەی نەوت و گازی دەریای قەزوین و ئاسیای ناوەڕاست و تەنانەت ئێرانیش بۆ ئەوروپا، بەڵام ئێران دژی پرۆژەی "ترانس کاسپییەن"ە بۆ ناردنی گازی ئاسیای ناوەڕاست و پێی باشە لە رێگەیەکی دیکەوە هەناردەی ئەوروپا بکرێت.

پەیوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانی ئەو دوو وڵاتەش تێکەڵاو بووە، هەرچەندە لەسەر بابەتی فەلەستین لەیەک نزیکن، بەڵام بەتەواوەتی لە سووریا و عێراقدا سیاسەتێکی جیاوازیان هەیە. ئەو رێککەوتنە خاوەش کە هەیانبوو لەسەر دژایەتیکردنی پەکەکە، بەبۆنەی سیاسەتەکانی ئێران و لایەنگری لە لایەنە دژە تورکییەکان لە سووریا شکستی هێناوە و تا ئەمڕۆش گۆڕانکارییەکی کردەیی لە روانگەی تورکیا لەسەر سووریا دروست نەبووە.

### ئێران - رووسیا

لاوازترین پەیوەندیی ئەم سێگۆشەیە، پەیوەندیی نێوان ئێران و رووسیایە. لە 10 ساڵی رابردوودا کرملین ئێرانی وەک بازاڕێکی نوێ تەماشا کردووە و بە هاوبەشێک سەیرکراوە بۆ هاوسەنگکردنی کاریگەریی تورکیا و ئەمریکا لە ناوچەی قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست.

کرملین هیچ بە چاوی هەڕەشە سەیری ئێرانی نەکردووە. سەرکردەکانی رووس، دژایەتی تاران بۆ ئەمریکایان بە ئامرازێکی باش زانیوە بۆ ئەوەی کاریگەریی سیاسیی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە.

سەرەڕای ناکۆکیی مێژوویی، ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیا پەرەپێداوە، بەڵام لەساڵی 2010 ئەوکات کە رووسەکانیش ئابلۆقە ئابوورییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لەسەر ئێران پەسەند کرد و هەروەها جێبەجێکردنی وێستگەی ئەتۆمیی بوشەهریان دواخست و سیستمی بەرگریی S-300 یان بۆ ئێران نەنارد، ساردیی کەوتە نێوان رووسیا و ئێران. لەو کاتانەدا پوتین و ئەحمەدینەژاد هەندە نێوانیان خۆش نەبوو، بەڵام بەسەرهەڵدانی چەندین کێشەی ناوچەیی وەک جیاوازییەکان لەگەڵ واشنتن لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەک، سیستمی بەرگریی مووشەکی، پرسی سووریا ئەو دوو وڵاتەی زیاتر لەیەک نزیک کردەوە.

ئاستی بازرگانیی نێوان ئێران و رووسیا لە 10 ساڵی رابردوودا سێ هێندە بەرزبووەتەوە، بەڵام هێشتا قەبارەکەی زۆر کەمە. رووسیا تەنیا 1.8%ی بازرگانیی دەرەکیی ئێران پێکدەهێنێ. ئێرانیش تەنیا 0.5%ی بازرگانی دەرەکیی رووسیا پێکدەهێنێ.

هاوکارییەکی کەمیش سەبارەت بە وزە لە نێوانیاندایە. ئەو دوو وڵاتە بۆ دەرهێنانی نەوت و گاز لە دەریای قەزوین، کاری هاوبەشیان کردووە. لەساڵی 2008 ئێران و رووسیا رێککەوتنێکیان واژۆکرد بۆ ئەوەی رووسەکان لە کێڵگەکانی نەوتی ئێران کاربکەن، بەڵام ئەو رێککەوتنە هیچ بەرهەمهێنانێکی هاوبەشی لێ نەکەوتەوە. رووسیا و ئێران روانگەی جیاوازیان هەیە لەسەر دیاریکردنی سنوورە ئاوییەکانی دەریای قەزوین. بەڵام هەردوولا دژی جێبەجێکردنی پرۆژەی "ترانس-کاسپییەن"ن. ئەو دوو وڵاتە خۆیان بە رکابەری یەکتر دادەنێن لە بازاڕی داهاتووی وزەی ئەوروپادا و سەرەڕای ئەوەی دامەزرێنەری سەرەکی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری گازن، بەڵام هاوکارییەکانیان تەنیا رووکەشن و جددی نین. لەبەر ئەوەیە هاوپەیمانییەکی سێقۆڵی لە نێوان رووسیا و تورکیا و ئێران لە تیۆریدا دەکرێت، بەڵام بەکردەیی کارێکی زەحمەتە، پێدەچێت بەشێوازێکی نەریتی، ئەو سێ وڵاتە تەنیا لەسەر پرسی کورد و پاراستنی سنوورەکانی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ یەکدی کۆک بن.

ڕووداو
ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22

ڕێککەوتن لە پێناوی ئێسکەکان

# هەفتەیەک لەگەڵ پسپۆڕە ناودارەکانی DNA



(فۆتۆ: سەلام ناس)

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سەرایێڤۆ

بەڕێوشوێنێکی توندا دەچیتە نێو باڵەخانەیەکی بەرز کە بە چەند ئاڵایەکی شین دەورە دراوە. هەرچەندە ئەو باڵەخانەیە لە ناوچەیەکی قەرەباڵغی سەرایێڤۆی پایتەختی بۆسنەیە، بەڵام یاساکانی کارکردن لە ناوەوە جیهانێکی دیکەیە. کپ و بێدەنگ، ئەوانەی لەنێو باڵەخانەکە کاردەکەن هێندە بێدەنگن، وەک بڵێی خووی ئێسکەکانیان گرتبێ.

ساڵی 1996 بیل کلینتن، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بە مەبەستی هاوکاریی وڵاتانی بەڵکان، کۆمیتەی نێودەوڵەتیی بۆ دۆزینەوەی ونبووەکان (ICMP) دامەزراند. دوای ئەو بێدەنگییە کوشندەیەی جیهان و ئەمریکا کە هاوکاریی سربەکانی کرد بۆئەوەی بەڵکان بکەنە گۆمی خوێن، ئەوە دواهەمین کارێک بوو کلینتن بیکات بۆ خەڵکی بۆسنیا. دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە، بۆ ئەوەی ئێسک و پروسکی ئەوانەیان بۆ بدۆزێتەوە کە پێشتر دەکرا بپارێزرێن. ئێستا (ICMP) ناوێکی گەورەی پرۆفیشناڵی جیهانییە و بنکەی سەرەکی لە سەرایێڤۆیە.

## هێشتا سنوورەکان هەڕەشەن

"هێشتا کێشەمان هەیە، لە سنوورەکان لەو شوێنانەی گۆڕی بە کۆمەڵ هەن هاوکاریی باش ناکرێین. بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی جێگای ئەو 8 هەزار قوربانییە قورسە و کێشەی بۆ دروستکردووین". کەیڤن سلیڤان، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە ڕێکخراوی (ICMP) وا دەڵێ.

دەبوو بچینە سەرسنووری (بۆسنیا- سربیا- کرواتیا) تاوەکو لە نزیکەوە پرۆسەی هەڵدانەوەی یەکێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان ببینین، بەڵام کارەکە لەوە دژوارترە کە چاوەڕێ دەکرێ، سەرۆکەکان نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەوەوبەر ڕێککەوتننامەیان واژۆ کردووە و ئاو کراوە بە ئاگری شەڕدا، بەڵام پۆلیس و پاسەوانەکانی سەر سنوور هێشتا مۆڕە لەیەکدی دەکەن. کارمەندێکی ڕێکخراوەکە دەڵێ "هەندێکجار تیمەکانی خۆشمان مەترسی دەکەوێتە سەر ژیانیان".

کەیڤن زۆرتر باسی بەشەکەی خۆی دەکات و دەڵێ کاری من لەم ڕێکخراوەدا بەڕێوەبردنی تیمی دۆزینەوەی گۆڕی کۆن و گۆڕ هەڵکەنەکانە "ئەم بەشەی من کاری ئەوەیە کە گۆڕەکان بدۆزێتەوە و هاوکاری حکومەت بکات بۆ دۆزینەوەی گۆڕەکان و بردنی بۆ تاقیگەکان".

لە شەڕی بۆسنیا و سربەکاندا زۆرتر لە 30 هەزار کەس دیار نەماون، لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕێکخراوەکە زۆربەی قوربانییەکانی لە نێو گۆڕەکاندا دەرهێناوە و بەهۆی (DNA) یەوە ناسراونەتەوە. کەیڤن دەڵێ بەشێک لە قوربانییەکان ڕێگای دیکە بۆ ناسینەوەیان هەبووە. لەو ژمارەیەی کە دۆزراونەتەوە هەشت هەزاریان بە ڕێگای ئاسایی ناسراونەتەوە کە ئەویش ئەوەیە "یا ناسنامەیان پێ بووە، یان بە هۆی جلوبەرگ و خشڵ، یان بەهۆی شێوەی ددان و هۆکاری دیکە". کەیڤن دەڵێت "کێشەی بۆسنە و ئەو وڵاتانەی شەڕیان تێدایە ئەوەیە کە بەڵگەی ناسینەوەی کەسەکان لە نێوچوون و نەماون".

## "DNA"

لەگەڵ ئانا بیلچ، دەچینە نێو یەکێک لە تاقیگەکانی (DNA). ئەو بۆ خۆی بەڕێوەبەری تاقیگەکانە و ساڵانێکی زۆری لەو ژوورانەدا بەسەر بردووە کە پڕن لە ژمارە و داتای ورد و هەڵەیەک بەسە بۆ ئەوەی ڕەنجی چەند مانگێکی بەفیڕۆ بڕوات. ئانا ماندووە، بەڵام نایەوێ بێزار دەربکەوێ و دەڵێ "ئەوەی ئەم کارە و ئەم پرۆسەیە زۆر ئاڵۆز و قورستر دەکات ئەوەیە کە ئەو ئێسکانەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین بڕێکی زۆر کەم (DNA)ی لەسەر ماوە، دوای ونبوون یان مردنی کەسەکان، دی ئێن ئەیەکە بە هۆکاری شوێنەکە و ئەو ژینگەیەی ئێسکەکەی لێ ماوەتەوە زۆر تەنک بووە و بە ئاسانی ناناسرێتەوە". هەروەها دەڵێت "بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو ئێسکە لە هەموو ئەو مادە کیمیاویانە پاک بکەینەوە کە بە تێپەڕبوونی کات لەسەری دروست بووە".

ئەو سیستمی دی ئێن ئەیەی ئانا و هاوکارانی کاری پێدەکەن لە ساڵی 2001ەوە کارا بووە بۆ ئەوانەی پێشتر بە پرۆسە و ڕێگا کۆنەکان دەدۆزرانەوە، وەک جلوبەرگ، پاشماوەی قوربانییەکان.

ئانا بەراوردی سیستمی کۆن و نوێی ناسینەوەی تەرم لە ڕێگەی DNAیەوە دەکات و دەڵێت "لە ساڵی 1997 تاوەکو 2001 تەنیا 149 تەرم لە ڕێگەی سیستمە کۆنەکە دۆزراونەتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی 2001 کە کار بە سیستمە نوێیەکە دەکەین، ناسینەوەی تەرم بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە ماوەی 2002 تاوەکو 2014 زیاتر لە 6300 تەرم ناسراونەتەوە". هەروەها دەڵێ "دەبێ لێرەوە تێبگەین کە بەبێ دی ئێن ئەی نەماندەتوانی ئەم ژمارەیە لە کەسی ونبوو بناسینەوە".

## "هۆلیوود یان شاری ئێسقانەکان"

بەڵام ئانا بیلچ، پێمان دەڵێ بچینە توزلا، شارێک کە نزیکەی سێ کاژێر لە پایتەختەوە دوورە و لەوێ تاقیگەیەکی گەورەتر هەیە. بە شەقامێکدا کە درەختی گەورە وەکو چەترێک دایپۆشیوە، دەگەینە نێو توزلا و لەوێ دەچینە نێو تاقیگەکە. یەکێک لە پسپۆڕە بەنێوبانگەکانی بواری (DNA) لەسەر ئاستی ئەوروپا چاوەڕێمان دەکات. کەمدوو، بەڵام هەوڵ دەدا جار جار زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێومان، تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتە کە پەیوەندییان بە پسپۆڕیتی ئەوەوە هەیە.

"من دراگانا فۆسیتیچ، گەورە پزیشکی جینائی لە پرۆژەی ناساندنەوە کاردەکەم"، دوای ئەوەی بە کورتی خۆی ناساند، پرسیارێکی سەیری کرد "ئێوە بەرگەی بۆنی نائاسایی دەگرن؟ تکایە ئەگەر بەرگە ناگرن مەچنە ژوورەوە". بەڵام ئێمە هەزاران کیلۆمەترمان بۆ ئەوە بڕیوە بچینە ژوورەوە، چونکە لەوێ 800 گونیە ئێسک هەڵچنراون و دەبێ چاوەڕێی کۆتایی هاتنی پرۆسەی پشکنینی (DNA) بکەن، تاوەکو ڕادەستی خاوەنەکانیان بکرێنەوە. دەچینە ژوورەوە و هەروەک دراگانا پێشتر مشووری ئەوەی خواردبوو، بۆنێکی کوشندە و مەترسیدار، خەریکە سییەکانت لەکاردەخات و دنیا بە تەواوی تاریک دەبێت لەبەرچاوت. دیمەنەکانی نێو تاقیگەکە زۆرتر لە فیلمێکی ترسناکی هۆلیوود دەچن.

تاوەکو ئێستا ئەم دامەزراوەیە ئێسک و پروسکی زیاتر لە 6500 کەسی ناسیوەتەوە، لە سریبرینیچا نزیکەی 8 هەزار ونبوو هەبوون، کەواتە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1500 کەیسی ونبوو ماوە بدۆزرێنەوە "ئێستا کە قسەتان بۆ دەکەم نزیکەی 800 کەیسمان لایە و کاریان لەسەر دەکەین ، هەندێکیان بە فەرمی ناسراونەتەوە و بۆ هەندێکیشیان چاوەڕێی ئەنجامی (DNA) دەکەین".

سەرەڕای پێشکەوتوویی تاقیگەکان، بەڵام کارەکەی دراگانا بێ کێشە نییە و دەڵێت "هەندێ کەیسمان لایە دۆزینەوە و جیاکردنەوەیان زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی پاشماوەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵی دووەم و سێیەمەوە دەدۆزرێنەوە. زۆرجاریش تەواوی پارچەکانی لاشەکە نادۆزینەوە، لەبەر ئەوەی چوار بۆ پێنج مانگ دوای کۆمەڵکوژییەکە پاشماوەکانیان گوازراونەتەوە و ئەمە کارەکەی زۆر قورس کردووە. یان زۆرجار پاشماوەی یەک لاشە لەنێو چەند گۆڕێکی جیاواز و دوور لەیەک دەدۆزرێنەوە، بەبێ پشکنینی (DNA) ناتوانین پاشماوەکان بناسینەوە".

چەند کەللە سەرێک و ئێسکی دەست و قاچێکی لەبەردەستدایە و بە وردی پێیانەوە سەرقاڵە و دەڵێ ئێمە تەنیا لە 10%ی کەیسەکان بەو شێوەیە دەدۆزینەوە کە لاشەکە لە گۆڕێکدا بێت "بۆیە بۆ ناسینەوەی یەک لاشە دەبێ نزیکەی 7 تاقیکردنەوەی DNA بکەین".

بەڵام ئەگەر قوربانییەک چانسی هەبێت و هەموو پارچەکانی لاشەی بەیەکەوە بن لە گۆڕێکدا، ئەوا هێشتا ناسینەوەی ماوەی 3 مانگ پێویست دەبێ، بەڵام ئەگەر هەموو پارچەکان لەیەک جێگا نەبن دەبێ چاوەڕێ بکەن تاوەکو تەواوی پارچەکانی دەدۆزرێنەوە کە ئەو پرۆسەیەش نزیکەی شەش ساڵی پێویستە.

دراگانا فۆسیتیچ دەڵێ لە نێو دامەزراوەکەی ئێمەدا زۆربەی قوربانییەکان پیاون "تاوەکو ئێستا تەنیا نۆ لاشە هەبوون کە ڕەگەزی مێ بن. گەنجترین قوربانیش تەمەنی 12 ساڵ بووە".

دراگانا بۆ ناسینەوەی کەسەکان نموونەی (DNA) و خوێنی کەسوکاری قوربانیان وەردەگرێت و بە (DNA) ئێسک و پروسکی قوربانییەکان بەراوردی دەکات. ئەگەر لێکچوونەکان 99.99% بوو، ئەوا ئێسک و پروسکی قوربانییەکە دەدرێتەوە خاوەنەکەی.

دراگانا باسی کێشەی دیکە دەکات و دەڵێ "گەورەترین کێشە لە کەیسی سریبرینیچا، دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی نوێیە. لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا زیاد لە هەزار ون بوو هەیە کە نەدۆزراونەتەوە، چونکە 20 ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژییەکەدا تێپەڕیوە و دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ سەختتر بووە. زۆر لە قوربانییەکان کە مردوون کەس نەیناشتوون و کەسیش نازانێ پاشماوەکانیان چی لێهاتووە. زۆرجاریش لە کیسەی لاشەیەکدا پاشماوەی زیاتر لە کەسێکی تێدایە بۆ ئەوەش دەبێ چەندین نموونەی (DNA) وەربگیرێ".

هەروەها باسی تێچووی وەرگرتنی یەک نموونەی (DNA) دەکات "بڕی 15 دۆلاری دەوێ، بەڵام تەواوی تێستەکانی ئەو (DNA)یە دەگاتە 600 دۆلار، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەمە پرۆسەیەکە خەرجی زۆری دەوێ، ئەوە جگە لە تێچوونە زۆرەکانی کە بۆ شۆفێر و گۆڕهەڵکەن و شارەزا تەرخاندەکرێ کە ئەو کارەش (ئای سی ئێم پی) بەبێ هاوکاری ئەوروپا زۆر ئەستەمە بتوانێ بیکات".

لە شەڕی 3 ساڵەی نێوان بۆسنیا و سربیادا، 8 هەزار کەس لە دانیشتوانی شارۆچکەی سریبرینیچا لەلایەن سربەکانەوە بێسەروشوێن کران، 6930 کەس لە ونبووەکان تاوەکو ئێستا ناسراونەتەوە. 6827 کەس لەوانە لە ڕێگەی پشکنینی (DNA) ناسراونەتەوە، 103 کەسیش لە ونبووەکان بە ڕێگەی دیکە ناسراونەتەوە. قوربانییەکان لە 93 گۆڕ و 314 گۆڕی بەکۆمەڵدا بوون و لەو نێوەندەشدا 17 هەزار پارچە لەشی مرۆڤ دۆزراونەتەوە.

ڕێکخراوی (ICMP) لە ماوەی کارکردنیدا لە سەرایێڤۆ، نموونەی خوێنی لە 22 هەزار و 268 کەس وەرگرتووە بۆ ناسینەوەی 7743 کەسی ونبوو کە پێویستە ڕێژەی لێکچوونی نموونەی خوێنەکان و قوربانییەکان 99،95% بێت. هەروەها 6241 کەس لەوانەی ناسراونەتەوە، بە خاکسپێردراون.

پاکیزە چۆلۆ، زۆرتر باسی وردەکاریی وەرگرتنی خوێن لە کەسوکاری قوربانیان دەکات و دەڵێ لەساڵی 2000ەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 92 هەزار نموونەی (DNA) وەرگیراوە بۆ نزیکەی 29 هەزار کەسی ونبوو. کە ئەمە دەکاتە لانیکەم نموونەیەک بۆ هەر کەسێکی ونبوو .

پرۆسەی وەرگرتنی خوێن زۆر ئاسانە و تەنیا لە پەنجەکانیان خوێن وەردەگیرن و کۆد بۆ خوێنەکان دادەنرێت و هیچ ناوێکی لەسەر نانووسرێ بۆ ئەوەی بنێردرێ بۆ تاقیگەی (DNA) پاکیزە دەڵێت "بۆ هەر نموونەیەک کە وەریدەگرین، پاک دەکرێتەوە و توێکاری بۆ دەکرێت و کۆدی لەسەر دادەنرێ و هەموو زانیارییەکانی بە ئەلکترۆنی دەکرێ و داخڵی سیستمی داتا بەیسی (ICMP) دەکرێ و لەوێ هەوڵدەدرێ لێکچووی نموونەی کەسە ونبووەکان و کەسوکارەکەی بدۆزرێنەوە".

پاکیزە چۆلۆ کە جێگری بەڕێوەبەری دیاریکردن و دابەشکردن و ڕێکخستنە، هەروەها دەڵێ "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 17900 ڕاپۆرتی کۆتایی (DNA) مان نووسیوە و هەروەها زیاتر لە 18500 ڕاپۆرتی دووبارە تێستکردنی (DNA) مان نووسیوە. ئەو ژمارەیەش ئەوە دەگەیێنێ بۆ هەر کەسێک زیاتر لە نموونەیەک وەرگیراوە لەبەر ئەوەی پارچەکانی لاشەی هەمووی لە یەک جێگا نەبوون".

## دەیانەوێ بێنە هەولێر

تیمی (ڕووداو) کاتێک چوونە سەرییڤۆ، کە چەند مانگێک لەوەوبەر کاترین بۆمبێرگ، بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە هاتبووە باشووری کوردستان و لە هەولێری پایتەخت سیمینارێکی چەند ڕۆژەی ڕێکخست کە بەشداریمان تێدا کرد. لەوێ بۆمبێرگ باسی جیاوازی کارکردنی خۆیانی کرد لەو تیمانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕان و دۆزینەوە و پشکنینی ئێسک و پرووسکی ئەنفالکراوانی کوردستان پێکی هێنابوون. بۆمبێرگ گوتی "چاوەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستانین بانگمان بکات، تاوەکو بەشێوەیەکی زانستیانە دەستبکەین بە گەڕان بەدوای بێسەروشوێنانی کورد".

کەیڤن سلیڤان، باسی جیاوازی خۆڵ و خاکی عێراق و کوردستان و بۆسنیا دەکات و دەڵێ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دۆزینەوەی گۆڕەکان، بەڵام هۆکاری سەرەکی بوونی زانیارییە لە بۆسنیا "خاکەکەی و خۆڵەکەی جیاوازە لە بیابانەکانی عێراق، چونکە لە عێراق هەڵکەندنی گۆڕەکان ئاسانتر دەبێت، بەڵام گرنگترین بابەت ناسینەوەی ئێسکەکانە".

ماتیۆ هۆلیدەی، بەرپرسی پرۆگرامی ڕۆژئاوای بەڵکان، باسی سەرەتای دەستبەکاربوونی ڕێکخراوەکەی دەکرد کە لە ڕێکخراوێکی بچووکی کەمدەرامەتی سیاسییەوە گەشەیان کرد "بەردەوام لەگەشتدابووین لە نێوان زەغرەب و سەرایڤۆ و بەنیا لوکا و بەلگراد، بۆ ئەوەی هانی سەرکردە سیاسییەکان بدەین پەرە بە دۆسیەی کەسە ونبووەکان بدرێ"

سەرەتا (ICMP) تەنیا لە وڵاتانی یۆگۆسلافیا کاری دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوە گۆڕاوە و لە جیهاندا کاردەکەن، بەشێوەیەکی گشتی کەسانی ونبوو پەیوەندی بەکێشەی چەکداریی و جەنگەوە هەیە. بەڵام ئێستا جگە لە کێشەی چەکداریی و جەنگ "یارمەتی پێشکەش دەکەین بۆ هۆکاری کارەساتە سروشتییەکانی وەک زەمین لەرزە و باوبۆران و لافاو و داڕمان و تسۆنامی و بازرگانی بە مرۆڤ" .ماتیۆ وایگوت.

ڕووداو

ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22



## لە سوێد ڕۆژانە قاچاخچییەک دەستگیردەکرێت

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

ژمارەی ئەو کەسانەی بە گومانی قاچاخچێتی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە لە هەڵکشاندایە، ئامارێکیش ئاشکرای دەکات ڕۆژانە کەسێک بە گومانی قاچاخچێتی دەستگیرکراوە. بەپێی ئامارێکی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تاوانکاری لە سوێد کە ڕادیۆی سوێد بڵاوی کردووەتەوە، لە ڕۆژی یەکی تەممووزی ساڵی ڕابردوو تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی ئەمساڵ، 363 کەس بە گومانی قاچاخچێتی و بە نایاسایی هێنانی پەنابەر بۆ سوید لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون. بەپێی ئەو ئامارە بێ ڕۆژانە قاچاخچییەک دەستگیردەکرێ. بەپێی ئامارێکی پۆلیسی نەتەوەیی ئەورووپا (Noa)ساڵی ڕابردوو قاچاخچییەکان لە ڕێگەی هێنانی پەنابەرەوە بۆ ئەورووپا 50 ملیار کرۆنیان دەستکەوتووە.

# سوید.. کۆچبەرانی دەرکراو لەسەر شەقامەکان سەرگەردان دەبن

## کۆچبەرێکی کورد: بەرماوەی خەڵک دەخۆین

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

کاژێر شەشی بەیانییە، هێدی هێدی ڕاڕەوی تەرمیناڵی سەرەکیی میترۆ و پاسەکانی ستۆکهۆڵم (Central Station) قەرەباڵغ دەبێت. ئەوەی بەنێو ڕاڕەوە گەورەکەی نێوان هەردوو بەشی تەرمیناڵەکەدا دەڕوات، لەو کۆمەڵە گەنجە دەڕوانێت کە لە بن دیوارەکاندا نوستوون. ئەوان بەر لەوەی پۆلیس بگاتە تەرمیناڵەکە، دەبێت خۆیان بپێچنەوە و ئەوێ چۆڵ بکەن، ئەگەرنا دەستگیر دەکرێن.

ئەوانەی لە بن ئەو دیوارانەدا ڕۆژ دەکەنەوە، ئەو کۆچبەرانەن کە فەرمانگەی کۆچی سوێد دەستی بەڕوویانەوە ناوە و دەبێ ئەو وڵاتە جێبهێڵن، بەڵام ئەوان کۆڵ نادەن و دەڵێن ناڕۆن تاوەکو لایەکیان لێدەکرێتەوە.

بەر لەوەی پۆلیس بگاتە تەرمیناڵی ناوەندیی ستۆکهۆڵم، پەیامنێری (ڕووداو) هەندێک لەو کۆچبەرانەی دواند کە چواریان کورد بوون و دوویان ئەفغانی و یەکێکیشیان عەرەب بوو.

خەڵات ناوی خوازراوی یەکێک لەو کۆچبەرانە بوو کە خەڵکی سلێمانییە و ساڵێک زیاترە لە سوێدە. ئەو لەلایەن فەرمانگەی کۆچی سوێدەوە ئاگادارکراوەتەوە کە لەو وڵاتە بڕوات، بەڵام ئامادە نییە بگەڕێتەوە و دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک ناگەڕێمەوە".

سروشت کۆچبەرێکی دیکەی کوردە لە تەنیشت خەڵات وەستابوو، گوتی "لە لوتکەی نیگەرانی و بێزاریدام، خۆشم نازانم چی دەکەم".

ئەو کۆچبەرانە نزیکەی مانگێکە لە کەمپەکان دەرکراون، بەهۆی ئەوەی کۆمەکی مانگانەی داراییان بڕدراوە، پارەی ئەوەشیان نییە هیچ شوێنێکی پێ بگرن و لەسەر شەقام و لە نێو کوچە و کۆڵانەکان ڕۆژ دەکەنەوە.

### دووجار ئاوارە بوون

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەوشی ژیانی ئەو گەنجانە قورستر دەبێت کە حکومەتی سوێد لە کەمپەکان دەریکردوون و پارەی بڕیون. ئێستا بە گیرفانی خاڵی لە شەقامەکانی ستۆکهۆڵم دەسووڕێنەوە. سروشت دەڵێت "تەنانەت پارەی ئەوەشمان نییە بچینە تەوالێتەکان و دەموچاومان بشۆین. نە خۆشووشتنمان هەیە و نە خواردنی باش".

سروشت و خەڵات لە کەمپ یەکدییان ناسیوە، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەسەی دیکە کە لە کەمپەکان دەرکراون زۆرجار لە شوێنە گشتییەکان یەکدی دەبینن، ئەوان ئێستا عەودالی شوێنێکن شەوان تێیدا بمێننەوە. هەروەها بەدوای پاروە نانێکدا دەگەڕێن. سروشت دەڵێت "جاری وا هەیە بە هەشت کەس لەفەیەک دەخۆین".

ئەوان شەوان لە نزیک کۆگا و هەندێکجار لە تەوالێتە گشتییەکان خۆیان حەشار دەدەن، وەک سروشت گوتی "تا ئەوکاتەی دەرگاکان دادەخرێن، ئیدی شوێنی خەو دەدۆزینەوە".

ئەوان چانسی ئەوەیان هەیە کە بەشێک لە دووکانەکانی نێو تەرمیناڵەکە نۆژەندەکرێنەوە و هەلی خۆشاردنەوەیان لە نێو دووکانەکاندا هەیە. سروشت گوتی "ئەو نۆژەنکردنەوەیە نەبووایە دەبووینە فلیم".

لە نێو مارکێتەکانی وەک ئیکیا و ڤیلیس، خواردنی هەرزان پێشکەش دەکرێت و خزمەتگوزارییەکان کراوەن. خەڵات دەڵێت کە دەچنە ئەو جێگایانە چەندینجار سوودیان لە بەرماوەی خەڵک وەرگرتووە، یان لەڕێگەی پەرداخ و قاپە بەکارهاتووەکان، خواردنی تازە وەردەگرن.

خەڵات گوتی "کە لە کوردستان بووم لە ژیانمدا خواردنی گەرمکراوەم نەدەخوارد، بەڵام ئێستا بەرماوە و تەنانەت خواردنی فڕێدراویش دەخۆم".

ڕادیۆی فەرمی سوێد، کەیسی یەکێک لەو گەنجە سەرگەردانانەی شەقامەکانی ستۆکهۆڵمی بڵاوکردەوە کە تەنانەت ئامادە بووە بشگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی فەلەستینییە و حیسابی دەوڵەتیان بۆ ناکرێت، بۆیە ناتوانێت لە ڕێگەی حکومەتەوە بە فەرمی بگەڕێتەوە.

ئەو گەنجە کە ناوی خالیدە، گوتی "بەهۆی نەبوونی پاسپۆرت و لەبەر ئەوەی هیچ کونسوڵگەرییەک و باڵیۆزخانەی وڵاتان لە ستۆکهۆڵم لەخۆیان نەگرتم، ئێستا لەسەر شەقام دەژیم". خالید ئامادەیە سوێد جێبهێڵێت و بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت ڕووی لە باڵیۆزخانەی عێراقیش کردووە، بەڵام ئەوان هاوکارییان نەکردووە. ئەو ئێستا وەک ئەم گەنجانە لە شەقامەکان ڕۆژ دەکاتەوە.

### کۆگای ماڵان بەرناکەون

ڕۆژانی ڕابردوو لە دادگایەکی لە شاری مالمۆ، سزای ئەو کەسانە درا کە بەشێک لە خانووەکانیان بە شێوەی نایاسایی بە کرێ دابوو بە کۆچبەران، لەوانەش ئەو کۆگایانەی لە ژێرزەمینەکاندان و هەندێکجار ڕووبەریان لە دوو مەتر تێناپەڕێت، بەڵام کۆچبەرە دەرکراوەکان بە ناچاری هەزاران کرۆنی پێدەدەن.



تەرمیناڵی سەرەکیی میترۆ و پاسەکانی ستۆکهۆڵم دەبێتە شوێنی حەوانەوەی کۆچبەرە دەرکراوەکان

"ئەو کۆگا دوو مەتریە بۆ من وەک هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە وابوو". ئەمە گوتەی یەکێک لەو گەنجانەی ڕێڕەوی تەرمیناڵەکەی ستۆکهۆڵمە کە خۆی بە سەردار ناساند و گوتی "من و دوو کەسی دی، کۆگایەکمان بە کرێ گرتبوو، نە پەنجەرەی تێدابوو نە دەرچەی هەوا". گوتیشی "دەبووایە شەو لە دوای سەعات نۆ بهاتینایەتە ئەو شوێنە و بە دزییەوە بخەوتینایە، بۆشمان نەبوو تەنانەت گڵۆپێکیش دابگیرسێنین".

لە باڵەخانەکانی سوێد و لە ژێرزەمینی هەموو باڵەخانەکاندا، هەر شوقەیەک کۆگایەکی لەو شێوەیەی هەیە کە بۆ شمەکی زیادە بەکاردێت و هیچ پێداویستییەکی ژیانیان تێدا نییە، بەڵام سەردار گوتی "بە هەرسێکمان مانگانە نزیکەی 250 دۆلارمان دەدایە خاوەن شوقەکە". سەردار هێشتا ئەمەی لە شەقامەکان پێ باشتر بوو "ئەو پارەیەشمان پێ نەدرا و ئێستا لەسەر شەقامەکان دەژین".

ڕێکخراوی هۆشیاری و ڕێنمایی پەنابەران (Flyktinggruppernas riksråd) لە ڕاپۆرتێکیدا کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا بڵاوی کردەوە و بووە جێی بایەخی میدیاکانی سوێد، هێما بۆ 100 کەیسی لەم شێوەیە دەکات.

گوتەبێژی ڕێکخراوەکە بە میدیاکانی سوێدی ڕاگەیاندبوو "بڕیار و ڕێکاری هەڵە، سەدان کۆچبەری خستە سەر شەقامەکان".

ئیلیا یۆهانسۆن کە خۆبەخشێکی ڕێکخراوەکەیە، باس لە سەدان کەیسی تراژیدی هاوشێوەی ئەو گەنجانە دەکات و دەڵێت "لە مێژووی سوێددا شتی وا ڕووی نەداوە".

یۆهانسۆن بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کۆچبەرانە بەبێ بەرنامە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەرکراون. ئێستا سەدان کۆچبەر لەسەر شەقامەکان دەخەون". ئەو دەپرسێ "لە مانگەکانی داهاتوودا پلەکانی گەرما زۆر دادەبەزن، باشە چارەنووسی ئەم کۆچبەرانە چی دەبێت".

## سوێد... وڵاتی ژنە تەنیاکان

# ژنانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە زوو واز لە مێردەکانیان دێنن

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

"سوێد وڵاتی ژن، پاشان منداڵ، دواتر سەگ، ئینجا پیاوە". ئەوە قسەی زۆربەی پیاوانی کوردە لەو وڵاتە. زۆر لە پیاوانی کورد پێیانوایە ئەو ڕیزبەندیە، هانی ژنانی کوردی داوە بۆ ئەوەی لە پیاوەکانیان جیاببنەوە و پیاویش هیچ مافێکی نەبێت.

ئەو بۆچوونەی پیاوانی کورد لە سوێد لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە زۆربەی کێشەکانی ژن و مێرددا، دەوڵەت ماف بە ژن دەدات و سزای پیاوەکە دەدات.

حەمەنووری سەرچناری، کوردێکی دانیشتووی سوێدە، هەشت ساڵە لە ژنەکەی جیابووەتەوە و دەڵێت "بەڕاستی سوێد وڵاتی ژنانە، هیچ قیمەتێکی بۆ پیاو نەهێشتووەتەوە. لەبەر منداڵەکانم نەبووایە دەمێک بوو ئەو وڵاتەم جێهێشتبوو".

سووڕانەوەی پیاوان بەتەنیا لە بازاڕەکانی شیستا و تێنستا و سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم بە بێکاری، هەروەها کارکردنی ژنە تەڵاقدراوەکانیان، دیاردەیەکی دیاری نێو کوردانی سوێدە. پیاوان بێزارن لە ژیان و تاقەتی کاریشیان نییە، ژنەکانیشیان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ڕۆژانە زیاتر لە 9 کاژێر کاری قورس دەکەن.

حەمەنووری سەرچناری ڕەتیکردەوە لەگەڵ ژنەکەی هیچ کێشەیەکی هەبووبێ و پێیوایە سوێد هاندەری ئەوە بووە ژنەکەی وازی لێ بهێنێت. ئەو گوتی "جیا لە هەموو وڵاتانی ئەورووپا، سیستمی سوێدی هاندەرە بۆ وازهێنانی ژنان لە پیاوەکانیان، دەیان هاوڕێم لە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و دانیمارکن، هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ژنەکانیان نییە".

زیاد محەممەد، توێژەر و مامۆستای زانکۆ لە سوێد دەڵێت، دوو لەسەر سێی ئەو خێزانە کوردانەی ڕوو لە سوێد دەکەن، گیرۆدەی ئەم جۆرە کێشانە دەبن و جیابوونەوەی بەدوادا دێت.

ئەو پێیوایە ڕەخساندنی ئازادیی ئابووری و هەلی کار، ژنانی کوردی وا لێکردووە بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە "ئەو سەربەخۆییە بە جیابوونەوە و بەتەنیا مانەوەیان کۆتایی دێت". هەرچەندە زیاد محەممەد ئەو حاڵەتە بە مەترسی لەسەر ڕەوەندی کوردی نازانێت، بەڵام دەڵێت "حاڵەتەکە بەلای پیاوانی کوردەوە ئاسایی نییە، پیاوانیش وەک پێویست لەم ڕاستییە تێنەگەیشتوون و هەزمیان نەکردووە. ئەو کێشانە زۆرجار لە ئەنجامی بێزاریی ژنان و گرفتی دەروونی دروست دەبن".

### "ژنان تەنیاییان پێ باشترە"

ڕێکخراوێکی کوردی لە سوێد کە زیاتر کار لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و کۆمۆن پشتگیریی دارایی دەکات، خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ڕەوشی ژنانی کورد لەو وڵاتە. ئەگەرچی هێشتا لە نیوەی کارەکانیاندان، بەڵام بەپێی لێدوانی کارمەندێکی ئەو ڕێکخراوە گەیشتوونەتە زۆر ڕاستیی ورد.

خەندە شاسوار کارمەندێکی ڕێکخراوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ژنانی کورد تەنیاییان پێ باشترە، زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە لەسەر داوای خۆیان بووە".



ئەگەرچی لە فۆرمی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا ئەوان کەمتر چوونەتە نێو زانیارییە کەسییەکان، بەڵام لەکۆی چەند هەزار فۆرمێک دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو ژنانەی داوای جیابوونەوەیان کردووە و ئێستا بە تەنیا دەژین، بە پلەی یەک ژنی کوردی ڕۆژهەڵاتن و بە پلەی دووەمیش ژنانی باشووری کوردستانن پاشان ژنانی باکووری کوردستان".

هەر بەپێی توێژینەوەکە زۆربەی ئەو ژنانەی بڕیاری جیابوونەوە دەدەن، لە ئەنجامی کاری زۆر بووە، هەروەها ژنەکان خاوەن ئابوورییەکی باشن و بەشێکی زۆریان بڕوانامەی باڵایان هەیە. مانەوەی ژن بەتەنیا لە شارێکی وەکو ستۆکهۆڵم شتێکی باوە و ژنانی پایتەختی ئەو وڵاتەی پێ جیا دەکرێتەوە. بەباوەڕی چالاکڤانێکی کورد، ئەم خەسڵەتەی ژنانی ستۆکهۆڵم کاریگەری لەسەر ئەو ژنە کوردانەش هەبووە کە لەوێ دەژین، چونکە زۆر لەو ژنە کوردانەی بەتەنیا دەژین نیشتەجێی ستۆکهۆڵمن.

سلڤانا بامەڕنی، چالاکڤانی ژنان بە (ڕووداو) گوت "تێکەڵاوی ژنانی کورد لەگەڵ ستۆکهۆڵمییەکان ئەم کولتوورەی گواستووەتەوە. ژنانی کورد و سوێدییەکانی ستۆکهۆڵم زۆربەیان لە تەمەنی دوای 40 ساڵی، بەتەنیا دەژین".

خەندە شاسوار ئەو زانیاریانەی سلڤانای پشتڕاست کردەوە و گوتی "تا ئێستا لە نیوەی کارەکانماندابن، بەڵێ زۆربەی ئەو ژنە کوردانەی بەتەنیا دەژین لە ستۆکهۆڵمن".

### دابڕان لە خەسڵەتی ژنی کورد

ئاگانەبوون لە ماڵ و ژیانێکی پڕ لە سترێس و دوور لە حەوانەوە، ژیانی ئەو ژنانەیە کە بە تەنیان. هەنار حوسێنی کە ژنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە مێردەکەی جیابووەتەوە و ئێستا بە تەنیا دەژیت، دەڵێت "هەفتەی دووجار حاجەت دەشۆم، دوو هەفتە جارێکیش ماڵ پاک دەکەمەوە. زۆر بە کەمیش خواردن ئامادە دەکەم و هەر ساندویچ و پیتزای دەرەوە دەخۆم".

هەنار کار دەکات و بەشێکی دیاری کارەکانیشی لە شەودایە، ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەش کاتی پڕ کارییەتی "چونکە زۆر لە سوێدییەکان و تەنانەت بیانییەکانیش شەو و ڕۆژانی پشوو (شەممە و یەکشەممە) کارناکەن و ئەو کاتەش بۆ من زێڕینە".

هەنار داهاتێکی زۆر باشی هەیە، بەڵام لە چیرۆکی ژیانیدا دەردەکەوێت کە ژیانێکی نائارامی کۆمەڵایەتیی هەیە. توێژەرە کۆمەڵایەتییەکەش دەڵێت "ئەمە ڕاستیی ژیانی زۆر لە ئافرەتە تەنیاکانی کوردی سوێدە. ئەوان دابڕاون لەو خەسڵەتەی ئافرەتی کوردی پێ دەناسرایەوە".

### پیاوێکی کورد: سیستمی سوێدی هاندەرە بۆ وازهێنانی ژن لە پیاوەکەی

### لە واقیعەوە بۆ ئەدەب

چیرۆکی جیابوونەوەی ژن و پیاوی کورد لە سوێد چووەتە نێو ڕۆمانی نووسەرانیش. ئەوەتا نووسەری کورد د.فەرهاد پیربال لە ساڵی 2003 ڕۆمانێکی بەنێونیشانی (پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین) چاپ و بڵاوکردووەتەوە. لە ڕۆمانەکەدا باسی مامۆستایەکی کوردی نیشتەجێی مالمۆ دەکات کە چۆن و بە چ دەردەسەرییەک ژن و منداڵەکانی گەیاندووەتە سوێد، بەڵام ژنەکەی دوای ئەوەی خۆی دەدۆزێتەوە، داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی دەکات، پاشان مێرد بە دۆستە سوێدییەکەی دەکات. مامۆستاش بەدرێژایی ساڵ سەرقاڵی کارکردن دەبێت، بۆ ئەوەی قەرزەکانی خەرجی ڕاکێشانی ژنەکەی بۆ سوێد بداتەوە.

هەروەها عەتا نەهایی لە "گەرەوی بەختی هەڵاڵە"دا هەمان چیرۆکی پێکەوە نەگونجان و جیابوونەوەی ژن و پیاوێکی کوردی نیشتەجێی سوید بەرجەستە دەکات کە دواجار بە کارەسات کۆتایی دێت.



## هەناسەی مەریوان و ئاریان تێکەڵ دەبێ

پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی

هەردوو هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەریوان سەفائەددین و ئاریان کەریم، گۆرانییەک پێکەوە دەڵێن و لە جەژنی قورباندا بڵاوی دەکەنەوە.

ئاریان کەریم، گوتی کە بەرهەمەکە ناوی (هەناسە)یە و لە تێکست و میلۆدیی هونەرمەند مەریوان سەفائەددینە. موزیسیان کارزان مەحموود دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە و هەردی عومەریش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە.

ئەوە یەکەم بەرهەمی هاوبەشـی ئەو دوو هونەرمەندەیە. ئاریان گوتی "ئەو بەرهەمە بەشـێوازی خاو گوتراوە، ئێمە پێشـتر ئاگاداری کارەکانی یەکدی بووین، بۆیە بڕیارمان دا کارێکی هاوبەش بکەین".

### خانمە گۆرانیبێژی فارس، مۆنا سەرداری بۆ (ڕووداو):

# بۆ دوو ڕۆژ هاتمە کوردستان بەڵام دوو ساڵە لێرەم

بۆ دوو ڕۆژ هاتە هەولێر، بەڵام ئەوە دوو ساڵ و نیوە لێرەیە، ئێستا زۆر بەباشی لە زمانی کوردی تێدەگات، بەڵام ناتوانێ قسەی پێ بکات. مۆنا سەرداری فارسە و لەتاران لەدایک بووە، بەڵام 10 ساڵە تارانی جێهێشتووە و نزیکەی هەشت ساڵ لە دوبەی بووە، دوو ساڵیشە لە کوردستانە و بەشداری شەوە ئاهەنگەکانی هوتێل و ڕێستورانتەکانی کوردستان دەکات. مونا بە هەرسێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی گۆرانی دەڵێت. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو گۆرانیبێژە دەزانن.

هەڤپەیڤین: هیوا سلاح
ڕووداو هەولێر

**ڕووداو: مۆنا کێیە؟**

**مۆنا:** تەمەنم 30 ساڵە و لە تاران لەدایک بووم. باوک و دایکم هونەرمەند نەبوون، بەڵام زەوقی هونەرییان هەبوو. لە منداڵییەوە هۆگری میوزیک بووم و هەمیشە لە ماڵماندا میوزیک هەبوو. لە تەمەنی 17 ساڵییەوە دەستم کرد بە فێربوونی میوزیکی ئێرانی. خولەکانی گۆرانیی ڕەسەنی ئێرانی و کلاسیکی ڕۆژئاواییم تەواوکردووە، وەک پۆپ و سۆلفێج و ئەوانە. نزیکەی 10 ساڵە ئێرانم جێهێشتووە. پێشتر هەشت ساڵ لە دوبەی خەریکی کاری میوزیک بووم، ئەوە دوو ساڵ و چەند مانگێکیشە لە کوردستانم.

> گۆرانییەک بۆ کوردستان دەڵێم

> لێرە زۆر داوای گۆرانییەکانی هایدە و مەهەستیم لێ دەکەن

**ڕووداو: بۆچی دوبەیت جێهێشت و ڕووت لە کوردستان کرد؟**

**مۆنا:** بە ڕێکەوت هاتمە کوردستان، لەسەر بانگێشتی هاوڕێیەکم بۆ سەردانێکی دوو ڕۆژە هاتم، بەڵام زۆر حەزم لێرە کرد و لێرە مامەوە، چونکە پێموابوو ئەوەی ناتوانم لە ئێران بیکەم، لێرە دەتوانم. هەروەها نزیکی زمان و کولتووری کوردی و فارسی هۆکارێکی دیکەی مانەوەم بوو. لێرە خەڵک زۆر گوێ لە گۆرانی فارسی دەگرن.

**ڕووداو: یەکەمجار کوردستانت چۆن هاتە بەرچاو و هەستت چی بوو؟**

**مۆنا:** بەهیچ شێوەیەک هەستم بە غەریبی نەکرد. هەستم کرد ئێرە یەکێکە لە شارەکانی ئێران کە من تا ئێستا نەمبینیوە. هەمان هەستم هەبوو کاتێک کە چووم بۆ سنە. هیچ هەستم نەکرد کە لە دەرەوەی ئێرانم، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حەز بکەم بمێنمەوە.

**ڕووداو: پێشتر زانیاریت لەسەر کوردستان هەبوو.**

**مۆنا:** زانیارییەکی کەم.

**ڕووداو: ئەی سەبارەت بە گۆرانیی کوردی؟**

**مۆنا:** زانیاریم هەبوو لەبەر ئەوەی لە ئێران گۆرانیبێژمان هەن کە بە کوردی گۆرانی دەڵێن، بۆ نموونە شەهرام نازری، کامگارەکان کە مامۆستای گەورەن لە میوزیکدا. چوومەتە ماڵی خاتوو نەجمەی کامگار، ئاشنای میوزیکی کوردی بووم.

**ڕووداو: دەتوانی بە کوردی گۆرانی بڵێی؟**

**مۆنا:** بەڵێ

**ڕووداو: گۆرانی کام گۆرانیبێژ؟**

**مۆنا:** گۆرانییەکانی عەدنان کەریم، تایەر تۆفیق، شڤان پەروەر، محەمەد عەزیز و چەندینی دیکەم گوتووەتەوە.

**ڕووداو: بەرهەمت هەیە کە لە کوردستان تۆمارت کردبێ؟**

**مۆنا:** نا، بەڵام حەزم لێیە گۆرانییەکی کوردی لێرە تۆمار بکەم.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لێرە کۆنسێرتێک ساز بکەی.**

**مۆنا:** زۆر پێم خۆشە، تەنانەت بەبێ بەرامبەر کۆنسێرت بکەم، بەڵام لەو دۆخەدا خەڵک بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە، ئاسوودە نین، بۆیە هەست دەکەم لەم دۆخەدا خەڵک زەوقی چوونە کۆنسێرتیان نییە.

**ڕووداو: تا چەند زانیاریت لەسەر خانمە گۆرانیبێژەکانی کوردستان هەیە و زیاتر هۆگری دەنگی کامیانی؟**

**مۆنا:** زیاتر حەزم لە دەنگی لەیلا فەریقی و فرمێسکە.

**ڕووداو: تۆ لە ڕێستورانتەکان گۆرانی دەڵێیت، بەڵام هەندێک هونەرمەند ئەو کارە بە عەیبە دەزانن، ڕای تۆ لەو بارەیەوە چییە؟**

**مۆنا:** بە ڕای من، کاتێک لە شوێنێکی بچووکی وەک ریستورانت گۆرانی دەڵێی، واتە لە نزیکەوە پەیوەندیت لەگەڵ خەڵک هەیە و دەیانبینی. کاتێک لە نزیکەوە داوای گۆرانیی دڵخوازی خۆیانت لێدەکەن، تۆ باشتر لەوە تێدەگەی کە زەوق و هۆگریی جەماوەرەکەت چییە، ئەوانەی لە ڕێستورانتەکان گۆرانی ناڵێن، باری داراییان باشە، بەڵام من لە رووی مادییەوە ئەوندە لە دۆخێکی باشدا نیم کە بڵێم ناچمە ئەو شوێنانە و تەنیا دەچمە کۆنسێرت. بەڵام هەموو گۆرانیبێژە گەورەکان هەر لەم شوێنە بچووکانەوە دەستیان پێکردووە.

**ڕووداو: لێرە زۆرتر داوای چ گۆرانییەکت لێ دەکرێ؟**

**مۆنا:** زۆر حەزیان لە گۆرانیی شاد و هەڵپەڕکێیە. هەروەها داوای گۆرانییەکانی هایدە و مەهەستیم لێدەکەن.

**ڕووداو: هەندێ لە گۆرانیبێژانی کورد گلەیی دەکەن کە گۆرانیبێژە فارس و عەرەبەکان بازاڕی ئەوانیان زەوت کردووە، ئایا ئەوە ڕاستە؟**

**مۆنا:** ڕاستە، خەڵکی کورد زیاتر حەزیان لێیە گۆرانیبێژی ژن گۆرانییان بۆ بڵێت و زۆریش حەزیان لە گۆرانیی فارسی و عەرەبییە. ژنە گۆرانیبێژی کورد ئامادە نین لە ریستۆرانت گۆرانی بڵێن.

> کورد زیاتر حەز دەکەن ژن گۆرانییان بۆ بڵێت

> پەیوەندیم لەگەڵ کوڕێکی کورد هەیە

**ڕووداو: تۆ لە دوبەییش کارت کردووە، جیاوازیی کارکردن لەوێ و لە کوردستان چییە و کامیان لای تۆ خۆشترە؟**

**مۆنا:** من لێرە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، سەرەڕای ئەوەی ئێرە شەڕی تێکەوتووە بەهۆی داعشەوە، کەچی لێرە دڵم ئارامە. خەڵکەکەی میواندۆستترن و حەزیان لە میوزیکی فارسییە، زمانمان لێک نزیکە. من لێرە گوێگرم زۆرترە تا لە دوبەی. لە دوبەی تەنیا دەبوو بۆ ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەوێ گۆرانیم بگوتایە، بەڵام لێرە وانییە.

**ڕووداو: شووت کردووە؟**

**مۆنا:** نا.

**ڕووداو: شوو بە کوڕی کورد دەکەی یان فارس.**

**مۆنا:** فارس و کوردبوون بۆ من گرنگ نییە. مرۆڤبوون بۆ من گرنگە.

**ڕووداو: کەس هەیە لە ژیانتدا کە خۆشتبوێ؟**

**مۆنا:** کوڕێکی کورد هەیە هاوڕێمە و خۆشمدەوێ، بەڵام هەلومەرج و پلانی ئەوەمان نییە خێزان پێکەوە بنێین. تەنیا هاوڕێین. کوڕەکە هەر سەرەتا پێیگوتم ناتوانم بتخوازم چونکە بنەماڵەکەمان ڕازی نین کچی بێگانە بخوازین.



● لە کوردستان هەست بە غەریبی ناکەم

### گۆرانیبێژ کەمال عەلی بۆ (ڕووداو):

# باوکم حەزی دەکرد ببمە پۆلیس نەک گۆرانیبێژ

سـاڵانی نەوەتەکان بە گۆرانییە شادییەکانی بووە یەکێک لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی شاری سلێمانی، بەڵام بەبۆچوونی هەوادارانی، دوای چوونی بۆ دەرەوەی وڵات، بەرهەمەکانی پاشەکشەیان کرد. خۆی دەڵێت "ئەوە پاشەکشە نییە، بەڵکو کارکردنی کوردستان و ئەوروپا جیاوازن و خۆم حەزم لە ستایلی خاوە". کەمال عەلی، ساڵی 1970 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردووە و نزیکەی 21 ساڵە لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەژی. خێزاندارە و کچێک و کوڕێکی هەیە. کەمال عەلی ماوەیەک لەمەوبەر گەڕایەوە کوردستان و بەنیازی تۆمارکردنی دوو بەرهەمی هونەرییە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) زانیاری زیاتر سەبارەت بە کارەکانی باس دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: ئێوە لە سلێمانی و شارەزوور ژیاون، ژیانی منداڵیت چۆن بوو؟**

**کەمال عەلی:** لەبەر ئەوەی باوکم پۆلیس بوو، بۆیە خێزانێکی کەمدەرامەت بووین، ژیانێکی قورسمان هەبوو، بە منداڵی چلوورەم فرۆشتووە، کە مێردمنداڵیش بووم کرێکاریم دەکرد، بۆ ئەوەی هاوکاریی باوکم بکەم.

**ڕووداو: خۆت دەستت بە کاری هونەری کرد، یان کەسێک بەهرەی گۆرانیگوتنی تێدا دۆزیتەوە؟**

**کەمال عەلی:** کاتێک لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم لە ناوچەی شارەزوور. مامۆستایەکمان هەبوو زۆرجار داوای لێدەکردین گۆرانی بڵێین، منیش هەموو جارێک گۆرانیم دەگوت. ئەو مامۆستایە بەهرەی گۆرانیگوتنی لە مندا دۆزییەوە.

**ڕووداو: لە کاتێکدا باوکت پۆلیس بووە، پێی چۆن بوو کە ببیتە گۆرانیبێژ؟**

**کەمال عەلی:** باوکم لەبەرئەوەی شێخی بەرزنجییە پێی ناخۆش بوو لە بواری هونەردا کار بکەم و بەلایەوە مەحاڵ بوو، دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، حەزم لێبوو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بخوێنم، بەڵام وەرنەگیرام. باوکیشم حەزی دەکرد بڕۆمە کۆلێژی پۆلیس، چونکە ئەوکات کۆلێژی پۆلیس دەرچووی ناوەندیشی وەردەگرت، منیش حەزم نەدەکرد ببمە پۆلیس، هەفتەیەک لە ترسی باوکم نەمدەوێرا بڕۆمەوە ماڵەوە. چوومە ماڵی خوشکێکم. پاشان چوومە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان.

**ڕووداو: یەکەم گۆرانیت کەی تۆمارکرد؟**

**کەمال عەلی:** ساڵی 1987 لەگەڵ هونەرمەند دانا عەبدولجەبار دوو بەرهەممان برد بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک، بە ئۆتۆمبێلی کرێ چووین بۆ کەرکووک، بەڵام بەداخەوە لە ڕێگە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تووشی پێکدادان بووین، سەرنشینەکانی دواوە مردن و ئێمە سەلامەت دەرچووین. ئیدی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک گۆرانییەکانیان بۆ تۆمارکردینەوە و بڵاویان کردەوە.

**ڕووداو: کاتێک باوکت زانی بوویتە گۆرانیبێژ، هەڵوێستی چۆن بوو؟**

**کەمال عەلی:** من بەدزییەوە گۆرانیم دەگوت، دوای چەند ساڵێک کە خەڵک ناسیمی و گرووپی موزیکی کاڵێم دروستکرد، زانی لە بوارەکەدا جێگیر بووم و بووەتە ئەمری واقیع، ئیدی هیچی نەگوت، بەڵام هەر پێی ناخۆش بوو.

> لە کاتی تۆمارکردنی یەکەم گۆرانیمدا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووم

> بە دزیی باوکمەوە گۆرانیم دەگوت

**ڕووداو: لە نەوەدەکاندا ئێوە و چەند هونەرمەندێکی دیکە بە چەند گۆرانییەک زۆر ناسران و تەنانەت ئێستاش بەبەرهەمی ئەو کاتە دەناسرێنەوە، هەست ناکەن ئێستا پاشەکشەتان کردووە؟**

**کەمال عەلی:** ئەوە پاشەکشە نییە، چونکە کارکردنی کوردستان و دەرەوە زۆر جیاوازە، لە کوردستان گرووپی هونەریی بووین، بەڵام لە دەرەوە کۆکردنەوەی گرووپ زۆر قورسە.

**ڕووداو: لە کوردستان گۆرانییەکانتان شادی بوون، بەڵام لە دەرەوە بەرهەمەکانتان بۆ شێوازی خاو گۆڕا، هۆی ئەوە چی بوو؟**

**کەمال عەلی:** لەڕاستیدا ئەو کاتە لەبەرئەوەی دۆخێکی ناهەمواری سیاسی لە کوردستاندا هەبوو، دەمانویست بەو بەرهەمانە خەڵک دڵخۆش بکەین، هەمیش بۆ ئەوەی ئاهەنگەکانمان زیاد ببن، بەڵام وەکو خۆم حەزم لە ستایلی خاوە.

**ڕووداو: بەرهەمەکانی دەرەوەت، کەمتر چوونەتە نێو خەڵکەوە بۆچی؟**

**کەمال عەلی:** من ئەگەر چەند هەوادارێکی خۆم گوێم لێبگرن و دەستخۆشیم لێبکەن بەلامەوە ئاساییە، چونکە مەبەستم کاری بازرگانی نییە.

**ڕووداو: بۆچی بەرهەمت کەمە؟**

**کەمال عەلی:** سپۆنسەرم نەبووە و حەزیشم نەکردووە داوای هاوکاری لە هیچ کەسێک بکەم، بەڵکو هەمووی لە ئەستۆی خۆم کردووە.

**ڕووداو: بەنیاز نین گۆرانی شادی بڵێنەوە؟**

**کەمال عەلی:** لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ کوردستان دوو بەرهەمم ئامادە کردووە، یەکێکیان شادە. هونەرمەند و هاوڕێی خۆشەویستم بەختیار ساڵح بە ئامێری نەی و کۆرسیش هاوکاریی کردووم. ئەوەی دیکەش هۆنراوەی هیوا کۆییە و ئاواز و موزیکەکەشی ئامادەیە، موزیسیانان شیاو کەمال یان محەممەد یاسین لە تورکیا موزیکی بۆ دەکەن و لە دەرەوەش کلیپی دەکەین.

**ڕووداو: پلانت نییە بەرهەمە کۆنەکانت، نوێ بکەیتەوە؟**

**کەمال عەلی:** جارێک بەرهەمێکم تازە کردەوە، بەڵام هاوڕێیانم دەیانگوت بەرهەمی کۆن گەرم دەکەیتەوە، کاری نوێمان پێشکەش بکە، بۆیە خۆشم حەزم لە بەرهەمی نوێیە.

**ڕووداو: پێتخۆشە گۆرانی بۆ کێ بڵێیت؟**

**کەمال عەلی:** دایکم لە ژیاندا ماوە و پێمخۆشە گۆرانییەکی بۆ بڵێم.



پێمخۆشە گۆرانییەک بۆ دایکم بڵێم




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484

LEGACY
CONSTRUCTION

ڕووداو
ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22



## لە گەرمیان ژنێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- گەرمیان**

لە گەرمیان ژنێک خۆی خنکاند و مێردەکەشی بە بڕیاری دادوەر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. ڕائید عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2016/8/21 ژنێکی تەمەن 20 ساڵ لە سنووری گەرمیان گەیەندراوەتە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە شارۆچکەی کەلار کە بە گوتەی کەسوکاری لە ماڵی خۆیدا خۆی هەڵواسیوە و گیانی لەدەستداوە. قەدووری گوتی "بە بڕیاری دادوەر بەپێی ماددەی (411) لە یاسای سزادانی عێراقی مێردی ژنەکە بەندکراوە. نووسینگەی گەرمیانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن".

تەرمی ژنە نەناسراوەکان بوونە پێنج

# لە هەولێر تەرمی ژنێکی نەناسراو دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

تەرمی ژنێکی نەناسراو لە نزیک شاری زەیتوون لە هەولێر دۆزرایەوە. بەپێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، ژنەکە بە گوللەیەک کوژراوە و گوللەکە لە سەری دراوە. ئەمەش دەبێتە پێنجەم تەرمی ژنی نەناسراو کە ئەمساڵ لە کوردستان دۆزراونەتەوە.

ئێوارەی ڕۆژی 2016/8/13 پۆلیس لە دۆزینەوەی تەرمی ژنێک لە نێوان ناحیەی دارەتوو و شاری زەیتوون لە شاری هەولێر ئاگادار کرانەوە. پاشان تەرمەکەیان بۆ پەیمانگەی پزیشکی دادی هەولێر گواستەوە. سەرچاوەیەک لەو ناوچەیە بە (ڕووداو)ی گوت "کاتێک ئەو تەرمە دۆزرایەوە، هێشتا خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، دیار بوو تازە کوژرابوو، تەرمەکە لە چۆڵەوانییەک لە نێوان شاری زەیتوون و ناحیەی دارەتوو فڕێدرابوو، هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبوو، بۆیە نەناسرایەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتوون، ژنەکە بە گوللەیەک کوژراوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "تەرمەکە هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە، بۆیە نازانرێت کوردە یان نا، بەڵام پێدەچوو تەمەنی لە سەرووی 30 ساڵانەوە بێت. ژنەکە پانتۆڵێکی کاوبۆی و کراسێکی لەبەردابوو و قژێکی زەردی هەبوو". بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، بە ماوەیەکی کەم دوای کوژرانەکەی، خەڵکی ناوچەکە بە ڕووداوەکەیان زانیوە.

پۆلیسی شاری هەولێر سەرقاڵی بەدواداچوونە بۆ دۆزینەوەی بکوژانی ئەو ژنە، بەڵام وەکو سەرچاوە ئاگادارەکە گوتی "شوێنی فڕێدانی تەرمەکە چۆڵەوانی بووە و بەڕێکەوت دۆزراوەتەوە، لەبەرئەوە تائێستا نازانرێت ئەو ژنە هەر لە شوێنی فڕێدانی کوژراوە، یاخود لە شوێنی دیکە کوژراوە و لەوێدا فڕێدراوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە ناسنامە و دۆزینەوەی بکوژان و هۆکاری کوشتنەکەی دەکرێت".

تەرمی ئەو ژنە تاوەکو پێنج ڕۆژ دوای دۆزینەوەشی، هەر لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر بوو. سەرچاوەیەک لەو پەیمانگەیە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای توێکاری دەرکەوت تەنیا شوێنی گوللەیەک بەسەریەوە بوو، بەڵام ئەشکەنجە نەدراوە". گوتیشی "تەرمەکەی هێشتا هەر لە پەیمانگەیە و کەس خۆی لێ نەکردووەتە خاوەن".

بە گوتەی سەرچاوەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادی، لە ماوەی ئەمساڵدا تەرمی دوو ژنی دیکەی نەناسراو گەیاندراونەتە پەیمانگەکەیان. بەپێی بەدواداچوونەکانی (ڕووداو)یش ئەمساڵ تەنیا تەرمی دوو ژنی دیکەی نەناسراو لە ناوچەکانی کوردستان دۆزراونەتەوە، یەکێکیان شەوی 2016/1/11 لە شاخێکی گوندی خوامرادی نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە شاری سلێمانی لەلایەن دوو شوانەوە دۆزرایەوە. دوای پشکنین دەرکەوت بە چەند گوللەیەک کوژراوە. هەروەها ڕۆژی 2016/2/12 تەرمی ژنێکی دیکە لە ناوچەی گەلی زەنتە لە نزیک شارۆچکەی ئاکرێ دۆزرایەوە کە نزیکەی پێنج گوللەی لێ درابوو. بە گوتەی بەرپرسە ئەمنییەکانیش کە ئەو کاتە قسەیان بۆ (ڕووداو) کرد، پێدەچوو پێش ئەوەی بە گوللە بکوژرێ، خنکێنرابێت.

بەپێی یاسای پزیشکی داوەری و توێکاری، هەر تەرمێکی بێ خاوەن دوو مانگ دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت، بەڵام ئەگەر تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، ئەوا بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی دادوەر، پێش تەوابوونی ئەو وادەیە، تەرمەکان لە گۆڕستانێکی تایبەتدا دەنێژرێن

# بە نۆ کەس ژن و مێردێک دەکوژن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

جەمیلە، 24 ساڵ لەمەوبەر دەستی چووە خوێنی مێردەکەی. هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەک چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی لە گەڕەکێکی شاری کەرکووک و خۆی و مێردەکەیان کوشت. بنەماڵەی جەمیلە دەڵێن ئەو ژنە لەلایەن بنەماڵەی مێردی یەکەمییەوە کوژراوە، بەڵام ئەوان تۆمەتەکە ڕەتدەکەنەوە.

ئێوارەی ڕۆژی 2016/8/7 لە گەڕەکی ڕووناکیی شاری کەرکووک، ژمارەیەک چەکدار دەچنە ماڵی جەمیلە محەممەد، تەمەن 49 ساڵ، دوای هەواڵپرسینی بە گوللەیەک دەیکوژن و هەر لەوێ دوو گوللە لە قاسم محەممەدی مێردی دەدەن و بریندارى دەکەن. دواتر ئەویش لە نەخۆشخانە دەمرێ.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عروبە کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن، ڕایگەیاند "ژمارەیەک چەکدار چوونەتە بەردەم ئەو ماڵە و پرسیاری ئەو ژنەیان کردووە و دوای دڵنیابوون لێی، گوللەیەکیان بە سەریەوە ناوە و دواتریش کە مێردەکەی ویستوویەتی قسە بکات، دوو گوللەیان لەویش داوە.

سەرچاوەکە گوتی "ئەو چەکدارانە لە کاتی ڕووداوەکەدا بە ژنەکەیان گوتووە ئەوە هەقی 24 ساڵ لەمەوبەرت لێدەکەینەوە".

جەمیلە 24 ساڵ لەمەوبەر مێردەکەی خۆی کوشتووە، دواتر شووی بە قاسم کردووە. لە شارۆچکەیەکی نزیک شاری ڕومادی ژیاون و خاوەنی هەشت منداڵن. قاسم ساڵی ڕابردوو بێوەژنێکی مارە کردووە کە دوو منداڵی هەیە، لەگەڵ جەمیلەدا لە یەک خانوودا دەژیان.

دراوسێیەکی ماڵی قاسم بە (ڕووداو)ی گوت "دوای تەقەکردن منداڵەکانیان هاتنە دەرەوە و گوتیان دایکمان کوژراوە و باوکیشمان بریندارە، بەڵام تا ئەو کاتە نەمانزانی ژنەکە دوژمندار بووە، چونکە چەند مانگێکە هاتوونەتە ئەم گەڕەکە و خێزانێکی زۆر بێدەنگیش بوون".

بە گوتەی کەسوکاری قاسم، هۆکاری کوشتنی مێردەکەی پێشووی جەمیلەش لەلایەن جەمیلە و خوشکەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوشتنی دایک و باوک و مامیان لەلایەن مێردەکەی جەمیلە و چەند کەسێکی دیکە.

کەریم محەممەد، برای قاسم بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵی 1992 مێردی پێشووی جەمیلە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە شاری چەمچەماڵ باوک و دایک و مامی جەمیلەیان بۆ پارە و ئاڵتوون کوشتووە، هەرچەندە پۆلیس دەستگیری کردن، بەڵام ئەوان حاشایان لە تاوانەکە کرد، بۆیە ئازاد کران".

بەڵام جەمیلە دوای ئەوەی دڵنیا دەبێ کە ئەو چەقۆیەی لە تاوانەکەدا بەکارهاتووە هی ماڵی خۆیانە، بە هاوکاریی خوشکەکەی، مێردەکەی خۆی بە چەقۆ دەکوژێ.

کەریم گوتی "جەمیلە ساڵێک دەستگیرکرا و دواتر ئازاد کرا، دوای ئازادبوونیشی چووە ماڵی خوشکێکی لە شاری کوت. لەبەرئەوەی پێشتریش جەمیلە و قاسم خزمایەتی لەنێوانیاندا هەبووە، لەوێ لەگەڵ قاسم خێزانیان پێکەوەنا".

بەگوتەی کەریم، پێشتریش کەسوکاری مێردی پێشووی جەمیلە هەڕەشەی کوشتنیان لە جەمیلە کردووە "خوشکێکی مێردەکەی پێشووی لە پرسەکاندا هەڕەشەی کوشتنی لە جەمیلە کردبوو، تەنانەت ئاگادارین لەوەتای جەمیلە و قاسم گەڕاونەتەوە کەرکوک، پلان بۆ ئەو کارە دادەنێن".

کەریم لە زاری براکەیەوە باسی کاتی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "وەکو قاسم بۆی باسکردین، کەسوکاری مێردەکەی پێشووی جەمیلە نۆ کەس بوون، شەشیان چوونەتە ژوورەوە، دوویان لە دەرەوە و یەکێکیشیان لەنێو ئۆتۆمبێل بووە. لەو شەشەی چووبوونە ژوورەوە دوویان دەمامکیان نەکردبوو، لە نەخۆشخانە وێنەکانمان نیشان دا، هەردووکیانی ناسییەوە".

کەریم هەروەها گوتی "ئەو کاتەی چوونەتە ژوورەوە سەرەتا پرسیاری ژنەکەیان لە قاسم کردووە، ئەویش گوتوویەتی لە ماڵەوە نییە، بەڵام دوای دۆزینەوەی لە مەتبەخی ماڵەکەیدا کوشتوویانە، براکەشم ویستبووی بەرگری بکات، بەڵام تەقەیان لەویش کردبوو، دوای چوار ڕۆژ ئەویش مرد".

بەڵام کەسوکاری مێردی پێشووی جەمیلە کە لە شاری چەمچەماڵ نیشتەجێن، ڕەتیدەکەنەوە پلانیان بۆ کوشتنی جەمیلە دانابێت، خوشکی پێشووی مێردی جەمیلە کە لەلایەن کەسوکاری قاسمەوە بە هەڕەشەکردن لە جەمیلە تۆمەتبار دەکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "بەهیچ شێوەیەک ئاگامان لەکوشتنی جەمیلە و مێردەکەی نییە و لە خەڵکمان زانیوە کوژراوە، ئێمە تەنیا برایەکمان هەیە ئەویش زۆر داماوە".

جەمیلە لەگەڵ خوشکی پێشووی مێردەکەی ژن بە ژنیان پێکراوە. ئەو ژنە گوتی "جەمیلە حەزی نەدەکرد شووی بە براکەم کردووە، بۆیە ساڵی 1992 لەگەڵ خوشکەکەیدا براکەمیان کوشت و هەر لەوێشدا خستیانە چاڵێک، بەڵام مێردی خوشکی جەمیلە بە ڕووداوەکەی زانی".

ئەو ژنە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیکردەوە براکەیان بە هاوکاریی کەسانی دیکە باوک و دایک و مامی جەمیلەیان کوشتبێت و گوتی "چەندین کەس وەکو شایەت شایەتیمان بۆ دەدەن کە بەهیچ شێوەیەک براکەم دەستی لە کوشتنی ئەواندا نەبووە، بنەماڵەی جەمیلە خۆیان دەزانن کێ ئەوانی کوشتووە".



# ژنانی کەرکووک مێردەکانیان سکاڵاباران دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

هەڵکشانی توندوتیژییەکانی پیاوان بەرامبەر ژنانی کەرکووک، ژنانی ئەو شارەی ناچار کردووە کە پەنا بۆ پۆلیسی شارەکە ببەن و سکاڵا لەدژی مێردەکانیان تۆمار بکەن. چالاکڤانانی ژن زۆربوونی سکاڵای ژنان بە نیشانەی هۆشیاربوونەوەی ژنان دەزانن.

بەپێی ئاماری بەشی پاراستنی خێزان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای کەرکووک کە دراوەتە (ڕووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 147 داوا تۆمارکراون، لەو ژمارەیەش 111یان لەلایەن ژنانەوە لە دژی پیاوان و 15شیان لەلایەن پیاوانەوە لە دژی ژنەکانیان تۆمار کراوە. هەروەها باوکانیش 6 داوایان لەدژی منداڵەکانیان و منداڵەکانیش 6 داوایان لەدژی باوکیان تۆمار کردووە، لەگەڵ نۆ سکاڵای هەمەجۆر.

بەڵام لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 91 سکاڵا هەبووە، ژن 77 سکاڵای دژی پیاو تۆمار کردووە، پیاو لە دژی ژنەکەی سێ سکاڵا، باوک لەدژی منداڵ دوو سکاڵا و منداڵیش لەدژی باوکیان دوو سکاڵا.

بەشی پاراستنی خێزان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک چوار ساڵە کراوەتەوە و هاوشێوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانە لە هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە ئامارەکانی بەشی پاراستنی خێزان بەڕوونی ئاماژە بە زیادبوونی تۆمارکردنی سکاڵاکان دەکەن بەتایبەتیش ژنان لە دژی پیاوان، بەڵام هێشتا ئەو زیادبوونە بەلای بەرپرسان و چالاکڤانانی ژنانەوە لە پارێزگای کەرکووک جێی خۆشحاڵییە، هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم بۆ باشیی مامەڵەی ئەو بەشە لەگەڵ سکاڵاکاران و هۆشیاربوونەوەی زیاتری ژنان دەگێڕنەوە.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی ژنان و مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی دۆخی ئابووری و ئەمنی و سیاسییەوە ژمارەی سکاڵاکان زیادیان کردووە، جگە لەوەش هۆشیارییەک لەنێو هەردوو ڕەگەزدا دروست بووە بۆ ئەوەی پەنا بۆ یاسا ببەن، بۆیە تۆمارکردنی سکاڵا کارێکی زۆر باشە".

بەڵام 111 سکاڵا نیشانەی زۆربوونی توندوتیژیی پیاوان نییە بەرامبەر ژنان؟ جوان حەسەن دەڵێت "ئێمە هەوڵ دەدەین کەمترین توندوتیژی هەبێت، بەڵام بیریشمان نەچێت تۆمارکردنی سکاڵا یەکێکە لەو چارەسەرانەی کە کەمترین زیانی بۆ ژن هەیە لە جیاتی پەنابردنیان بۆ خۆکوشتن و هەڵهاتن لە ماڵەوە".

کۆمەڵەی ئەمەلی عێراق، گەورەترین ڕێکخراوی داکۆکی لە ژنانە کە لەشاری کەرکووک کار دەکەن. سروود محەممەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمەڵەی ئەمەل دەڵێت "هۆکاری زیادبوونی سکاڵای ژنان لەسەر پیاوان، بەشێکی بۆ هاتنی ئاوارەکان دەگەڕێتەوە، چونکە وەکو ئاگادارین کێشەی ئەوان زۆرە، بەڵام بەرزبوونەوەی ئامارەکانیش جێی خۆشحاڵین و مانای هۆشیاربوونەوەی ژنانیشە".

سروود هێشتا ئەو ژمارەیەی سکاڵاکانی بەلاوە زۆر نییە و گوتی "پێموانییە ژمارەی سکاڵاکان زیادیان کردبێت، بەڵکو تۆمارکردنی ئەو سکاڵایانە بۆ مامەڵەی باشی ئەو بەشە دەگەڕێتەوە کە گوێ لە سکاڵاکاران دەگرن و کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکەن و متمانەی ژنانیان بەدەستهێناوە".

کاری سەرەکیی کۆمەڵەی ئەمەل چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ژنانەیە کە توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر کێشەیەکیان پێ چارەسەر نەبێت، ڕەوانەی بەشی پاراستنی خێزانی دەکەن. سروود گوتی "ئێمە لە جیاتی ئەوەی ژنان ڕەوانەی بنکەکانی پۆلیس بکەین، دەیاننێرینە لای بەشی پاراستنی خێزان، چونکە کارمەندەکانیان شارەزای بنەماکانی مافی مرۆڤ و شێوازی لێکۆڵینەوەن".

سروود باسی لە دۆسیەیەک کرد کە لەو ماوەیەدا لە کەمپێکی ئاوارەکاندا ڕوویداوە، بەڵام لە بەشی پاراستنی خێزان توانراوە چارەسەر بکرێت و گوتی "پیاوێکی ئاوارەی عەرەب لە کەمپەکاندا توندوتیژی بەرامبەر ژن و منداڵەکەی بەکارهێنابوو، بەشێک لە دەموچاوی ژنەکەی شکاندبوو، دواتر ژنەکە هاتە لای ئێمە و لە بەشی پاراستنی خێزان سکاڵای لەدژی پیاوەکەی تۆمار کرد، پیاوەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک بەند کرا و دوای چارەسەرکردنی کێشەکەیان، داوای لێبووردنی لە ژنەکە کرد و ئازادکرا".

جوان حەسەن داوای کرد گرنگیی زیاتر بە بەشی پاراستنی خێزان بدرێت تا بتوانن بەشێوەیەکی باشتر کێشەکانی ژنان چارەسەر بکەن و گوتی "زۆر گرنگە ئەو بەشە توێژەری کۆمەڵایەتی زیاتری بۆ دابنرێت و ژنانیش وەکو ئەفسەری لێکۆڵینەوە دابنرێن، چونکە هەندێک دۆسیە هەیە باشتر وایە ژنان لێکۆڵینەوەی تێدا بکەن".

### ئاماری سکاڵاکانی بەشی پاراستنی خێزان لە کەرکووک

| | | |
|---|---|---|
| ژن دژی پیاو | 77 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 111 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |
| پیاو دژی ژن | 3 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 15 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |
| باوک دژی منداڵ | 2 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 6 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |
| منداڵ دژی باوک | 2 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 6 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |
| هەمەجۆر | 7 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 9 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |
| کۆی گشتی | 91 | شەش مانگی یەکەمی 2015 |
| | 147 | شەش مانگی یەکەمی 2016 |

## دوو ئۆتۆمبێل دز دەستگیر دەکرێن


**رووداو- سلێمانی**

بەپێی راگەیەندراوێکی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ (رووداو) نێردراوە "پاش کۆکردنەوەی زانیاریی و بەدواداچوونی وردی مەفرەزەکانی پۆلیس، دوو دز دەستگیرکران کە نزیکەی مانگێک لەمەوبەر دوو ئۆتۆمبێلیان لەجۆری مازدا لەگەڕەکی راپەرینی شاری سلێمانی دزیبوو. یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکان دەستی بەسەردا گیراوە و ئۆتۆمبێلەکەی دیکەش لەلایەن دزەکانەوە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان فرۆشراوە". ، رائید ئەکرەم قادر، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی دەڵێت "تاوانبارەکان پێشینەیان هەبووە لە تاوانی دزی و پێشتریش چەند ماتۆرسکلێکیان دزیوە، لەکاتی دەستگیرکردنیشیاندا یەکێک لە ماتۆڕسکیلەکان دەستی بەسەردا گیراوە".



کۆمەڵایەتی
رووداو
ژمارە (421) - دووشەممە 2016/8/22

# باوکی چوار منداڵ لەسەر مۆبایلێکی 70 هەزاری دەکوژرێ



**عومەر چاوشین**
**رووداو- کۆیە**

رەوەند گەشتێکی خێزانی دەکات بۆ ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە، بەڵام بێ ئاگا بوو لەوەی کە ئەوە دوا گەشتی ژیانی دەبێت. ئەو بووە قوربانی کێشەیەک کە دوور و نزیک پەیوەندی بەوەوە نەبوو. رەوەند لە شەڕی نێوان برازایەکی و کەسێکدا کوژرا.

ئەو رووداوە ئێوارەی رۆژی 2016/8/14 لە سەیرانگەی چنارۆک لە قەزای کۆیە روویدا. بەهۆی شەڕی نێوان دوو کەس، گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەنێوی رەوەند محەممەد عەبدوڵڵا کە برازای یەکێک لەو دوو کەسە بوو کوژرا، هەروەها مامەکەشی بریندار بوو، بەڵام تۆمەتبارەکە تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

محەممەد عەبدوڵڵا، باوکی رەوەند بە (رووداو)ی گوت، ئەو کێشەیە لە نێوان برایەکی و ناسیاوێکیان لەسەر کڕینی مۆبایلێک دروست بووە. محەممەد گوتی "رەوەند ماڵی لە قەزای کۆیەیە، ئەو رۆژە بە سەردان هاتبووە ماڵی ئێمە لە حاجیاوا، ئەو ئێوارەیە (ئەحمەد)ی برام کە تەمەنی 18 ساڵە تەلەفۆن بۆ کوڕێک دەکات لە قەزای کۆیە کە موبایلێکی لێ کڕیبوو، دەڵێت تەلەفۆنەکە باش نییە، یان لێم وەربگرەوە یان بۆم چاک بکە، ئیدی لەوەوە کێشە کەوتە نێوانیان و پێی دەڵێت وەرە با ئەو کێشەیە یەکلایی بکەینەوە".

بەگوتەی محەممەد، تۆمەتبارەکە (ج.م)، پێشمەرگەیە و دانیشتووی کۆیەیە. لە تەلەفۆنەکەدا بە براکەی گوتووە با لە چنارۆک یەکدی ببینن. محەممەد گوتی "ئەو کەسە بۆسەی بۆ کوڕەکەم و براکەم و دوو لە خزمەکانم دانابووەوە، هەر کە گەیشتبوونە لای ئەو، یەکسەر تەقەی لێکردبوون، براکەم دوو گوللە بەر مل و سینگی کەوتوون و باری تەندروستیی ناجێگیرە، تاوەکو ئێستا 11 بوتڵ خوێنی تێکراوە، رەوەندیش سێ گوللە بەر پشت و ملی کەوتبوون و دەستبەجێ گیانی دەرچووبوو".

کاتێک (رووداو) سەرقاڵی ئامادەکردنی ئەو راپۆرتە بوو، دوو رۆژ بەسەر رووداوەکەدا تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا پرسە بۆ رەوەند دانەنرابوو. باوکی رەوەند گوتی "وەکو ناڕەزایی دەربڕین پرسەمان بۆ دانەناوە. مۆبایلێک ئەوەندە ناهێنێت تۆ کەسێکی لەسەر بکوژی. جگە لەوەش هەرچەندە لە پۆلیسی کۆیە سکاڵامان تۆمار کردووە، بەڵام ئەو تاوانبارە تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە، داواکارین بە زووترین کات دەستگیر بکرێ". سەبارەت بە سوڵحکردنیش لەگەڵ بنەماڵەی تۆمەتباردا، باوکی رەوەند گوتی "تاوەکو ئێستا قسەمان لێ نەکردووە، دواتر بنەماڵەکەمان کۆدەبێتەوە و بڕیارێکی لێدەدەین".

عەمید محەممەد سەعید، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە بە (رووداو)ی گوت "دوای ئەوەی پۆلیس لە رووداوەکە ئاگادارکرایەوە، چووینە شوێنی رووداوەکە. دەرکەوت کێشەکە لە نێوان دوو کەس بووە کە ناسیاوی یەکدین، شەڕ لە نێوانیان دروست بووە، بەو هۆیەوە کەسێک کوژراوە کە باوکی چوار منداڵە. مامێکی کوژراوەکەش بریندار بووە".

عەمید محەممەد گوتیشی "تەقەکەرەکە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە و لە هەوڵداین دەستگیری بکەین". ئەو بەرپرسەی پۆلیس پشتڕاستی کردەوە کە کێشەی ئەو دوو کەسە تەنیا لەسەر مۆبایلێک بووە.

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە (رووداو)ی راگەیاند، وەکو باس دەکرێت پێش رووداوی تەقەکردنەکە دەمەقاڵێیەک لەنێوانیاندا دروست بووە، ئەو مۆبایلەشی کێشەکەی لەسەر دروستبووە بایی تەنیا 70 هەزار دینار بووە.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## لەبەر فەیسبووک تەڵاقی دا

لە یەک باڵەخانەدا کاریان دەکرد، پەیوەندیی نێوانیان لە پەیوەندییەکی ئاساییەوە سەری کێشا بۆ خۆشەویستی و دواتر پێکەوەنانی خێزان، بەڵام ئەو خێزانەی کە پڕبوو لە موحیبەت، تەکنەلۆژیا کۆتایی پێهێنا.

ئافرەتێک سکاڵای لەسەر مێردەکەی هەبوو، گوایە سەرزەنشتی کردووە و ئازادیی لێ سەندووەتەوە، پاشانیش لە ماڵ دەریکردووە. ئەو ئافرەتە باسی چۆنیەتی ناسینی مێردەکەی کرد و گوتی: لە کۆمپانیایەک پێکەوە کارمان دەکرد، لەوێ یەکدیمان ناسی و بووین بە هاوڕێ. پاشان بووینە هاوژینی یەکدی. تا ئەو کاتەی هاوڕێ بووین هیچ کێشەیەکمان نەبوو، ئازادیی تەواوم هەبوو لە هەڵسوکەوت و جلپۆشیندا، هاوڕێیەکەم رۆژێک لە رۆژان رەخنەی لێنەدەگرتم لەسەر هەڵسوکەوت و جلەکانم، بەڵام کاتێک بووین بە هاوژین، تێڕوانینی بەرامبەر بە من گۆڕا، ئەو شتانەی کە پێشتر بەلایەوە ئاسایی بوو بەرە بەرە سنووری بۆ دادەنا. بەردەوام لەسەر پۆشینی جلوبەرگ و بەکارهێنانی فەیسبووک شەڕی پێدەفرۆشتم و کێشەی بۆ دروست دەکردم، بەڵام کە هاوڕێ بووین هەموو ئەو شتانەی بەلاوە ئاسایی بوو. ئەو بەردەوام دەیویست لە کەسایەتی من بدات. تا کار گەیشتە ئەوەی لە ماڵەوە دەریکردم. ئێستاش سکاڵام لەسەری هەیە و دەمەوێ مافی خۆمی لێ وەربگرم.

دۆسیەی ئافرەتەکە رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کرا، دادوەر بڕیاری دا کە مێردەکەی ئامادە ببێ و گوتەی وەربگیرێ.

کاتێک گوتەی لێ وەرگیرا، پیاوەکە گوتی من ئەو ژنەم دەرنەکردووە، بەڵکو لە دەرەوەی دادگا تەڵاقم داوە. کە لێیان پرسی بۆچی تەڵاقت داوە؟ گوتی چەندین جار پێمگوتووە واز لە فەیسبووک بێنێ، بەڵام بە قسەم ناکات، راستییەکەی حەزناکەم فەیسبووکی هەبێت.

ئەی کە ئەو ژنەت خواست فەیسبووکی نەبوو؟ گوتی: بەڵێ هەیبوو، هەندێک هەڵسوکەوتیشی هەبوو، بەڵام ئێستا حەزم لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە نییە، حەز ناکەم پۆست بکات لە فەیسبووک و کۆمێنت لەسەر پۆستی خەڵک بنووسێ.

تەنیا بیانووی ئەو پیاوە لە ژنەکەی بەکارهێنانی فەیسبووک بوو، بەڵام ژنەکە پێداگیری دەکرد و دەیگوت بۆچی بۆخۆی ئاساییە فەیسبووکی هەبێت، بەڵام بۆ من نا. هەردووکیان خۆیان بە راست دەزانی و داکۆکییان لە بۆچوونی خۆیان دەکرد، بۆیە نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک.

پیاوەکە هێندە سوور بوو لەسەر وازهێنانی ژنەکەی لە فەیسبووک، گوتی ئەگەر وازناهێنێ، با دەستی منداڵەکەی بگرێت و بڕوات، بەڵێن بێت هەقە مارەییەکەی بدەم و نەفەقەی مانگانەشی بدەمێ.

دوای وەرگرتنی وتەی هەردوولا دۆسیەکەیان رەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بڕیاری دا پیاوەکە بە کەفالەت ئازاد بکات، تاوەکو رۆژی دادگاییکردنی. بە ئافرەتەکەش راگەیەنرا بۆ وەرگرتنی مافی جیابوونەوە دەبێ سکاڵایەک لە دادگای باری کەسی تۆمار بکات. دواجار ژن و مێردەکە لە یەکدی جیابوونەوە.

ئەگەر سەیری کێشەی ئەو ژن و مێردە بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە کە لێکتێنەگەیشتن و کەللەڕەقی، چارەنووسەکەی هەر جیابوونەوەیە. ئەوەش دەردەکەوێت کە ئەو ژن و مێردە لە یەکدی لە بیانوو بوون، بۆیە تۆڕی کۆمەڵایەتیان کردووەتە ئامرازێک بۆ جیابوونەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# خوشکەزاکەی خۆی بە چەقۆ دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سەیدسادق**

گەنجێک لەنێو دوکانەکەی خۆیدا لەلایەن خاڵییەوە بەر چەقۆ دراو دەستبەجێ گیانی دەرچوو. پۆلیس بکوژەکەی دەستگیرکرد و برازایەکی بکوژیش پاساو بۆ تاوانەکەی مامی دێنێتەوە و دەڵێت "نەخۆشیی دەروونی هەبوو".

پێشنیوەڕۆی 2016/8/15 هاوکار ئارا کە دوکانی پلەی ستەیشنی لەنێو بازاڕی شارۆچکەی سەیدسادق هەبوو، لەلایەن (ح.ن)ی خاڵی کە تەمەنی نزیکەی 40 ساڵە، درایە بەر چەقۆ و هەر لەوێدا گیانی دەرچوو.

(ح.ن) ساڵانێک لە دەرەوەی وڵات ژیاوە و خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە. ئێستا لە شارۆچکەی سەیدسادق دادەنیشێ. (ح) دوای رووداوەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا.

نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بۆ کاروباری قەزاکان بە (رووداو)ی راگەیاند "رووداوەکە بەهۆی دروستبوونی دەمەقاڵێیەک بووە و تۆمەتبار بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە".

کوشتنی هاوکار دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێو دانیشتووانی شارۆچکەکەدا هەبوو. زۆربەیان دەڵێن تۆمەتبارەکە باری دەروونیی جێگیر نەبووە. هاوڕێیەکی بکوژەکە بە (رووداو)ی گوت "ماوەیەکی زۆرە ئەو کەسە دەناسم. پێشتر کێشەی نەبوو، بەڵام دوو رۆژ پێش رووداوەکە سڵاوم لێکرد نەیناسیمەوە، کاتێک بەو رووداوەم زانی، ئینجا تێگەیشتم بۆچی وەڵامی نەدامەوە، پێدەچێ باری دەروونیی تێکچووبێت".

دانیشتوویەکی دیکەی شارۆچکەی سەیدسادق بە گوتەی خۆی شاهیدحاڵی رووداوەکە بووە، گوتی "ئەو پیاوە دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات ماوەیەک کەبابخانەی دانا، بەڵام بەهۆی قەرزارییەوە کەبابخانەکەی داخست، رەنگە قەرزارییەکەش هۆکارێک بێت بۆ خراپبوونی بارە دەروونییەکەی، تەنانەت بەمدواییە دەگەیشتە هەر کەسێک جنێوی پێدەدا".

ئەو شایەتحاڵە کە رۆژی رووداوەکە (ح)ی بینیوە، هەروەها دەڵێت "ئەو رۆژە خراپیی باری دەروونی گەیشتبووە لووتکە، چەقۆیەکی بەدەستەوە گرتبوو، دەچووە بەردەم ئۆتۆمبێلەکان هاواری دەکرد، هەستی لای خۆی نەما بوو، بەردەوام لەسەر پردی سەیدسادق هاتوچۆی دەکرد، خەڵکیش ئاگای لێبوو، بەڵام لەبەرئەوەی چەقۆی پێبوو کەس نەیدەوێرا لێی نزیک ببێتەوە. من دڵنیام ئەگەر خوشکەزاکەی خۆی نەکوشتایە، کەسێکی دیکەی هەر دەکوشت".

محەممەد سدیق، برازای تۆمەتبارەکە باسی هۆکاری تێکچوونی باری دەروونیی مامی دەکات و دەڵێت "مامم پێشتر لە بەریتانیا بووە، لەوێ باری دەروونیی تێکچوو".

محەممەد رەتیکردەوە هاوکار و (ح) هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووبێ و گوتی "مامم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هاوکار نەبوو، بەڵکو ئەو رۆژە پێش ئەوەی هاوکاریش بکوژێت، 20 خولەک پێشتر بۆ منیش هات، بەڵام چەقۆی پێ نەبوو، دواتر بەمقەست هێرشی کردبووە سەر کوڕێکی دیکە و نێوچەوانی تەقاندبوو، پاشان هێرشی کردبووە سەر کەسێکی دیکەش".

محەممەد دەڵێ پێش رووداوەکە خەڵک بە ئاشکرا هەستیان بەوە کردووە کە ئەو پیاوە باری دەروونیی تێکچووە "دوو رۆژ پێش رووداوەکە باری دەروونیی زۆر خراپ ببوو، شەوی پێش رووداوەکەش لە شارۆچکەی پێنجوێن قسەی بە خەڵک گوتبوو، پۆلیسی پێنجوێنیش پەیوەندییان پێوە کردین و ناردیانەوە".

محەممەد ئەو قسەیەی پشتڕاست کردەوە کە مامی قەرزدار بووە و گوتی "راستە ساڵی رابردوو کەبابخانەی دانا و لەسەری قەرزدار بوو، بەڵام پێش قەرزارییەکەش باری دەروونیی خراپ بوو".

شاهیدحاڵەکەی (رووداو) گلەیی لە دەزگا ئەمنییەکان کرد و گوتی "لە رۆژی رووداوەکەدا و کاتێک (ح) لەنێو بازاڕدا بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی دەکرد دەبووایە ئاگاداری بوونایە بۆ ئەوەی رووداوێکی لەو جۆرە نەقەومێ".

بەڵام موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق دەڵێت ئەگەر کەسێک سکاڵای لەسەر تۆمار نەکرێ، ئەوان ناتوانن دەستگیری بکەن. گوتیشی "هیچ کەسێک ئێمەی ئاگادار نەکردووەتەوە کە ئەو کەسە لەنێو بازاڕ و چەقۆی هەڵگرتووە".



# بەو چەکەی بە نهێنی کڕیبووی، خۆی کوشت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سەیدسادق**

هەتا دەنگی تەقە لە ماڵەکە نەهات، کەسوکاری نەیاندەزانی لە ماڵەکەیاندا چەک هەیە. جیهاد بەو چەکەی بەدزییەوە کڕیبووی، کۆتایی بە ژیانی هات، بەڵام قسەی کەسوکارەکەی لەبارەی خۆکوشتنی لەگەڵ قسەی پۆلیس یەکناگرێتەوە. پۆلیس دەڵێت خۆی کوشتووە، کەسوکاری دەڵێن خۆی نەکوشتووە و بەهۆی هەڵەیەک بووە.

رۆژی 2016/8/13 لە گوندی کەولۆسی سەر بە ناحیەی شانەدەر لە قەزای سەید سادق، مێردمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵ بەنێوی جیهاد محەممەد، قوتابی پۆلی نۆی بنەڕەتی، لەنێو ماڵەکەیاندا گوللەیەکی بەرکەوت و دەستبەجێ گیانی دەرچوو، بەڵام روون نییە ئایا خۆی کوشتووە، یان گوللەکەی لەدەست دەرچووە.

موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق بە (رووداو)ی راگەیاند کە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە دەکەن و گوتیشی "گوللەیەکی کلاشینکۆف بەر سەری ئەو مێردمنداڵە کەوتووە. بەپێی لێکۆڵینەوە رووداوەکە خۆکوشتنە و ئەو چەکەی لە رووداوەکەشدا بەکارهاتووە چەکی باوکێتی".

رێبوار محەممەد، برا گەورەی کوژراوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند کە لە کاتی رووداوەکەدا تەنیا خوشکێک و باوەژنەکەی لە ماڵ بوون. خوشکەکەی لەوکاتەدا نووستبوو، باوەژنەکەشی لە ژوورێکی دیکە بووە و لەناکاو لە دەنگی تەقە راپەڕیون.

هەرچەندە پۆلیس دەڵێت "جیهاد خۆی کوشتووە"، بەڵام رێبوار رەتیکردەوە کە خۆی کوشتبێ و گوتی "بەبۆچوونی ئێمە دەستکاریی چەکی کردووە و بەو هۆیەوە گوللە لە چەکەکە دەرچووە، چونکە جیهاد هیچ کێشەی نەبووە تا خۆی بکوژێ".

رێبوار رەتیکردەوە ئەو چەکەی لە رووداوەکەدا بەکارهاتووە چەکی باوکی بێت و گوتی "خۆمان چەکمان نییە، جیهاد ئەو چەکەی بەبێ ئاگاداریی ئێمە کڕیوە، چونکە ئەو لە پاڵ خوێندنەکەیدا کرێکاری و شوانیشی دەکرد و ئاژەڵی خۆی هەبوو. ئێمە هەتا رۆژی رووداوەکە نەمانزانیوە کەی و لە کوێ چەکەکەی کڕیوە".

باوک و دایکی جیهاد پێشتر لە یەکدی جیابوونەتەوە و باوکیان ژنێکی دیکەی هێناوەتەوە. زۆر جاریش دەگوترێ باوەژن لەگەڵ منداڵانی ژنی یەکەمی مێردەکەیدا هەڵسوکەوتی باش نییە، بەڵام رێبوار بەدووری دەزانێت کە جیهاد لەبەر باوەژنەکەی خۆی کوشتبێ و گوتی "راستە باوەژنمان هەیە، بەڵام وەکو دایکی خۆمان مامەڵەی لەگەڵ کردووین و کێشەمان لەگەڵی نییە".

بەپێی ئاماری یەکێتی پیاوانی کوردستان، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 34 پیاو خۆیان کوشتووە یان خۆیان خنکاندووە.

# بۆچی شەڕی حەلەب یەکلایی نابێتەوە؟

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی پێنجشەممە جارێکی دیکە ناوی منداڵێکی دیکەی سووری لە پاڵ گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بوو بە هاشتاگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ناوی منداڵەکە عومران دەنقیشە و تەمەنی هێندەی تەمەنی جەنگی نێوخۆی سووریایە. عومران کە لە دوای بۆردومانی گەڕەکی قاتەرجی لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب ڕزگار کرابوو، وەکوو پەیکەرێک لەسەر کورسی نێو ئامبولانسەکە بە حەپەساوی دانیشتبوو نەدەگریا، هاواری نەدەکرد، هیچی نەدەگوت، لایەکی دەموچاوی تۆز و لایەکەی دیکەشی خوێن بوو. ئەمەش نەخشەی پێنج ساڵ جەنگی نێوخۆی سووریا و بە تایبەتیش جەنگی حەلەبە کە تێیدا زیاتر لە 4500 منداڵ کوژراون.

پاش چەند چرکەیەک، عومران جووڵەیەکی کرد، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد کە چۆڵ بوو، دەستێکی بە لای چەپی دەموچاوی خۆیدا هێنا، دەستی سوور بوو، لەوانەیە خۆی هێشتا نەیزانیبێت ئەم ڕەنگە سوورە چییە، بەڵام بینەر دەیزانی ئەوە خوێنی برینێکی گەرم بوو کە هێشتا وشک نەببووەوە.

خوێنی جەنگی حەلەب بە ئاو ناشۆردرێتەوە، چونکە لۆژیکی جەنگی نێوخۆیی ئاوهایە کە خوێن بە خوێن پاک دەبێتەوە، ئەم لۆژیکە بزوێنەری سەرەکی و درێژکەرەوەی جەنگی حەلەبە و چارەنووسی شارەکە و هەزاران منداڵی دیکەی وەکوو عومران لە دەیان ساڵی داهاتوودا دیاری دەکات. خوێن سنوور و چۆنێتی دابەشبوونی پێکهاتە جیاجیاکانی سووریا دەستنیشان دەکات.

ئێرنێست ڕینا، مێژوونووسی فەرەنسیی سەدەی نۆزدە، لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی "نەتەوە چییە؟" بەم شێوەیە پێناسەی نەتەوە دەکات: "کەواتە نەتەوە ڕووحی هاوخەمییەکی گەورەیە کە بەهۆی هەستی قوربانیدانەوە دروست بووە". لە کاتێکدا هێشتاش مەترسی قوربانیدانی دیکە لە داهاتووشدا هەیە. ئەم پێناسەیە دەشێت بۆ هەموو ئەو گرووپ و لایەنانەش ڕاست بێت کە ئێستا لە جەنگی نێوخۆیی سووریا بەشدارن، خوێن و قوربانیدانی هاوبەش دیاری دەکات لە داهاتوودا کێ لەگەڵ کێ دەبێت و کێ دوژمنی کێ دەبێت. ئەمجۆرە لە شوناس لەسەر ڕابردوویەکی خوێناوی دروست دەبێت و ئەو ڕابردووە خوێناوییەیە هێڵەکانی دابەشبوون و ناکۆکییەکانی داهاتووی ناوچەکە (لێرەدا سووریا و حەلەب) دەکێشێتەوە. ئەم ڕابردووە پڕ لە قوربانییە و داڕشتنەوەی زەینیی ڕابردووەکە دەبێت بە بناغەیەک بۆ هەموو ئەو کێشە و ناکۆکیانەی دوای تەواوبوونی جەنگیش بەرۆکی سووریا بەرنادەن.

لە جەنگی حەلەبدا بەشێک لە ناکۆکییەکان پەیوەندییان بە قۆناغی پێش دەستپێکردنی جەنگی نێوخۆیی سووریاوە هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە تێکدانی باڵانسی هێز لەم شارەدا کارێکی ئاسان نەبێت. وەکوو فابریس باڵانش، لە ئەنستیتیوتی واشنتن ئاماژەی پێدەدات "لە حەلەب جیاوازی و ناکۆکیی سەرەکی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لایەنگرانی حکومەت بناغەیەکی تایفی و مەزهەبی نییە_ هەڵبەت مەسیحییەکانی لایەنگری حکومەت لێرەدا ڕیزپەڕن_ جیاوازی و ناکۆکی سەرەکی لە حەلەب ناکۆکییەکی چینایەتییە و پەیوەندی بەو دابڕانە مێژووییەوە هەیە کە لە نێوان چینی شارنشین و گوندنشینی ناوچەکەدا هەیە". گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەکوو بەرەی فەتحی شامیش ئەم ناکۆکییە مێژووییە و بێ دەرەتانیی خەڵکی ئەم شارەیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی ئەم شارە بکەن بە بەرەیەکی گرنگی دژی ئەسەد. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لە بەشەکانی ڕۆژئاوای حەلەب نارەزایەتی لە دژی ئەسەد نەبینراوە و ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بیانەوێت ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن، جەنگێکی درێژخایەن و سەختیان لە پێشە.

بە بۆچوونی باڵانش، هێزەکانی حکومەت ناتوانن وەکوو چۆن لە هەژدە مانگدا حومسیان کۆنترۆڵ کرد ئاوها حەلەبیش بگرن. بۆ ئەمەش ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی دەدات، یەکەم ژمارەی چەکدارانی بەرەی فەتحی شام لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب زۆر زیاترە لە ژمارەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لە حومس. جیا لەمە، حەلەب دەکەوێتە ناوچەیەکی سوننەنشینی دژی حکومەتەوە، لە کاتێکدا بەشی زۆری ناوچە گوندنشینەکانی حومس مەسیحی، عەلەوی و شیعەی لایەنگری ڕژێم بوون، ئەمە جگە لەوەی حیزبوڵڵاش بە ئاسانی دەتوانێ سنوورەکانی لوبنانیان لێبگرێت.

لەساڵی 2012ەوە نەخشەی جەنگ لە ڕۆژئاوای سووریا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش بە تایبەتی بۆ ناوچەی حەلەب ڕاستە کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر سێ پارچەدا دابەش بووە، دیوی ڕۆژهەڵاتی شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، واتە بەرەی فەتحی شام، بەشێکی بچووک لە باکووری ڕۆژئاوای ئەم شارە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندایە، لە ڕۆژئاواوە هەتا نێوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوای شارەکە لە دەست هێزەکانی حکومەتی بەشار ئەسەددایە.

بەدەر لە ناکۆکی و جیاوازییە نێوخۆییەکان، هەڵکەوتەی جوگرافیایی حەلەب بەجۆرێکە، ئەم شارە هەم بۆ ئۆپۆزیسیۆن و هەمیش بۆ حکومەت گرنگ بێت، حەلەب تەنیا 30 کیلۆمەتر لە سنووری تورکیاوە دوورە کە لە پاڵ قەتەر و سعودیە یەکێک لە پاڵپشتە سەرەکییەکانی گرووپە ئیسلامییەکانی نێو حەلەبە، هەر بۆیە کەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی لەم شارەدا ئاکامی نێگەتیڤی بۆ ئۆپۆزیسیۆن دەبێت. ئەگەر هێزەکانی سووریا بتوانن ئەم شارە کۆنترۆڵ بکەن، یەکێک لە ڕێگە سەرەکییەکانی پەیوەندیی ئۆپۆزیسیۆن بە جیهانی دەرەوە دەپچڕێنن.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەر گۆڕانکارییەک لەسەر ئەرزی واقیعی جەنگی حەلەب ڕوویدابێت، کاریگەری مرۆیی گەورەشی بەدواوە بووە. بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان زیاتر لە 250 هەزار کەس لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە حەلەب دەژین، هەر بۆیە بۆردومانەکانی هێزی ئاسمانیی سووریا و ڕووسیا لەم ناوچەیە بە خەستی بەدی دەکرێن. وەکوو کارلیسا وارد، نێردەی تایبەتی سی ئێن ئێن بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ڕاگەیاند "زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە ئامادە نین ڕۆژهەڵاتی حەلەب چۆڵ بکەن". ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە ڕاموسەوە ئابڵوقە بخەنە سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەت، ئەوە ژیانی ڕۆژانەی 1.2 ملیۆن کەس دەکەوێتە مەترسیی جدییەوە.

کارلیسا وارد ماوەی زیاتر لە یەک دەیەیە ڕووماڵی جەنگی نێوخۆیی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەکات، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە "هەتا ئێستا کارەساتی وەکوو ڕەوشی حەلەبم نەبینیوە، دۆزەخیش هەر هێندەی حەلەب ناخۆشە". بە گوێرەی وارد قوڵبوونەوەی بەردەوامی جەنگ و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی ژمارەی کوژراوەکان وای کردووە هەردوولا تەواوبوونی جەنگەکە لە پاکتاوکردنی لایەنی بەرامبەردا ببینن کە وارد پێیوایە ئەگەر ئەمە کۆتایی جەنگەکە بێت، ئەوە لایەنی سەرکەوتووی جەنگەکە جگە لە "سەرکەوتنێکی قێزەون" هیچی دی لە دەست نامێنێ.



عومران دەنقیشە کە تەمەنی هێندەی تەمەنی جەنگی نێوخۆی سووریایە بوو بە هاشتاگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

# قاعیدە لە ئەفریقا دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە

ڕووداو- هەولێر

هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بزووتنەوەی شەبابی موجاهیدین- لقی ئەفریقای قاعیدە، بە ڕێکخراوێکی سوماڵی ناسراوە. بەڵام چالاکییەکانی ئەم گرووپە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ئەم ڕێکخراوە خەریکە بە هەموو وڵاتانی دەوروبەری سوماڵدا پەل دەهاوێت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دەسەڵاتی هاوپەیمانێتی بۆ پەرەپێدان (IGAD) ئەلشەباب چیدی کێشەیەکی نێوخۆیی سوماڵ نییە، هەر بۆیەش کاردانەوەکان دەبێت لەسەر ئاستی ناوچەیی بن.

لەگەڵ زۆربوونی هەڕەشەکان، وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی (IGAD) هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ دەرکردنی ئەلشەباب، هەروەها هێزێکی زیاتریان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی چاودێریی جموجۆڵەکانی لەسەر سنووری وڵاتەکانیان بکەن. ڕێکخراوی (IGAD) لە هەشت وڵاتی ئەفریقی پێکدێت، کۆتایی ساڵی پار کۆبوونەوەی شارەزایانی ئەم وڵاتانە لە جیبوتی بەڕێوەچوو، لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا ناوەندێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە توندئاژۆکان دامەزرێنن.

## ئەلشەباب و قۆناغی گواستنەوە

لە ئەیلولی 2014دا ئەحمەد عەبدی جۆدانی، ئەمیری پێشووی ئەلشەباب، لە هێرشێکی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکادا کوژرا و ئەحمەد دیرییە شوێنی گرتەوە. ئەمیرە نوێیەکەی ئەلشەباب کە ئەویش هەفتەی پێشوو لە هێرشێکی فڕۆکەکانی ئەمریکادا کوژرا، ڕێکخراوێکی پارچە پارچەی وەرگرتبوو. بەڵام پاش هاتنە سەرکاری دیرییە ناکۆکییەکی ئەوتۆ لە نێو ڕێکخراوەکەدا نەما، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی دیرییە توانیبووی گرووپەکە ڕێکبخاتەوە، ئەگەرچی ڕاپۆرتەکان باس لەوەش دەکەن کە بەشێک لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە لەگەڵ دەستنیشاکردنی دیرییەدا نەبوون.

بەڵام دەرکەوتنی داعش کۆمەڵێک ناکۆکی لە نێوان ڕیزەکانی ئەلشەبابدا دروستکرد. هەرچەندە سەرکردایەتیی ئەلشەباب لەگەڵ قاعیدە مانەوە، بەڵام کردەوە و ئایدیۆلۆژیای داعش ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەم گرووپەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە ساڵی 2015ەوە داعش هەوڵی ڕاکێشانی ئەلشەباب بۆ لای خۆی دەدات و دەیەوێ بەیعەت بە خەلیفەکەی، ئەبوبەکری بەغدادی بدەن.

پڕوپاگەندەکانی داعش هەتا دەهات ناکۆکی زیاتری لە ناو ئەلشەبابدا دروست دەکرد، بەشێک لەم ناکۆکییە لەنێوان لایەنگرانی جۆدانی و کەسانی ناڕازی ئەمیرە نوێیەکەدا بوو، بەشێکیشی پەیوەندی بە کێشەی نێوان چەکدارە لۆکاڵییەکان و بیانییەکانی ڕێکخراوەکەوە هەبوو، لە کاتێکدا بیانییەکانی ئەلشەباب بەردەوام گلەیی ئەوەیان هەبووە کە پەراوێزخراون. گرنگترین کەسیش کە لە ئەلشەبابەوە بەیعەتی بە داعش دابێت شێخ عەبدولقادر موئمین، یەکێک لە ڕابەرە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەلشەباب بوو کە لە تشرینی یەکەمی 2015 بەیعەتی بە ئەبوبەکر بەغدادی، خەلیفەی داعش، دا. دەرچوونی موئمین دەرگای ناکۆکییەکی نوێی لەنێو ڕێکخراوەکەدا کردەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان گروپەکەی موئمین لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک چەک و تەقەمەنی لە یەمەنەوە بەدەست گەیشتووە.

## پێکهاتەی ئێستای ئەلشەباب

بەر لە هاتنە سەرکاری جۆدانی، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەلشەباب ئەوە بووە توانای کۆکردنەوەی ئامانجە جیاوازەکانی هەبووە لەنێو خۆیدا، بەبێ ئەوەی یەکێتییەکەی تێکبچێت. سیاسەت و مامەڵەی جۆدانی کێشەی بۆ ئەمە دروستکرد و پرسیاری دەزگا ئەمنییەکان ئەوە بوو ئاخۆ دیرییە دەیتوانی ناکۆکییەکان چارەسەر بکات؟

دیرییە لە ئەیلولی 2014ەوە ئەمیری ئەلشەباب بوو، دەستکارییەکی ئەوتۆی جومگەکانی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەی نەکرد، بۆ نموونە مەحاد کاراتی هەر وەکوو جێگری ئەمیر مایەوە. حوسێن عەلی فیدوون لە پۆستی سەرۆکی ویلایەت بەردەوام بوو، عەلی زیرەش هەر گوتەبێژی ڕێکخراو بوو. بەگوێرەی زانیارییەکان ئەلشەباب خاوەنی نۆ نووسینگەیە کە هەر یەکێکیان سەرکردەی خۆی هەیە. دابەشکارییەکی دیکەش بەپێی هەرێمەکان هەیە و گومان دەکرێت شەش ویلایەت بن.

باڵی سەربازی ئەلشەباب بە "جەیش ئەلئوسرە" ناسراوە و فەرماندەی گشتییەکەی "ئەبوبەکر ئادەن"ە. خاڵی وەرچەرخانی جەیشی ئەلئوسرە لە کۆتایی 2013 دەستیپێکرد، کاتێک جۆدانی بڕیاری دروستکردنی دوو لقی نوێی لەنێو جەیش دەرکرد، بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و ئەسیۆپیا هێرش بکەن، لە هەمانکاتدا تۆڕی ئەندامانی خۆیان لە سوماڵەوە بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیەش فراوان بکەنەوە.

ئەلشەباب، بێجگە لە جەیش، دوو دەزگای هەواڵگریشی هەیە کە بە "ئەمنیەت" و "ئیستیخبارات" ناسراون و کەسێک بە ناوی "هابیل" سەرکردایەتیان دەکات. کە کاریان پاراستنی ڕێکخراوەکەیە لە بەرامبەر هێرشەکانی حکومەت و هەروەها ڕێکخستنی هێرشەکانە.

## ئامانجی هێرشەکانی ئەلشەباب

کوژرانی سەرکردەکانی ئەلشەباب کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر هێرشەکانی ئەم ڕێکخراوە بۆ سەر شوێنە مەدەنییەکان دانەناوە، لە کۆتایی 2014 ژمارەیەک چەکداری ئەلشەباب بە جلی سوپای سوماڵ چوونە نێو بارەگای هێزەکانی هاوپەیمانێتی ئەفریقا لە ناوچەی هەلانە، لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئەفریقی و بەڵیندەرێکی ئەمنی ئەمریکی کوژران.

لە دوای هێرشەکەی هەلانەوە، ئەلشەباب هەموو مانگێکی ساڵی 2015 بەلایەنی کەم هێرشێکی لە موگادیشۆ، پایتەختی سوماڵ، ئەنجامدا. ئامانجی سەرەکیش لەم هێرشانەدا هۆتێلەکان بوون. لە هێرشەکانی ئەلشەبابدا کەڵک لە ئوتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، خۆکوژ و هێرشی چەکداری وەرگیراوە.

جگە لە هێرشی سەر هۆتێلەکان، ئەلشەباب، بەمەبەستی تێکدانی سەقامگیری حکومەت، ژمارەیەک دامەزراوەی حکومیشی کردە ئامانج و هەروەها هەوڵی کوشتنی ژمارەیەک بەرپرس و ستافی حکومەتیشی دا.

پێشتر ئەلشەباب هەوڵیدەدا لەگەڵ سوپای حکومەتەکاندا ڕووبەڕوو نەبێتەوە، بۆیەش بەر لە هێرشەکان شوێنەکانی چۆڵدەکرد، بەڵام لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا ئەم ڕێکخراوە پشت بە هێرشی لە ناکاو بۆ سەر بنکە و بارهەڵگرەکانی سوپای سوماڵ و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەبات.

## لە گرووپێکی نێوخۆییەوە بۆ تۆڕێکی ناوچەیی

ئەگەرچی سوماڵ مۆڵگەی ئەلشەباب بووە، بەڵام ئەم گرووپە هەر لە کۆنەوە هەڵگری خەونێکی ئەفریقی بووە، بۆ ئەم مەبەستەش ناچار نەبوون هەموو کات گروپێک لە سفرەوە دروستبکەن، زۆربەی جارانیش پشتیان بە ڕاکێشانی گرووپە بچووکەکان بەستووە. ئەمە دەرفەتی ئەوەی بە ئەلشەباب داوە کە بۆ هێرشەکان پشت بە لایەنگر و چەکداری ناوچەکە خۆی ببەستێت، چونکە ئەو چەکدارانە شارەزاییەکی باشتریان لە وڵاتەکەی خۆیان و کەموکوڕییەکانی هێزە ئەمنییەکان هەیە، جگە لەمە ئەلشەباب سەرچاوەیەکی دارایی گەورەی نییە، بوونی لایەنگر و هێرشکەر لە وڵاتانی ناوچە خەرجی گواستنەوەی هێرشکەر و کەلوپەلی هێرشەکان کەمتر دەکاتەوە.

چالاکترین گروپی ناوچەیی لایەنگری ئەلشەباب بریتی بووە لە ناوەندی گەنجە موسڵمانەکانی کینیا کە دواتر بە فەرمانی جۆدان بوون بە بەشێک لە جەیشی ئەیمەن. جگە لە کینیا تەرکیزی هێرشەکانی ئەم جەیشە لەسەر تانزانیا و ئۆگانداش بووە، بەڵام کینیا ئامانجی سەرەکی بووە.

لەساڵی ڕابردووەوە گۆڕانێکی گەورە لە پێکهاتەی ڕێکخراو و ئامانجەکانی ڕێکخراوی ئەلشەبابدا بەدی دەکرێت، بەجۆرێک ئەم ڕێکخراوە لە وەرگرتنی ئەندامیشدا پشتی لە شێوازە کۆنەکان کردووە، بۆ نموونە تەرکیزێکی زۆر خراوەتە سەر ڕاکێشانی ئافرەتانی کینیایی، ئەمە جگە لەوەی باڵی چەکداریی ئەم گرووپە لە کینیا هەوڵەکانی بۆ بە ڕادیکاڵکردنی خەڵکانی نێو زیندانەکانیش چڕکردووەتەوە. هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ڕابردووەوە دەکرێت وەکوو کەرستەیەکی پڕوپاگەندەییش بەکاربهێنرێن بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر بۆ ناو ئەو گرووپە ڕابکێشن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی IGAD**



# شەڕی حەسەکە لە بەرژەوەندیی پلانی تورکیایە

ڕێبوار قاسم
ڕووداو– هەولێر

سەرەتای ئەم هەفتەیە، بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە شەش مانگی داهاتوودا ڕۆڵێکی چالاکتر لە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریادا دەبینێت، بە تایبەتیش بۆ ئەوەی ڕێگە لە دابەشبوونی سووریا بگرن. لێدوانەکەی یڵدرم لە کاتێکدا بوو کە لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ تاران و مۆسکۆ گەرموگوڕتر بووە.

بەڵام ئەوەی لە پرێس کۆنفرانسەکەی ڕۆژی شەممەی سەرۆکوەزیرانی تورکیادا جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە هێشتا جیاوازیی گەورە لە بۆچوونی تورکیا لەلایەک و ڕووسیا و ئێراندا لەلایەکی دیکە، بەدی دەکرێت، بەتایبەتی کە یڵدرم جەختی کردە سەر ئەوەی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا، لە داهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا جێیەکی نییە.

یڵدرم گوتی "پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەسەد (لە داهاتووی سووریادا) دەمێنێتەوە یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت ئەسەد هەتا ئێستاش ڕۆڵی هەیە، بەڵام بۆ درێژخایەن، ڕووسیا و ئەمریکاش دەزانن کە مانەوەی ئەسەد ناتوانێت یارمەتیدەری سەقامگیریی سووریا بێت".

بەم پێیە حکومەتی تورکیا بۆ داهاتووی سووریا بیر لە دوو قۆناغی جیاواز دەکاتەوە، قۆناغی یەکەمیان قۆناغی گواستنەوەیە کە حکومەتێکی هاوپەیمانیی کاتی بە بەشداریی هەموو لایەنەکان پێکدێت، لەم قۆناغەیاندا ئەسەد و لایەنگرانی حکومەتەکەی پشک و ڕۆڵی خۆیان دەبێت. قۆناغی دووەمیش قۆناغی دامەزراندنەوەی حکومەتی سوورییایە کە ئەسەد و ڕژێمەکەی هیچ ڕۆڵێکیان تێدا نابێت.

بە مەبەستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ سووریا، تورکیا پلانێکی هەیە کە خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە، یەکەم: دامەزراندنی حکومەتێک بۆ سووریا کە نوێنەرایەتی هەموو گرووپە جیاوازەکانی سووریا بکات. دووەم: یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت. سێیەم: گەڕاندنەوەی ملیۆنان کەس لە خەڵکی سووریا کە بەهۆی جەنگەوە ئاوارە بوون.

ئەگەرچی جۆرە گۆڕانێک لە هەڵوێستی تورکیادا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەوەدا کە ڕازین بە بەشداریی ئەسەد لە حکومەتە کاتییەکەدا، بەڵام لە ئامانجە ستراتیژییەکەدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. هەر ئەم ئامانجە ستراتیژییەی تورکیاش لە سەرەتای قەیرانی سووریاوە خاڵی ناکۆکیی ئەنقەرە لەگەڵ تاران و مۆسکۆ بووە.

لەلایەکی دیکەوە، ماریا زاخارۆڤا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕەتیکردەوە گفتوگۆکانی نێوان تورکیا، ڕووسیا و ئێران بە مانای پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نوێ بێت، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەن "کۆمەڵێک میکانیزم بدۆزرێتەوە کە بە هۆیانەوە ئەم سێ وڵاتە هاوکارییەکی کاراتر لە نێوانیاندا هەبێ".

هەر لە دەستپێکی جەنگی نێوخۆی سووریاوە، هەموو لایەنەکان لەسەر یەک خاڵ کۆکن، ئەویش کۆتاییهێنان بە جەنگەکەیە، بەڵام چۆنێتی ڕاگرتنی جەنگ و سیمای حکومەتی سووریا لە پاش قەیرانەکان خاڵی ناکۆکیی نێوان لایەنەکان بووە. ڕووسیا و ئێران سوورن لەسەر ئەوەی ئەسەد دەبێت بەشێک لە داهاتووی سووریا بێت، بەڵام تورکیا، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و وڵاتانی کەنداو پێداگرن لەسەر ئەوەی ئەسەد دەبێت کورسی دەسەڵات چۆڵ بکات.

قەیرانی سووریا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی تورکیا داناوە، لەسەر ئاستە نێودەوڵەتییەکە ئەم قەیرانە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا گرژیی زۆری لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا و ئێران دروستکرد، گرژییەکانیش لە مانگی تشرینی دووەمی پارساڵ گەیشتنە ئەوپەڕی، کاتێک فڕۆکەیەکی ڕووسی لە لایەن هێزی ئاسمانیی تورکیاوە خرایە خوارەوە.



لەو کاتەشەوە دەستی تورکیا بەکردەوە لە قەیرانی سووریادا کورت کرایەوە، لەبەر ئەوەی ڕووسیا هۆشداری دابوو کە هەرچەشنە هێرشێکی تورکیا بۆ نێو خاکی سووریا ڕووبەڕووی کاردانەوەی قورسی ڕووسیا دەبێتەوە. ئەم هەڵوێستەی ڕووسیا وای کرد پەیوەندیی نێوان تورکیا و ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سووریا لاواز ببێت، لەمەش گرنگتر دەستی هێزە کوردییەکانی ئاوەڵا کرد لەوەی مەودای ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بەرەو باشووری و ڕۆژئاوا فراوانتر بکەن.

پێشڕەویی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ناوچەکانی باکووری سووریا نیگەرانیی سەرەکی ئەنقەرەیە، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە بە دەستپێشخەری و پاڵپشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دروستکراوە. دوو هەفتە لەمەوبەریش ئەم هێزانە توانییان شاری منبج لەدەست داعش دەربهێنن و ئامانجی داهاتووشیان شاری ئەلبابە کە دەکەوێتە نزیک سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریا. نیگەرانیی گەورەی تورکیا لەوەیە گرتنەوەی ئەم ناوچانە ڕێگە بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵی یەکگرتووی ڕۆژئاڤا خۆش بکات کە لە قامشلووەوە هەتا پارێزگای عەفرین درێژ دەبێتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کێشەی کورد لە تورکیا دادەنێت و پێگەی کورد لە تورکیا بەهێزتر دەکات.

هەر ئەم نیگەرانییەشە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران نزیکتر دەکاتەوە و وا دەکات تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەدا دوو دیدار لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات بەڕێوەبچێت. ئەوەی ئەنقەرە و تاران لە یەکدی نزیکتر دەکاتەوە هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتەیە لەبارەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا لە داهاتوودا، ئەمە جگە لەوەی هەر دوو وڵات بە نیازن پەرە بە گرێبەستەکانی غاز بدەن و هەناردەکردنی غازی سروشتی ئێران بۆ تورکیا بە ڕێژەی 20% بەرزبێتەوە و لە 30 ملیۆن مەتر سێجاوە لە ڕۆژێکدا بگاتە 36 ملیۆن مەتر سێجا.

هەوڵە دیپلۆماسییەکانی تاران، مۆسکۆ و ئەنقەرە هاوکاتن لەگەڵ دەستپێکردنەوەی جەنگ لە پارێزگای حەسەکە لە سووریا کە پێشهاتێکی نوێی جەنگی نێوخۆی سووریایە. ئەم شەڕە گومانی ئەوەی دروستکردووە کە هێزەکانی یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان هەستیان بە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ نێو خاکی سووریا کردبێت، بۆیەش بە نیازن بەر لە دەستپێکردنی ئەم هێرشانە سنووری ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان لە پارێزگای حەسەکە فراوان بکەن.

شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزە کوردییەکان و هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە حەسەکە کاریگەری بەرچاو لەسەر جەنگی حەلەب دادەنێت، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم بەشی باکووری حەلەب لەدەست هێزە کوردییەکاندایە و ئەگەری ئەوە هەیە شەڕی حەسەکە بۆ حەلەبیش بگوازرێتەوە، لە کاتێکدا ئەم دوو هێزە هەتا ئێستا بەپێی بەرژەوەندی هاوبەشیان ڕووبەڕووی گرووپە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵاتی حەلەب ببوونەوە. دووەم، هێزە کوردییەکان لە باکوورەوە دەتوانن هێڵی گواستنەوە و هاتوچۆ لەگەڵ باکووری سووریا بپچڕێنن، ئەمە کاریگەری بەرچاو لەسەر توانای هێزەکانی سووریا دادەنێ.

شەڕی حەسەکە لە قازانجی جێبەجێکردنی پلانەکەی تورکیایە، لەبەر ئەوەی هەر چەشنە شەڕ و پێکدادانێک لە نێوان کورد و حکومەتی سووریا پێگەی ئۆپۆزیسیۆن لە حەلەب بەهێزتر دەکات و قورسایی تەرکیزی هێرشەکانی سوپای سووریا دابەش دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر قۆناغی چارەسەری دەست پێبکات، قووڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان ئەسەد و هێزە کوردییەکان وادەکات ئەم دوو لایەنە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ داهاتووی سووریا ڕێکبکەون.

# کورد ڕێککەوتنی جەزائیری لێنابڕێت

غازی حارس
ڕووداو– هەولێر

سەردان و دیدارە خێرا و لەناکاوەکانی کاربەدەستانی ڕووسیا، ئێران و تورکیا لەم ماوە کورتەدا، پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەم سێ دەوڵەتە بەرەو پێکهێنانی هاوپەیمانییەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکانی ناوچەکە دەڕۆن، بەتایبەتی کە پێدەچێت هەڵوێستەکانی ئەردۆغان سەبارەت بە ئەسەد و سووریا لە دوای کودەتا و پاش گەشتەکەی بۆ ڕووسیا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت.

ڕووسیا، ئێران و تورکیا خەریکە لەسەر قەیرانی سووریا و ئایندەی عێراق دەگەنە ڕێککەوتن و بنەمای ڕێککەوتنەکەش، سەبارەت بە تورکیا و ئێران، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریا و ئایندەی عێراق و دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردییە لەسەر خاکی ئەو وڵاتانە.

میخاییل بۆگدانۆف، نێردراوی ڤلادیمیر پوتین بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژی 15ی ئابی 2016 گەیشتە تاران، ئەم سەردانە تەنیا دوای چەند ڕۆژێک لە سەردانەکەی محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ تورکیا هات.

زەریف لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی سەرۆکەکانی تورکیا و ئێران و ڕووسیا نیشاندا، لەم چوارچێوەیەشدا وا بڕیارە ئەردۆغان لە داهاتوویەکی نزیکدا بگاتە تاران.

## سەبارەت بە تورکیا

کاتێک لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا تورکیا فڕۆکەیەکی ڕووسیای لەسەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا خستە خوارەوە، پوتین ڕایگەیاند کە ڕووسیا کارێک دەکات بەرپرسانی تورکیا لەو کارەی کردوویانە پەشیمان ببنەوە، گوتیشی "تورکیا دەبێت چاوەڕوانی شتی خراپتر بکات".

زۆری نەبرد گوشارەکان لە هەموو لایەکەوە ئەردۆغانیان ناچار کرد داوای لێبووردن لە ڕووسیا بکات.

یەکێک لەو هەنگاوانەی پوتین هاویشتی نزیکبوونەوەی ڕووسیا بوو لە کورد لە تورکیا، عێراق و سووریا. پاڵپشتییەکانی ڕووسیا بۆ کورد تەنیا لەڕووی دیپلۆماسی و پەرەپێدانی پێوەندییەکان نەما، بەڵکو هەنگاوی پراکتیکیشی هاویشت و چەندین سەرچاوە ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە "ڕووسیا چەکی داوەتە هێزە کوردییەکانی سووریا".

تورکیا بەلایەوە گرنگە ئایندەی کانتۆنەکانی کوردی ڕۆژئاوا، لەوە زیاتر سەر نەکێشێت بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی دیکەی کوردی لە سنووری باشووری وڵاتەکەی بە درێژایی نزیکەی 700 کیلۆمەتر، بەتایبەتیش کە هێزەکانی نزیک لە پەکەکە تێیدا دەسەڵاتدار بن، چونکە تورکیا ئەمە بە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی دەبینێت و بڕوای وایە ئەو کیانە کوردییە دەبێتە هەڕەشە لەسەر تورکیا و پشتیوان دەبێت بۆ دروستبوونی کیانێکی کوردی لە باکووری کوردستان.

## سەبارەت بە ئێران

بۆ ئێران گرنگیی ئەو ڕێککەوتنە لەوەدایە، کۆتایی بە قەیرانی سووریا دێنێ بەمەرجی مانەوەی ئەسەد و هەرێمی کوردستانیش پشتیوانێک لەدەست دەدات لە ململانێیدا لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق کە تاران پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەی دەکات.



## سەبارەت بە ڕووسیا

بۆ ڕووسیاش بایەخی ڕێککەوتنەکە لەوەدایە تورکیا لە ناتۆ دووردەخاتەوە و جگە لە بەرژەوەندی هاوبەشی پەرەپێدانی ڕێککەوتنی وزە، بەم ڕێککەوتنەش پشتیوانی ڕووسیا لە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری کوردستان کۆتایی دێت، چونکە لە سەروبەندی قەیرانی ڕووسیا و تورکیادا، سێرگێ لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕۆژی 23ی ئاداری 2016 ڕایگەیاند "ئەنقەرە ڕێگری لە شەڕڤانانی کورد دەکات لە شەڕی دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و دروشمی جەنگی دژی تیرۆریش بەکاردەهێنێ بۆ چەوساندنەوەی کورد لە سووریا و تورکیا".

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئەوکات داوای لە ئەنقەرە کرد، ڕێگەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بگرێتەبەر و هۆشداریشی دا کە بەکارهێنانی هێز لە کێشە ناوخۆییەکاندا ئەنجامی پێشبینی نەکراوی لێدەکەوێتەوە".

ڕووسیا بەوەشەوە نەوەستا و گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا حکومەتی تورکیای بە ئەنجامدانی "کۆمەڵکوژی" لە باکووری کوردستان تۆمەتبار کرد.

لەسەر ئاستی سووریا ئاماژەکان دەرکەوتوون و دوای سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ڕووسیا، باڵیۆزی تورکیا لە مۆسکۆ ئاماژەی یەکەمی گۆڕانی سیاسەتی تورکیای بەرامبەر بە سووریا و ئەسەد نیشاندا و ڕایگەیاند "دەکرێت دەسەڵاتدارانی ئێستای سووریا بەشێک بن لە چارەسەری کێشەی سووریا". ئەمەش واتای دەستهەڵگرتن لەدژایەتی ئەسەد و سووربوون لەسەر ڕۆیشتنی ئەسەد، هەمان ڕاستی لەسەر زاری بینالی یڵدرم، سەرۆک وەزیرانی تورکیا جەختی لێکرایەوە.

## وەستانەوە دژی دەوڵەتی کوردستان

ئێران سەرسەختانە دژی پرۆژەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە باشووری کوردستان دەوەستێتەوە. ئەوە لەکاتێکدا کە ڕووسیا هەرکات هەست بە نیگەرانی بکات، پەنا دەباتە بەر یاریکردن بە کارتی کورد و بۆ سزادانی تورکیاش دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی، پەنای بۆ هەمان کارت برد. ئەوە 100 ساڵە ڕووسیا ئەو شێوازە پەیڕەو دەکات کە ڕێگەیەکی هەرزان و بێ تێچووە بۆ هێشتنەوەی پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا.

لە ڕابردووشدا زۆرجار کوردی بەکارهێناوە بۆ ترساندنی ئەو وڵاتانەی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەکەن، بەڵام لەکۆتاییدا پشتی کوردی بەرداوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، لە سەردەمی ڕووسیای قەیسەریشدا سوود لە کورد وەرگیراوە لە دژی عوسمانییەکان. ساڵی 1946 ستالین یارمەتیی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام دوای کشانەوەی ڕووسیا لە باکووری ئێران، شای ئێران کۆمارەکەی ڕووخاند.

ڕووسیا ئێستا بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری لە کوردی باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، بەڵام لە ئەگەری سەرگرتنی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی (ئێران، تورکیا و ڕووسیا) ئەو پشتگیرییە بەردەوام دەبێت، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە؟



# سلێمانی.. هەڵمەتێک بۆ لەناوبردنی ئاوی مەترسیدار

سەروەر سالار و شادیە ڕەسوڵ
ڕووداو- سلێمانی

لیژنە تەندروستییەکانی سلێمانی بەچڕی دەستیان بە لەنێوبردنی ئەو ئاوی دەبانە کردووە کە مەرجی تەندروستییان تێدا نییە، چونکە ئەوان دەڵێن ئەگەر مەرجە تەندروستییەکان جێبەجێ نەکرێن، ئاوی دەبە دەبێتە سەرچاوەی چەندین نەخۆشیی مەترسیدار بۆ مرۆڤ.

ڕۆستەم تاڵب، پیاوێکی تەمەن 50 ساڵە، لە شارەزوورەوە رووی کردووەتە شار بۆ کاری تایبەتی خۆی و دەبەیەک ئاوی بەدەستەوە بوو. کاتێک لێمان پرسی بۆچی ئاوی دەبە بەکاردەهێنێ، بە پێکەنینەوە گوتی "خۆ ناکرێ بۆ مشتێک ئاو رووبکەمە مزگەوت، ئەم ئاوە هەموو کاتێک ئامادەیە و هەڵگرتنی ئاسانە".

ڕۆستەم دەڵێ 50% دڵنیام لە خاوێنیی ئاوی دەبە، چونکە وەک خۆی دەڵێ هەندێکجار بینیویەتی ڕەنگی ئاوەکە گۆڕاوە و نیشتووی ڕەنگ زەرد لە بنی دەبەکەدا پەیدا بووە، ئەو دەڵێ خاوێنیی ئاوەکە دەکەوێتە سەر ویژدانی ئەو کەسەی بەرهەمی دەهێنێ.

بەڵام لیژنە تەندروستییەکان پابەند نین بە ویژدانی کارگەکانەوە، لەبری ئەوە خۆیان دەچن ئاوەکانیان دەپشکنن.

ڕۆژی 18ی ئەم مانگە (ڕووداو) یاوەریی لیژنە تەندروستییەکانی کرد بۆ پشکنینی ئاوی دەبە لە سلێمانی. ئەوان لە کارگەکانەوە پشکنین دەکەن تاوەکو بازاڕ و شوێنەکانی هەڵگرتنی ئاو.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنەی تەندروستیی خۆراکی سەر بە بەشی پشکنین و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "ئاو دەبێ لەڕووی کیمیایی، فیزیایی و بایۆلۆژییەوە لە پشکنین دەربچێت ئەوسا دەتوانین بڵێین شیاوە بۆ خواردنەوە".

بەپێی پێوەرە زانستییەکان ئاو بەرلەوەی بکرێتە دەبەوە، دەبێت بە چەند فیلتەرێکی جیاوازدا بڕوات و لە گەرد و ڕەگەزی نەخوازراو خاوێن بکرێتەوە، ڕاددەی ترشی و ئاستی گەیاندن و پێکهاتە وردەکانی ستاندارد بن، بۆ دوا خاوێنکردنەوەشی ئۆزۆن بەکاردەهێنرێ.

لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیشدا هاتووە کە هەر کارگەیەکی ئاو دەبێت تاقیگەی تایبەت بەخۆی هەبێت و هیچ ئاوێک نەکاتە دەبە تاوەکو دەیپشکنێ. لە کاتی گواستنەوەشیدا نابێ لە ئۆتۆمبێلی سەربەتاڵدا دەبەکان دابنرێن و هەتاو لێیان بدات، بۆ هەڵگرتنیش باشترە ئاوی نێو دەبەکە نە بگاتە پلەی بەستن و نە پلەی گەرمیی ئێجگار بەرز، چونکە بەشێک لە نێوەندە زانستییەکان دەڵێن لەو دوو بارەدا ئەگەری هەیە هەندێک لە ڕەگەزە مەترسیدارەکانی نێو پلاستیکی دەبەکە دزە بکەنە نێو ئاوەکە و لەگەڵ خواردنەوەیان بگەنە نێو جەستە و تووشی زیانی بکەن.

تیمە تەندروستییەکانی سلێمانی بەر لەوەی سزای دووکانداران بدەن، ڕێنماییان پێداون کە ئاو لەبەر هەتاو دانەنێن.

خەدیجە ئەحمەد، کارمەندی تەندروستی و ئەندامی تیمەکەی تەندروستی سلێمانی، بە (ڕووداو)ی گوت "پێمانگوتوون ئەگەر هەتاو لە ئاوەکە بدات، ئەوە گۆڕانی زۆر بەسەر ئاوەکە دێنێ کە چەندین نەخۆشی بۆ مرۆڤ دروست دەکات، بۆیە هەر ئاوێک لەبەر هەتاوبێت، لەنێوی دەبەین".

لەشکر حەمید کە ئەندازیاری خۆراکیشە، دەڵێ "ئەو ئاوە بە ئۆزۆن خاوێن کراوەتەوە، کاتێک تیشکی خۆر لەو ئۆزۆنە دەدات، دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین بەندی چالاک لەنێو ئاوەکەدا و ئەو بەندە چالاکانە ڕێگە بۆ چەندین نەخۆشی درێژخایەن دروستدەکەن، لەوانە شێرپەنجە".

بە گوتەی لەشکر، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ئاوی دەبە، ماددەی میلانین لەنێو دەبەکەوە دزە پێدەکاتە نێو ئاوەکە و دەبێتە سەرچاوی چەندین نەخۆشی درێژخایەن.

هەروەک پلەی گەرمیی بەرز هانی گەشەی بەکتریا و کەڕوو لەنێو ئاوەکە دەدات و تام و بۆنیشی تێکدەدات.

هەندێک توێژینەوەش هەن کە باس لەوە دەکەن دابەزینی پلەی گەرمیی ئاو بۆ ئاستی بەستن، ڕەنگە هانی هەندێک کارلێکی نەخوازراو بدات لەنێوان ئاو و پلاستیکی دەبەکەدا.

## لەنێوبردنی دەیان هەزار لیتر ئاو

بەپێی ئەو ئامارەی (ڕووداو) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی وەریگرتووە، تەنیا لە یەک مانگدا بڕی 33 هەزار و 780 لیتر ئاوی دەبە لەنێوبراون، لەنێویاندا 1650 دەبەی 17 لیتری کە بۆ بەڕاد بەکاردێ.

سلێمانی شەش کارگەی بەرهەمهێنانی ئاوی تێدایە کە مەزەندە دەکرێ ڕۆژانە 300 هەزار دەبە ئاو بەرهەم بهێنن (ئەو کارگەیەی (ڕووداو) لەگەڵ تیمەکە سەردانی کرد، ڕۆژانە 50 هەزار دەبە بەرهەمدەهێنێ).

## ئاوی دەبە بخۆینەوە یان بەلوعە؟

ڕێنماییەکان لە ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیاوە دەڵێن هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ئەو دوو ئاوەدا ئەگەر لە ئامادەکردنیاندا ڕێنماییە تەندروستییەکان پێڕەو بکرێن. واتە خاوێنی و سەلامەتیی هەریەکەیان بەندە بە چاودێریی تەندروستی.

## مشتومڕی پلاستیک

لە پلاستیکدا چەندین مادده هەن کە بە مەترسیدار دادەنرێن بۆ سەر تەندروستی ئەگەر دزە بکەنە نێو خۆراکی مرۆڤ.

نموونەیەکی ئەو ماددانە بریتییە لە ڕەگەزی Bisphenol A کە بە کورتی بە BPA ناسراوە. هەرچەندە نێوەندە تەندروستییە گەورەکان هێشتا لە گوماندان کە ئەو ماددە مەترسیدارانەی دەبە جیاوازەکان دزە بکەنە نێو خۆراکی مرۆڤ، توێژینەوەش هەن کە زەنگی مەترسیدار لێدەدەن.

بۆ نموونە توێژینەوەیەکی زانستیی لە ئەمریکاوە دەڵێ ئەگەر ئاوی بە کوڵ بکرێتە ئەو دەبە ئاوانەوە، ئەوە ڕاددەی ڕۆیشتنی ئەو ماددە مەترسیدارە بۆ نێو ئاوەکە 55 هێندە زیاد دەکات! ماددەکە بەوە ناسراوە ڕژێنەکانی جەستەی مرۆڤ دەشێوێنێ و کار لە باڵانسی هۆرمۆنی و ڕاددەی بەپیتیی مرۆڤ دەکات.



# دەبێ منداڵەکەم کرمی نەبێ؟

د.شادمان حەمەئەمین*

زۆرجار دایکان منداڵەکانیان لاواز دێتە بەرچاو و دەڵێن دەبێ کرمی نەبێت! یان کاتێک منداڵ زوو زوو داوای خواردن لە دایکی دەکات، دایکەکە دەپرسێ تۆ بڵێی منداڵەکەم کرمی نەبێت؟

کرمەکان جۆریان زۆرە، ئێمە لێرەدا تەنیا چوار جۆری سەرەکی و بەربڵاویان باس دەکەین:

**1- کرمی ئەنکلستۆما:**

- گواستنەوە: لە خۆڵی گەرم و شێداردا هەیە، لە ڕێگەی پێستەوە دەچنە نێو لەش، خوێن و سی. ئەو جۆرە کرمە لە ڕێگەی قوتدانەوە بە نێوپۆشی دوانزدە گرێوە دەنووسێن و خوێن دەمژن.
- نیشانەکانی: ئازاری سک، کەمبوونی حەزی خواردن، بەدهەرسی، باکردن، سکچوون و دواجار کەمخوێنی.
- پشکنین: پشکنینی پیسایی تازە (بینینی هێلکەی کرمەکە).

**2- کرمی ئەسکارس:**

- گواستنەوە: خواردنی هێلکەی کرمەکە لەگەڵ خۆراکدا، ڕیخۆڵە، خوێن، سی. لە ڕێگەی قوتدانەوە (ڕیخۆڵە).
- نیشانەکانی: لەنێو سی (کۆکە، بەڵغەمی خوێناوی). لەنێو ڕیخۆڵەدا (ئازاری سک، هەڵاوسانی سک، زۆربوونی حەزی خواردن! کەمخوێنی)، گیرانی ڕیخۆڵە (ئەگەر کرمەکان کەڵەکەبوون)، گیرانی بۆریی زراو و زەردوویی (ئەگەر سەرکەوت بەرەو زراو).

**3- کرمی ئینتەرۆبیەس (کرمی دەرزیلەیی)**

- گواستنەوە: قوتدانی هێلکەی کرمەکە لەڕێگەی دەستەوە (کە پیس بووبێت بە خۆڵی نێو ماڵ و سەر جێگا)، هێلکەکە دەترووکێ و دەبێتە کرم، بەرەو بەشی کۆتایی ڕیخۆڵە باریکە دەڕوات.
- نیشانەکانی: منداڵەکە شەوانە کۆمی دەخورێنێ، خەوی لێ تێکدەچێت (شەوانە مێیەی کرمەکە دێت بۆ دەوروبەری کۆم و لەوێدا هێلکەکانی دادەنێ)، خورووی دامێن و میزەچرکێ لە کچدا.

**4- ئیکینۆکۆکەسم هایداتد (نەخۆشی تورەگەی ئاویی):**

- گواستنەوە: قوتدانی هێلکەکەی کە لەڕێگەی پیسایی سەگەوە دەکرێتە دەرەوە! هێلکەکە لە ڕیخۆڵەدا دەترووکێ، دەچێتە نێو ڕیخۆڵە، خوێن، جگەر، سی، دەوری دڵ و مێشک. کیسی بچووکی دوو سانتیمەتری لەو شوێنانە دروست دەکەن.
- نیشانەکانی: لە سیدا (بێ نیشانە، خوێن هێنانەوە، کۆکە، هەناسەتوندی..) لە مێشکدا (بەرزبوونی پەستانی سەر: سەرئێشەی بەردەوام، بەیانیان زۆرە، ڕشانەوەی بەیانیان، تێکچوونی هەست یان جوڵە) لە جگەردا (پەستان خستنە سەر جگەر و لوولە خوێنەکان: ئازاری بەشی سەرەوەی سک). دەگونجێ لەشوێنی دیکەش بدات.. تەقینی کیسەکان باریکی کتوپڕەو دەبێتە هەستیاریی خوێن (دابەزینی پەستانی خوێن، هەناسەتوندی).

## چەند تێبینییەک:

- جۆری کەمتر بەربڵاوی کرم هەن وەکوو: تۆکسۆکارا، شیستۆسۆما و سیستەسیرکا.
- دوو جۆر مشەخۆری ڕیخۆڵە هەن کە بە هەڵە پێیان دەگوترێ کرم، ئینتەمۆیبا (زەحیری) و جیاردیا، لەکاتێکی دیکەدا باسی ئەم دوو نەخۆشییە دەکەین.
- سپیبوونەوەی کوڵم پەیوەندی بە کرمی ڕیخۆڵەوە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی پێستە بەنێوی (ptyriasis alba)
- کرمی ڕیخۆڵە ئەگەر چارە نەکرا کار لە گەشەی منداڵ دەکات، بێزوو دروست دەکات (وەک خۆڵ خواردن).

*پزیشکی منداڵان

# خوێ بە مانا

د.زانا ئەحمەد*

خوێ یەکێکە لەو ماددانەی ڕۆژانە بەکاری دەهێنین. سوودی زۆرە و زیانیشی زۆرە، بۆیە وەک چۆن زۆر خواردنی زیانی بۆ تەندروستی هەیە، ئاواش نەخواردنی زیانی هەیە.

خوێ لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێت: سۆدیۆم و کلۆراید. سۆدیۆم ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەیە لە ڕێکخستنی هاوسەنگیی شلەمەنی لە جەستەدا، هەر وەک ڕۆڵی هەیە لە فرمانی دەمار و ماسوولکەدا. کلۆرایدیش پێکهاتەیەکی سەرەکیی ترشی گەدەیە و بەم جۆرەش ڕۆڵی زۆری هەیە لە کرداری هەرسدا. بەم جۆرە نەخواردنی خوێ ، واتە کۆسپ خستنە بەردەم ئەم فرمانە زیندەگییانەی جەستە. جگە لەمانە، زۆر جار یۆد (ئایۆدین) یش تێکەڵی خوێ دەکرێ کە کەمیی ئەم ماددەیە سەر دەکێشێ بۆ گەورەبوونی غوددە و کەمبوونی ئەو هۆرمۆنانەی دەریاندەدات.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی خوێدا کۆمەڵێک کێشەی تەندروستی بەدواوەیە، بەتایبەتی گوشاری بەرزی خوێن و لەمیشەوە نەخۆشییەکانی گورچیلە و جەڵتەی دڵ و مێشک. هەر وەک هۆیەکی دیاری تووشبوون بە شێرپەنجەی گەدەشە.

## خوێ بخۆین یان نا؟

ئەوەی کە زانستی پزیشکی لەو مەسەلەیەدا دوای ئەو هەموو ساڵە پێی گەیشتووە، هیچ نییە جگە لەوەی باب و باپیرانمان سەتان ساڵ لەمەوپێش پێیگەیشتوون! ئەی ئەوە نییە گوتوویانە "هەموو شتێک بە خوێ، خوێش بە مانا". ئینجا ئەوەتا ئێستاش هەر بەوەی لەوانەوە بۆمان ماوەتەوە، بمانەوێ گوزارشت لە کەمیی شتێک بکەین، دەڵێین "بە خوێی چێشت". زانستی پزیشکیی سەردەمیش هەر وا دەڵێت، بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) کەسێکی پێگەیشتوو نابێ ڕۆژانە لە 2 گرام سۆدیۆم زیاتر وەربگرێ کە ئەمەش لە پێنج گرام خوێدا هەیە. کەوچکە چایەک خوێش شەش گرامە. کەواتە ئەوەی کە مرۆڤ بۆی هەیە لە ڕۆژێکدا بیخوات ناگاتە کەوچکە چایەکیش خوێ!

یەکێک لە هۆکانی ئەوەی بۆچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نەخۆشی زۆر زیادی کردووە، زۆر بەکاربردنی خوێیە. ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ڕۆژانە 10 گرام خوێ دەخۆن، واتە دوو هێندەی ڕێژەی ڕێگەپێدراو. ئەو ڕێژە زۆرەش بەهۆی زۆر خواردنی ئەو خواردنانەیە کە ڕێژەی زۆری خوێیان تێدایە، وەک خواردنە خێراکانی سەندویچ و پیتزا، خواردنی لە قوتونراو و ترشیات، پەنیر و زەڵاتە.

خوێ ڕۆڵی زۆری هەیە لە تامی چێشتدا، بۆیە کە باسی بێتامیی شتێک بکرێ، دەگوترێ وەک "چێشتی بێ خوێ وایە". ئەمەیە وا دەکات کە بە بڕی زۆر لە خواردنی خواردنگە و خواردنە ئامادەکراوەکان بکرێت، تا سەرنجی کڕیار رابکێشرێت! ئەمە یەکێکە لە نهێنیی ئەوەی دەگوترێ خواردنی دەرەوە لەوەی ماڵەوە خۆشترە. چونکە ژنانی ماڵەوە بیر لە تەندروستیی هاوژین و منداڵەکانیان دەکەنەوە، بەڵام خاوەن چێشتخانەکان زیاتر بیریان لای گیرفانیانە!

با هەوڵ بدەین خوێ بەکاربردن کەم بکەینەوە. توێژینەوە پزیشکییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە کەمکردنەوەی خوێ بە ڕێژەی گرامێک ڕۆژانە، مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ بە ڕێژەی 30% کەم دەکاتەوە.

بە کورتی: خوێ زۆر خواردنی خراپە و نەخواردنیشی خراپە. ڕەنگە باشترین ڕێنماییش بۆ پاراستنی ئەو هاوسەنگییە ئەوە بێت بڵێین، تەنیا چێشت بە خوێوە بخۆن، ئیدی نەکەن خوێ بەسەر سەوزە و میوەدا بکەن. هەروەها تاوەکو خواردنی دەستی دایکت و هاوژینەکەشت وەستابێ، خواردنی دەستی بێگانە مەخۆ. هەتا بۆشتان دەکرێ خۆتان لە خواردنی لە قوتونراو بپارێزن.

***قوتابیی بۆرد لە هەناو و شارەزا لە دروستیی خۆراک**





# دڵی شەهاب سپییە

**پشتیوان جەمال/ ڕووداو- سلێمانی**

هاوڕێیەکی شاعیری کۆچکردوو شەهاب زەنگەنە، گۆرانییەک بۆ مەرگی ئەو شاعیرە تۆمار دەکات و بڕیارە لە چلەی ماتەمینییەکەیدا بڵاوی بکاتەوە.
نامۆ کە گۆرانیبێژێکی گەنجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوڕێی شەهاب زەنگەنە بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمەکە نێوی کوڕە دڵسپییەکەیە کە لە هۆنراوەی شەهاب زەنگەنەیە، میلۆدییەکەشی لەلایەن خۆم و پاشایی کە ئاوازدانەرێکی ڕۆژهەڵاتییە دانراوە، سیامەک عەلیزادەش دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە". نامۆ زۆر پەسنی ئەو شاعیرەی دا و گوتی "شەهاب شاعیرێکی جوان بوو، هۆنراوەکانی لێوانلێو بوون لە جوانی". مردنی ئەو شاعیرە کاریگەری زۆری لەسەر نامۆ بووە، بۆیە وەکو وەفادارییەک بڕیاری داوە گۆرانییەک بۆ مەرگی ئەو بڵێت. ڕۆژی 2016/8/6 شاعیری لاو شەهاب زەنگەنە، بەهۆی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە کۆچی دوایی کرد.




# کامێرای فینلاند کوردێک نیشان دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

لە ڕۆژی جیهانیی فۆتۆدا، گۆڤارێکی فۆتۆگرافی لە فینلاند بەنێوی (کامێرا) فۆتۆکانی فۆتۆگرافەرێکی کورد بڵاودەکاتەوە.
فوتۆگرافەر ڕەسوڵ خوڕەم کە خەڵکی شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و وێنەکانی لە کامێرا بڵاوکراونەتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڤاری کامێرا لە دوایین ژمارەیدا کە لە ڕۆژی جیهانی فۆتۆ بڵاوبووەوە، لە سێ لاپەڕەدا باسی ژیانی هونەریی من و سروشت و فەرهەنگی کوردستان دەکات". ڕەسوڵ گوتیشی "ئەم گۆڤارە نەخشەی کوردستانی لەگەڵ چەند وێنەیەکی سرووشتیی کوردستان بڵاوکردووەتەوە".
ڕەسوڵ خوڕەم پێنج ساڵە لە فینلاند نیشتەجێیە و چەندین پێشانگای فۆتۆگرافی کردووەتەوە و کاری بەرهەمهێنانی بۆ چەند فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری کردووە و توانیویەتی سەرنجی فینلاندییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

# پەیوەند جاف دڵی تەنگە

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ پەیوەند جاف بڕیارە دوو ڤیدیۆکلیپ پێکەوە بڵاوبکاتەوە و ئەلبوومێکی گۆرانیش وەک دیاریی جەژن پێشکەشی هەوادارانی بکات.
بڕیار فەتاح، دەرهێنەری ڤیدیۆ کلیپەکان بە (ڕووداو)ی گوت "گۆرانیی دڵم تەنگە کە کاتی خۆی پەیوەند جاف گوتبووی، ئێستا بەشێوازێکی نوێ کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە و دووبارە تۆماری کردووەتەوە، هەروەها دوو گۆرانی فۆلکلۆریی هەورامی بەناوی بەیان تێکەڵ کردووە و بە میوزیکێکی نوێ دووبارەی کردووەتەوە، ئەمیش لە ناوچەی هەورامان وێنە گیراوە".
گوتیشی "بڕیارە ئەلبوومە نوێیەکەی لە پێش جەژنی قوربان بڵاوبکاتەوە و هەردوو ڤیدیۆکلیپەکەش لەگەڵیدا بڵاودەکاتەوە کە ئەم دوو کلیپە وەک دڵی ئەلبوومەکەی پەیوەند جافن".





# عەمار کوڤی دەچێتە ئەمریکا

**دلێر تێلی**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو عەممار کوڤی ڕایگەیاند کە بەنیازی زنجیرەیەک کۆنسێرتە لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان. یەکێک لە کۆنسێرتەکانیشی لە ئەمریکا دەبێت.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەممار کوڤی بەشداری بەرنامەیەکی کەناڵی MBC کرد بەنێوی (ستار ئۆن بۆرد) کە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ناسراوی عەرەب لەوانەش کازم ساهیر، نانسی عەجرەم، جۆرج وسوف، هەیفا وەهبی و ڕاغب عەلامە، لەسەر کەشتی گۆرانی دەڵێن و پرۆگرامەکە لە دوای جەژنی قوربان پەخش دەکرێ.
عەممار کوڤی پلانی داهاتووی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "سەرقاڵی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانیم کە گۆرانییەکانی بە هەردوو دیالێکتی کوردی (سۆرانی و کرمانجی) و هەروەها عەرەبییە". گوتیشی "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆنسێرتێکی گۆرانیم لە بەغدا سازکرد، بەنیازم پێش جەژن و دوای جەژن زنجیرە کۆنسێرتێک لە شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان ساز بکەم. یەکێک لە کۆنسێرتەکانم لە ئەمریکا دەبێت کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەمریکییەوە ڕێکخراوە".

# کورتە فیلمێکی کوردی بە 150 دۆلار



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆمەڵێک گەنج لە هەولێر کورتەفیلمێک لەسەر شەڕی داعش بە یەک ڕۆژ بە 150 دۆلار بەرهەمدێنن.
زانیار عەدنان عوسمان، دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمی گەمەی ناحەزان بە زەحمەتێکی زۆرەوە بەرهەمهاتووە، زیاتر لە 15 کاژێر لە ژێر تیشکی هەتاو و نزیک سەنگەرەکانی داعش، وێنەی فیلمەکەمان گرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ستافەکە خۆبەخش بوون".
دەربارەی چیرۆکی کورتەفیلمەکە زانیار گوتی "فیلمەکە باس لە ئاشوب و جەنگ دەکات، بە وردی ڕۆدەچێتە نێو کارە قیزەونەکانی جەنگ، پێمان دەڵێ کە جەنگ چەندە کارەساتبار و وێرانکەرە".
ستافی فیلمی گەمەی ناحەزان پێکهاتووە لە ئەکتەران غازی شینە، هەڤاڵ کازم، ڕۆژگار نامیق و نوورەدین فاتیح. لەلایەن ئادەم ئەیام و یوسف ئەکرەم کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە. تێچووەکەشی تەنیا 150 دۆلار بووە.
هەفتەی ڕابردوو لە نزیک گوندی شۆریجەی سەر بە مەخموور وێنەگرتنی فیلمەکە کۆتایی هات و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە. دەرهێنەری فیلمەکە بەهیوایە ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان و ناوخۆ نیشان بدرێت.



# نوێنەری ئەکتەرەکانی هۆلیوود دێنە دهۆک

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**


ئەکتەرەکانی هۆلیوود لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی تایبەت بە سینەماوە نوێنەری خۆیان دەنێرنە هەرێمی کوردستان.
"سینەما بۆ ئاشتی" ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە و زۆربەی ئەستێرەکانی هۆلیوود تێیدا ئەندامن، لە نێویاندا ئەنجلینا جولی، براد بیت، لیۆناردۆ دی کاپریۆ، جۆرج کلۆنی و جولیا ڕۆبێرتز، ئەم ڕێکخراوە کار بۆ ئاشتی لە وڵاتانی جیهان دەکات و بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی فێستیڤاڵی دهۆکەوە دێنە باشووری کوردستان.
بینا قەرەداخی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی فێستیڤاڵی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕێکخراوی سینەما بۆ ئاشتی Cinema For Peace دەبێتە هاوبەشی چوارەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم بۆ دهۆک و ئەمساڵ نوێنەری ئەو فێستیڤاڵە لە هەولێر دەبێت "هاوبەشی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە لەگەڵ فێستیڤاڵی دهۆک کواڵیتی فێستیڤاڵەکە و ئاستی جیهانی بەرز دەکاتەوە". گوتیشی "نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە دێن و نامەکانی خۆیان لە هەموو جیهان لە بارەی بارودۆخی کۆچبەران و ئاوارەکانی باشووری کوردستان و شەڕی داعش دەگەیەننە وڵاتانی جیهان و سەرۆکەکانی دونیا".

# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com



## کاوڕ



ئەگەر کارەکەت بۆ ماوەیەکی کاتی وەستا ئەوا هیوا لەدەست مەدە و دوای تەواوبوونی ئەم مانگە هەوڵێکی دیکەی لەگەڵ بدەرەوە. ناتوانی کاتی پێویست بە خۆشەویستەکەت بدەی.

## گا



لەم هەفتەیەوە بەخت بە شێوەیەکی باشتر هاوکاریت دەکات، کەسێکی خۆشەویست دەبیت و بەرامبەرەکەت ئەو بڕیارە دەدات کە تۆ چاوەڕوانی دەکەیت. کارەکانیش بەباشی و بەپێی پلانەکەت بەڕێوە دەچێت.

## دووانە



گرنگ نییە چەند هەوڵ دەدەیت و خۆت ماندوو دەکەیت، گرنگ ئەوەیە ڕێگایەک بگریت کە بتگەیەنێتە ئامانجەکەت. لەڕووی داراییەوە هەموو ئەگەرەکان تاقی بکەرەوە و هیچ فرسەتێک بە کەم مەبینە.

## قرژاڵ




هەتا هەستەکانت بشاریتەوە نزیکەکانت تووشی سەرسوڕمان دەکەیت و لە داواکاریەکەت تێناگەن، بەو هۆیەوە ڕەنگە نەتوان هیچ هاوکارییەکت بکەن. کەسی نوێ دەناسیت، بەڵام نابنە هاوڕێی بەردەوام.

## شێر



ئەگەر کەسێکت بەدڵ نییە یان دەتەوێت کۆتایی بە پەیوەندییەکەت بهێنی، دەستبەجێ فەرامۆشی مەکە، بەڵکو ڕاستەوخۆ نیگەرانیەکانت باس بکە، هەم خۆت یەکلایی دەکەیتەوە و هەم ئەویش چاوەڕێ نابێت.

## فەریک




تیشکی هەتاو دێتە کەلوەکەت، بەهێزدەبیتەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانت لە بارەی دەستکەوتنی پارە و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی، پلانە کۆنەکان دەگۆڕیت بۆ پلانی باشتر و ئەنجامدانیان ئاسان دەبێت.

## تەرازوو




سەرزەنشتی ئەوانە مەکە کە ئازارت دەدەن، وەک وانەیەک تەماشای بکە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خۆتی پێ بپارێزیت. هەر کێشەیەکی سۆزداریت هەبێت تا کۆتایی ئەم مانگە هەنگاوی بۆ مەنێ چونکە لە قازانجت نابێت.

## دووپشک



قەیرانی دارایی ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت لەسەر ژیانت، بەڵام هەرچۆنێک نائومێدی بیەوێت پەلکێشت بکات، بەرگری بکە و خۆت بەدەستەوە مەدە، ئەوانەی بڕوایان بە توانات هەیە وەک پاڵەوان دەتبینن.

## کەوان



ئەستێرەی مارس لە کەلوەکەتدا چەند کارەکانت قورس دەکات، هێندەش توانات پێ دەبەخشێت کە بەرگە بگریت و سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە. هەندێک لە هاوڕێیانت چاوەڕوانن هاوکارییان بکەیت.

## گیسک



لایەنە ناکۆکەکان هەریەکەیان بە شێوەیەک هەوڵ دەدەن هاوکارییان بکەیت، پشتگیری هەر لایەکیان بکەیت لایەکەی دیکە تووشی گرفتت دەکات، بۆیە خۆت بە کێشەی خەڵکانی دیکەوە سەرقاڵ مەکە.

## سەتڵ



لە بارەی بەدیهێنانی ئاواتێک، هەفتەی داهاتوو فرسەتێکی باشت بۆ دەڕەخسێت یان فرسەتێکی کۆن نوێ دەبێتەوە، هەوڵ بدە ڕەشبینی و بیرکردنەوە جیاوازەکانت نەبێتە هۆی لەدەستدانی بەختەوەری.

## نەهەنگ



لێکدانەوەی جیاوازت هەیە بۆ دۆخەکان کە هەموو کارەکانی خراپ کردووە، پشوویەک بە مێشکت بدە و لەگەڵ کەسێکی دڵسۆز پێداچوونەوە بە هەموو بەرنامەکانت بکە و عینادی فەرامۆش بکە.



بوار نورەدین، بەردەوام سەری لەناو بۆنی کتێب و تەپوتۆزی کتێبخانە و لاپەڕە کۆن و پەرش و بڵاوەکانی کتێبی کوردیدایە

# ئەفسانەی کتێب



کامەران سوبحان

**کتێب خستنە بەردەستی مرۆڤی نەزان، وەک ئەوەیە شمشێر بخەیتە بەردەستی منداڵ.**

**(سان ئاسلیم)**

## *گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی کتێب

نووسین بەدیلی قسەکردنە. ئەو کاتانەی قسە نامێنێت، دەبێت نووسین شوێنی بگرێتەوە. هەرگیز قسەکردن و ئاخافتن لەسەر پرسە جیاوازەکانی ژیان و ئەدەب و سیاسەت و بازرگانی، شوێنی نووسین و کتێب ناگرێتەوە. ئەم پێناسەیەش وادەکات کتێب ناسنامەیەکی ئەفسانەیی هەبێت.

بۆرخیس، گەورە نووسیار و چیرۆکنووسی ئەرژەنتینی، لە نووسینێکدا کە لە ساڵانی کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بڵاوی کردەوە، ئەم ناونیشانەی بۆ نووسینەکەی دانا: (ئەفسانەی کتێب). لەو نووسینە کورتەیدا زۆر لایەن و رەهەندی ئەفسانەیی کتێب باس دەکات. هەرجارێک دەچمەوە سەر ئەو نووسینەی بۆرخیس ئەفسانەیەکی جیاوازی کتێب دەدۆزمەوە.

لەو نووسینەدا بۆرخیس دەگێڕێتەوە: جارێکیان لێیان پرسیم چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان رۆژنامە و کتێبدا؟ لە وەڵامدا گوتم رۆژنامە بۆ ئەوە دەخوێنینەوە تا لە بیرمان بچێتەوە، بەڵام کتێب بۆ ئەوە دەخوێنینەوە تا بە بیرمان بێتەوە.

لە ئەفسانەی کتێبدا، بۆرخیس دەنووسێت: "من پێم وایە پێشینان ئەو خولیا زۆرەی ئێمەیان نەبووە بۆ کتێب، لەگەڵ ئەوەشدا کتێب و شاکاری گەورە لەو سەردەمانەدا هەبووە. بەدرێژایی مێژووش خوێنەران پلە بە پلە کتێبیان دەوڵەمەند کرد، کاتێک کتێبێکی کۆن دەخوێنینەوە کە لە رابردوویەکی دووردا نووسراوە، وەک ئەوە وایە لەو مێژووە کۆنەوە کە کتێبەکەی تێدا نووسراوە بۆ ئێستا، ئێمە بەناو ژوور و نهێنییەکانی ئەو کتێبەدا بێین و بچین. دەکرێت وەک خوێنەرێکیش لەگەڵ نووسەری کتێبدا تەبا نەبین، بەڵام کتێب شتێکی پیرۆز جێدێڵێت، نابێت پیرۆز بکرێت، بەڵام گرنگە پەند و شکۆ و مەزنیی لێ وەربگرین. بۆیە لەبەر ئەم لایەنە ئەفسانەییانەی کتێب، پێویستە رێز لە شکۆی کتێب بگرین".

ئەم پێشەکییە لەسەر ناونیشانی ئەم نووسینە و هێنانی تێڕوانینەکانی بۆرخیس بۆ دەستپێکردن بۆ ئەوە بوو کە قسە لە بایەخ و مێژووی کتێب بکەم لە رابردووی کورددا. رەنگە لای هەندێ خوێنەر و نووسیاری کوردیش ئەمە جۆرێک لە گەمژەیی و خۆسەرقاڵکردن بێت بە بابەتێکەوە کە زیاتر بۆ دڵخۆشکردن و شکۆدان بێت بە رێزی کتێب لەلای کورد لە رابردوودا، بەڵام لەڕاستیدا قسەی من رەخنەگرتنە لە ئەفسانەی کتێب لای کورد، دەستپێکی ئەو قسەکردنەش بە پرۆژەیەکی گەورە و بەرفراوانی رۆشنبیریی کوردییە کە بریتییە لە بیبلیۆگرافیا و پێڕستی کتێبی کوردی لە ماوەی 90 ساڵی رابردووی رۆشنبیریی کوردیدا، واتە لە ساڵانی (1920 بۆ 2010) کە دواتر لایەنە جیاوازەکانی ئەفسانەی کتێب لەو 90 ساڵەی کورددا باس دەکەم.

## *ناساندنێک، بە رەنگ و روخساری خۆی

بوار نورەدین، ناوێکی کەمتر ناسراوە، بەبێ دەنگی و دوور لە کەشی راگەیاندن و خۆدەرخستن، بەردەوام سەری لەناو بۆنی کتێب و تەپوتۆزی کتێبخانە و لاپەڕە کۆن و پەرش و بڵاوەکانی کتێبی کوردیدایە. ماوەی چەند ساڵێک پێکەوە لە دەزگای سەردەم کارمان کردووە و پێشتریش لە ئینستتیوتی کەلەپووری کوردی لای مەزهەری خالقی ئاگاداری کار و کۆششە زۆرەکانی بووم بۆ زیندووکردنەوەی ئەفسانەی کتێب و وشەی کوردی. ئەو نزیکایەتییەم لێی، ئاشنای کردم بە کۆمەڵێک لە کتێب و هەوڵەکانی لەو بوارەدا، تا گەیشتە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گەورەترین پرۆژەی تەمەنی کە ئەویش چاپکردنی (کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا- کتێبی ساڵانی 1920-2010). ئەم بیبلیۆگرافیایە لەماوەی ئەو 90 ساڵەدا (5680) کتێبی لەخۆگرتووە. هەرچی کتێبێک لەبارەی کورد و کوردستانەوە لە هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان نووسراوە لەم پرۆژەیدا کۆی کردووەتەوە. بیبلیۆگرافیاکەش لە دووتوێی 12 بەرگ و نزیکەی 5200 لاپەڕەدایە و بە نەخشەسازی و چاپێکی قەشەنگ چاپ کراوە. هەر بەرگێکیش کتێبی بوارە جیاوازەکانی وەک (مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب، زانستە مرۆڤایەتییەکان، راگەیاندن، ئاینەکان، زمان و هونەر) دەگرێتەوە. وەکو لە پێشەکییەکەشدا ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم پرۆژەیە لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە پشتگیریی کراوە و هەموو بەرگەکانی بیبلیۆگرافیاکەش بەناوی (مام جەلال)ەوە خانەیەکی کتێبخانەی کوردی دەگرن. نووسیار کۆی پرۆژەکەشی پێشکەشی سێ نووسەر و کەسایەتی دیاری کورد کردووە، کە ئەوانیش:

***مستەفا نەریمان:**
سوارچاکی بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی.

***میر عەبداڵ خانی بەدلیسی:**
دامەزرێنەری دیارترین کتێبخانەی کوردستان.

***حوسێن حوزنی موکریانی:**
یەکەمین کتێبی مێژووی کوردی بە زمانی کوردی چاپ کرد.

دیارترین روخساری ئەفسانەی کتێب لای بوار نورەدین، لەم پرۆژەیەدا (5680) ناونیشانی کتێبە بۆ 90 ساڵی نەتەوەیەک. بەپێی خوێندنەوەیەکی وردیشم بۆ بیبلیۆگرافیاکە، رەنگە هەندێ کتێبی دیکەش مابێت کە دەستی پێیان نەگەیشتووە، چونکە پەرشوبڵاویی و پەرتەوازەیی کورد لە بوارەکانی تری ژیاندا زۆرە، بەڵام لە بواری کتێب و فەرهەنگدا یەکجار زۆر و بیمارە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەم نووسیارە کوردە کتێبی کوردی پیتی لاتینیشی بخستایەتە ناو بیبلیۆگرافیاکە و پرۆژەکەی زیاتر پشتیوانی بکرایە، نزیک دەبووەوە لە (10 بۆ 12 هەزار کتێب). ئەم ژمارەیە دابەش بکە لەسەر 90 ساڵی نەتەوەیەکی بندەست و پارچە پارچەکراوی بێ دەوڵەتی وەک کورد، ساڵی نزیکەی 140 بۆ 145 کتێب دەکات!

## *ئەو کتێبە، لە کوێی کتێبخانەکەت دادەنێی؟

پرسیارێکی باو هەیە، لە زۆر نووسەری بەناوبانگی کورد و جیهانی کراوە، ئەگەر بە رێکەوت کتێبخانەکەت گڕی گرت و خۆشت لەناویدا بوویت، یەکەم کتێب هەوڵ بدەی رزگاری بکەیت لە سووتان کام کتێبە؟ وەڵامی سەیر و جیاوازم لەسەر ئەم پرسیارە بینیوە. زۆر جاریش وەک خوێنەر و خاوەن کتێبخانە و نووسەرێکیش خۆم ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە. هەر خوێنەرێک ئەم نووسینە دەخوێنێتەوە و هەر وەڵامێکی لا درووست دەبێت گرنگ نییە، چونکە لە بنەڕەتدا پرسیارەکە گریمانەیەکە و هیچی تر.

دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، رۆژنامەنووسێکی ئێرلەندی بە تەنزەوە ئەم پرسیارەی لە نووسەر و شانۆنووسی بەریتانی (هارۆڵد پینتەر) وەرگری خەڵاتەکە کرد. پینتەر، وەڵامێکی جیاوازی دایەوە و گوتی هەوڵ دەدەم بەس خۆم رزگار بکەم، هەوڵ دەدەم شوێنی کتێبخانەکە دووربێت لە ئاگر.

ئەم وەڵامەی هارۆڵد پینتەر لای من زۆر مانای قووڵی هەبوو. دەیان جار لەناو کتێبخانەکەمدا وێنای ئەو سووتانەم کردووە، بەڵام هەر خۆم بیرۆکە وێناکراوەکە بەتاڵ دەکەمەوە و دەڵێم لەبری بیرکردنەوە لە سووتانی کتێبەکان، بیر لە یاریکردن دەکەمەوە لەگەڵ کتێبەکانم.

لەو یارییەدا، دەیان جار لە کتێبخانەکەدا، جێگۆڕکێم بە کتێبەکانم کردووە. بە شێوازێک هەندێکیانم کە زۆر خۆشدەوێن و یادگاریم لەگەڵیاندا هەیە، وەک تابلۆ لە رووکاری پێشەوەی کتێبخانەکە دامناون، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی دیکە و نووسیندا و لەو ساتانەی پشوویەک دەدەم، کە سەرم بەرز کردەوە ئەو کتێبانە ببینم. کتێبەکان دانەیەک و دوو نین و لە دە کتێب زیاتر و وردە وردەش زیاد دەکەن. رەنگە لە داهاتوودا رووکاری پێشەوەی کتێبخانەکەم بەو کتێبانە داپۆشرێت. پرسیار لە خۆم دەکەم: ئەدی ئەو سەدان کتێبەی تر چ گوناهێکیان هەیە دەخرێنە پشتەوە و روخساریان بە کتێبی دیکە دەشارمەوە؟ (هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە و لە داهاتوودا ئەو چیرۆکە سەیر و سەمەرانەی خۆم و کتێب و کتێبخانە دەنووسمەوە).

لەبارەی دانانی شوێنی گرنگ و دیار، بۆ ئەم زنجیرە کتێبەی (کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا) پێویستە هەموو نووسەر و توێژەرێک لە شوێنێکی دیار و بەردەستی کتێبخانەکەی دایبنێت، بۆ ئەوەی هەر کات پێویستی بەناوی کتێب و ناوەڕۆک و ساڵی دەرچوون و شوێن و نۆبەی چاپی هەر کتێبێکی کوردی هەبێت، بۆی بگەڕێتەوە و بێ ماندووبوون بیدۆزێتەوە.

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، ئەو کاتەی ئەم بیبلیۆگرافیایە هێشتا لەناو کۆمپیوتەردا بوو، چاپ نەکرابوو، بۆ زانیاری دەربارەی هەر کتێبێک گەڕابم، لە ماوەی تەنیا چەند خولەکێکدا دەیان زانیاریی گرنگی داومەتێ. ئێستاش کە ئەم بیبلیۆگرافیایە چاپ بووە، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کارم لەسەر دەستنووس و بەرهەمی هەر توێژەر و نووسەرێکی کورد کردبێت، زانیاریم لەوێ وەرگرتووە. بەتایبەتیش (شێخ نووریی شێخ ساڵح، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، تایەر بەگی جاف، کەمالی عەلی باپیر) و زۆری تریش.

دە کەواتە پیرۆز بێت ئەو شوێنە گرنگ و بەرچاوەی کە (کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا) لە کتێبخانەکەمدا بۆ خۆی داگیری کردووە. پیرۆزە دووبارە.

## *خەوشەکانی نێو بیبلیۆگرافیاکە

(کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا) زۆر لایەنی گەشی هەیە، هەندێکیانم بۆ خوێنەران خستەڕوو. بەڵام پرۆژەیەکی وا گەورە لەدنیادا پێویستی بە دەزگای گەورە و کەسانی پسپۆڕ و تیمی زۆر و ماوەی زۆر دەبێت. ئەم پرۆژەیە بە عەشقێکی تەنیای کتێب و دە ساڵ ماندووبوون و گەڕان، بەدڵنیاییەوە بێ خەوش و کەموکورتی نابێت، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

– یەکێک لە گرفتەکانی ئەم پرۆژەیە لە رێنووس و رێزمان و لایەنی زمانەوانیدایە، لەگەڵ ئەوەی بوار نورەدین لەو بوارەدا ساڵانێکی زۆرە ماندووە و کار دەکات، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەم لایەنەوە بێ خەوش و گرفت نییە، ئەمە گرفتی هەموو نووسەر و خاوەن کتێبێکە و تا کتێب و چاپەمەنیش بمێنێت هەڵەی چاپ دەمێنێت. گەر کەسانی پسپۆڕی زمان و رێنووس زیاتر کاریان لەم پرۆژەیەدا بکردایە، بێگومان پاکژتر و بێ هەڵە و کەموکورتی دەبوو. بەداخەوە هەندێ هەڵەی لەم رووەوە تێدایە، بەڵام لەچاو کارێکی وا گەورە کەمن و دەکرا کەمتریش و بێ خەوشتر بێت.

– لەم بیبلیۆگرافیایەدا دابەشکاریی کراوە بۆ ئەو بوارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، بەڵام خوێنەر پرسیاری بواری دیکە دەکات، لەوانە (فیزیا، کیمیا، زانستی پزیشکی، ژینگە، منداڵان، دەستنووس و... هتد)، رەنگە هەندێکیانی لە بواری (زانستە مرۆییەکان) جێ کردبێتەوە، بەڵام بەدەر لەم بوارانە دەیان بواری تریش هەن دەکرا هەر یەکەیان بەش و بەرگی تایبەت بەخۆیان هەبێ، تەنانەت هەندێ لەو بەشانە دەکرا جیابکرێنەوە، بۆ نموونە ئەدەب، دەبوو شیعر و چیرۆک و رۆمانی بە جیا پۆلێن بکردایە، هەریەکە بۆخۆیان بەشی بەرگێکی ئەم بیبلیۆگرافیایە کتێبیان هەیە.

– هەندێ جار خوێنەری سادە، نەک نووسەر، کەمێک بە ئەستەم دەتوانێت کتێب یان ناوی نووسەرێک بدۆزێتەوە، ئەویش بەهۆی ئاڵۆزیی ئەو شێواز و سیستەمەی کاری پێکردووە (ئەمە لەکاتێکدا ئەم سیستەمەی کە بوار نورەدین کاری پێکردووە، مۆدێرنترین سیستەمی ئەو بوارەیە، بەڵام بۆ خۆی دۆزینەوە لە ئینسایکلۆپیدیای وا گەورەدا کەمێک ماندووبوونی دەوێت.

– زۆر گرنگە کە (کورد و کوردستان- بیبلیۆگرافیا و پێڕستیان لە کتێبی کوردیدا) بەشێوەی ئەلیکترۆنی بخرێتە سەر سایتێکی سەربەخۆ، دەکرێت بە پارەیەکی زۆر کەم خوێنەر هەر جارێک لە رێی یەکەی مۆبایلەکەی بتوانێت بیکاتەوە.

– یەکێکی دیکە لە خەوشەکانی ئەم پرۆژەیە بۆ قۆناغی رەشی شەڕی ناوخۆ و سەردەمی دوو ئیدارەیی دەگەڕێتەوە کە ئەوکات و تا ساڵانی 2008 دوو ژمارەی سپاردن لە هەردوو وەزارەتی رۆشنبیریی سلێمانی و هەولێر دراوە. ئەمەش وای کردووە کەموکورتی لە ژمارەی سپاردن و ناوی کتێب و هەندێ سەرچاوەی نێوان ساڵانی (1997- 2008) هەبێت. دەکرێت لە داهاتوودا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەری و لە چاپی داهاتوودا ئەم گرفتە چارەسەر بکات.

لە کۆتاییشدا خەمنامەیەکی کورتی (بوار نورەدین) لەبارەی ماندووبوون و ئازارەکانی کاتی ئامادەکردنی ئەم بیبلیۆگرافیایە دەکەمە دیاری بۆ خوێنەرانی ئەم نووسینە کە دەڵێت:

**چاوم کز بوو، ئەوەندە بەدوای کتێبدا بگەڕێم**
**زارم تکا، ئەوەندەی تکای کتێب بکەم**
**دەستم شکا، ئەوەندە کتێب هەڵبگرم**
**زمانم سوا، ئەوەندەی لاپەڕەی کتێب هەڵدەمەوە**
**خنکام، ئەوەندەی تۆزی کاغەز هەڵمژم.**

# ڕۆمان و مێژوو...
# هێڵەکەی نێوانیان



سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و مێژوو، پەیوەندییەکی نەبڕاوەیە، بەڵام هەرگیزیش ئەم دووە یەک نین و نابن بە یەک، با بە پرسیارێک دەست پێ بکەین: خوێندنەوەی ڕۆمانێک کە باسی سەردەمێک بکات، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کتێبێکی مێژوویی کە باسی هەمان سەردەم دەکات؟ ئەمە تەنیا پرسیارێک نییە سەبارەت بە چێژی خوێندنەوە، بەڵکو پرسیارێکی لەمێژینەشە کە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و مێژوو دەخرێتەڕوو، بەردەوامیش دووبارە دەبێتەوە.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ڕۆماننووسی ناوداری عەرەب، نەجیب مەحفووز (1911–2006 زایینی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی– 1988)، دەڵێت: پەیوەندیی نووسینی ڕۆمان و مێژوو، جۆراوجۆرە، نووسەر هەیە لەبارەی مێژووی ڕۆمان دەنووسێت، بۆ ئەوەی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی بەسەرچووە، یان ئەو کەسایەتییەی پێشتر ژیاوە، لەم حاڵەتەدا، مێژوو دەبێتە سەداحەفتای ڕۆمانەکە و هونەرکارییش لە سەدا سی کەمترە، هەندێ نووسەریش تەنیا چوارچێوەی مێژوو وەردەگرن و لە میانەیدا بابەتە هاوچەرخ و سەردەمییەکان دەخەنەڕوو، بەڵام جۆری سێیەم ئەوەیە کە هەندێ نووسەر، لە کاتی خوێندنەوە و گەڕانەوەیان بۆ مێژوو، دەکەونە ڕامانی فەلسەفییەوە و ئەمەش دەبێتە هەوێنی نووسینی ڕۆمانەکەیان.

ڕۆماننووسی فەڕەنسی بە ڕەچەڵەک چیکی، میلان کۆندێرا (1929–)، لەبارەی ئەوەی کە چۆن مێژوو لە ڕۆمانەکانیدا جێ دەکاتەوە؟ دەڵێت: لە ڕووداوە مێژووییەکاندا، تەنیا ئەوانە وەردەگرم کە بۆ فیگۆرەکانم بارودۆخێکی وجوودیی ڕوونکەرەوە دەخولقێنن.

دەشێ ئەم قسەیەی کۆندێرا، وەکو جەختکردنەوە لە جۆری دووەم و سێیەمی ئەو ڕۆماننووسانە سەیر بکەین کە نەجیب مەحفووز باسیان دەکات، ئەوانەی چوارچێوەی بابەتە مێژووییەکان وەردەگرن و بابەتی نوێ و هاوچەرخی لێ دروست دەکەن، هەروەها مێژوو بۆیان دەبێتە بابەتی ڕامانی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە.

لەوانەیە خوێندنەوەی ڕۆمانێک کە باسی سەردەمێک دەکات، بەچێژتر بێت لە خوێندنەوەی مێژووی هەمان سەردەم، چونکە زۆربەی کتێبە مێژووییەکان، تەرکیز دەکەنە سەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و مێژووی سەرکردە و پاشا و کەسایەتییە سیاسییەکان دەنووسنەوە، یان وەکو ئەو گوتە بەناوبانگەی دەڵێت: "ئەوە براوەکانن مێژوو دەنووسنەوە.."، بەڵام ڕۆمان لەناو دڵی کۆمەڵگایە و وەسفی ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە مرۆییەکان و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دەکات. وەکو کۆندێراش دەڵێت: نووسینەوەی مێژوو سەرەدەری لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگا هەیە نەک مێژووی مرۆڤ، لەبەرئەوە ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە ڕۆمانەکانمدا دەردەکەون، زۆرجار لە لایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن.

لە سۆنگەی ئەم قسەیەی کۆندێراوە دەشێ بڵێین ئەوەی ڕۆماننووس دەیبینێ، هەرگیز مێژوونووس نایبینێ، یان نایەوێ بیبینێ و بینووسێتەوە. بۆ نموونە، چەندین کتێب باسی شەڕی ناوخۆ و ئەو ناکۆکییانە دەکەن کە لە شاخ و لە شار حیزب و لایەنە کوردییەکان دژ بە یەک کردوویانە، بەڵام (بەدەر لەوەی کتێبە مێژووییەکان پشت بە فاکت و ڕووداوی ڕاستەقینەی مێژوویی دەبەستن)، هیچ کتێبێک لەو کتێبە مێژووییانە، ناتوانێ وەکو ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) بتخاتە ناو ڕووداو و وردەکارییەکانی ئەم ململانێیانە، سەدان کتێب لەسەر کۆچ و هۆکارەکانی و باوکسالاری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەن، بەڵام ناتوانن وەکو ڕۆمانەکانی (کاروان عەبدوڵڵا) و (شێرزاد حەسەن)، وات لێ بکەن لەگەڵ ڕووداوەکان بژیت، هیچ کتێب و وتارێکی ڕەخنەیی ناتوانێ وەکو ڕۆمانێکی (عەبدوڵڵا سەراج) ئەو خەم و ئازارانە دەربخات کە کۆمەڵگای ئێمە لە بێباکیی دەسەڵات و سەرکردەکان دەیچێژێ.

ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی، لە مێژووی ئەدەبیاتدا بە هونەرێکی نوێ و مۆدێرن دادەنرێت، هەر بۆیە مێژووی جۆرەکانی ڕۆمان نوێترە، بە بۆچوونی نووسەر و ڕەخنەگری هەنگاری جۆرج لۆکاچ (1885–1971): ڕۆمانی مێژوویی لەسەرەتای سەدەی نۆزدە و تاڕادەیەک لەگەڵ لەناوچوونی ناپلیۆندا هاتووەتە ئاراوە. ئەو دەڵێت: دەکرێ بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (ڤەیڤەرلی)ی شاعیر و ڕۆماننووسی سکۆتلەندی (ڤاڵتەر سکۆت) کە لە ساڵی (1814) بڵاوی کردەوە، وەکو دەسپێکی ئەم جۆرە دابنێین. دەشێ پێش ئەم مێژووە، ڕۆمانی دیکە ببینینەوە کە باسی مێژوویان کردبێ، بەڵام تەنیا لەلایەنی هەڵبژاردنی بابەت و دەرکەوتەی دەستکردی ڕواڵەتەوە بە ڕۆمانی مێژوویی دادەنرێن.



هەندێ ڕۆماننووس هەن کە خۆیان بۆ نووسینەوەی مێژوو تەرخان کردووە، بۆ نموونە کەسێکی وەکو نووسەر و ڕۆماننووسی لوبنانی جۆرجی زێدان (1861–1914) کە یەکێکە لە پێشەنگانی ڕۆمانی مێژوویی لەسەر ئاستی جیهان، خۆی مێژوونووسیش بووە، کەچی لەماوەی (24) ساڵدا (24) ڕۆمانی نووسیوە، لە ئەزموونەکەیدا ویستوویەتی چاخی مێژووی ئیسلامی، تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕێگای ڕۆمانەوە بگێڕێتەوە، لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە بەرنامەیدایە، مێژوو لە ڕۆمانەکانیدا بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام تەمەن ڕێگای نەدا و نەیتوانی ئەم مێژووە تەواو بکات، بۆیە بەوە ڕانەگەیشت مێژووی هەندێ سەردەم بگێڕێتەوە.

تەنانەت ئەم کارانەی جۆرجی زێدان وای کردووە، مشتومڕێک لە ناوەندی ئەدەبیی عەرەبیدا دروست ببێت سەبارەت بەوەی کە ئایا جۆرجی زێدان مێژوونووس بووە یان ڕۆماننووس؟ واتا کارەکانی بە جۆرێک تێکەڵەیەکن لە مێژوو و لە ڕۆمان کە لێکجیاکردنەوەیان زەحمەتە.

لەبارەی کارەکانی جۆرجی زێدانەوە، دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم، نووسەر و بیرمەند و ڕەخنەگری عێراقی کە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی کارەکانی ناسراون، دەڵێت: ئاگایی جۆرجی زێدان بۆ مێژوو، ئاگاییەکی لاواز و هەژار و دیاریکراو و پابەندبووە بە سەردەمێک، ئەگەر ئێستا لەگەڵ تۆ، واتا لە سەردەمی ئێستا ژیابا، فیکرەکەی دەربارەی پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و مێژوو پێشکەوتووتر دەبوو، من وای دەبینم کە نووسینەکانی نە مێژوون و نە ڕۆمان، چونکە بە ڕێگایەکی نزیک لە فەوزا نووسراون و تێکەڵەیەکن لە نێوان ماددەی مێژوویی و ماددەی گێڕانەوە (سرد)، بۆیە دۆش داماوە، بۆ نموونە، بەشێکی مێژوویی داناوە، لە دوای ئەو بەشێکی خەیاڵئامێزی لەبارەی پەیوەندیی خۆشەویستی داناوە، ئینجا بەشێکی فەنتازی داناوە لە پێناوی ڕاکێشانی وەرگر (خوێنەر)، ئەمەش بیرۆکەیەکی بانگخوازانەیە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ مێژووی کۆنی عەرەبی بە خوێنەر بگەیەنێت.

ئەم تێگەیشتنەی زێدان هێرشی زۆری کرایە سەر و بە شێوێنەری مێژوو و تێکدەری مێژوو تۆمەتبار کرا، عەبدوڵڵا ئیبراهیم پێیوایە ئەمانە تەنیا تۆمەتن، چونکە جۆرجی زێدان نیازی خراپ نەبووە، بەڵام شێوازی نووسینی گێڕانەوەیی، ڕووداوە مێژووییەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگوازێتەوە، بۆیە هەندێک ناڕاستی دێنە ئاراوە کە هیچ کەسێک ناتوانێ لە هیچ پرۆسەیەکی گێڕانەوەیی مێژوودا لێی لابدات.

ڕەنگە ڕۆمانەکانی جۆرجی زێدان، بچنە خانەی ئەو جۆری یەکەمەی کە نەجیب مەحفووز باسی دەکات، واتا ئەوانەی: مێژوو لە کارەکانیاندا دەبێتە سەدا حەفتای ڕۆمانەکە و هونەرکارییش کەمتر لە سەدا سی.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە ڕۆماننووس، هەرچەندە مێژووش بنووسێتەوە، یان مەبەستی بێ ئەم کارە بکات، ئەوا نابێت بە جۆرێک لە سەرلێشێوان، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خوێنەر، ڕۆمان و مێژوو تێکەڵ بە یەکتر بکات، دەبێ هێڵێکی جیاکەرەوە هەبێ لە نێوان ئەم دوو بوارە، بە جۆرێک، لە کاتی خوێندنەوەدا، خوێنەر بە تەواوەتی لای ڕوون بێ کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ڕۆمانە یان مێژوو.

**سەرچاوەکان:**

...............

**– هونەری ڕۆمان– میلان کۆندێرا، وەرگێڕانی: کەریم پەڕەنگ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ1، 2008.**

**– ئەدەب و دیالۆگ.. کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی– وەرگێڕانی: سەنگەر زراری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1. 2011.**

**– هل قراءة الروايات مضيعة للوقت؟ محمد علي عطية، موقع: يقظة فكر.**

**– نڤیسار.. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، 2004.**



# لە ڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(4)

دەشێت جاڕدانی شەڕ دژی سێکس، هۆکاری سەرەکی بێت بۆ سەرهەڵدانی هاوڕەگەزبازی، با لەو وەڵاتانەدا کە سێکس سەرکوت دەکرێت، بە ئاشکرا یانەی تایبەت بە هاوڕەگەزخوازانیش نەبێت، بەڵام بە نهێنی هاوڕەگەزبازی دیاردەیەکی بەربڵاوە. (سێکسفرۆشی)یش لەو شوێنانە بڕەوی زیاترە کە سێکس بە تابوو لە قەڵەم دەدرێت. چونکە ئەو ئازادییەی لە دێهاتدا هەیە، لە شارەکاندا نییە، ئەوە بۆیە هاوڕەگەزبازی و لەشفرۆشی لە گوندەکاندا دەگمەنە. تا سێکس زیاتر سەرکوت بکرێت، لادانی سێکسی زیاتر پەرە دەستێنێت. وزەی سێکس وزەیەکی خوداییە، زیاتر پێوەندیی بە ڕۆحەوە هەیە، وەک لە جەستە، بۆیە پێویستە لێی تێبگەین، نەک سەرکوتی بکەین، ئەگەر نا، دونیای سۆز و ئەوین، جێگەی دونیای حەز و ئارەزوو ناگرێتەوە. ئەگەر ژن و مێرد بتوانن ببن بە هاوڕێی ڕاستەقینەی یەکتری، ئەوسا خەڵووز دەبێت بە ئەڵماس، ئەوسا سێکس لە کنیان لە ئارەزووەوە دەبێت بە خۆشەویستی و تەنانەت وەک خوداوەندیش سەیری یەکدی دەکەن.

بۆچی دیوارەکانی دەرەوەی پەرستگای خاجاراهوو کە دەکەوێتە ناوچەی شاتارپووری هیندستانەوە، بە پەیکەر و وێنەی ژن و پیاو لە سەروەختی جووتبووندا ڕازێنراونەتەوە، بەڵام کە دەچیتە ناو پەرستگاکەوە، یەک ئاماژە بۆ سێکس نییە؟ چونکە حەز و ئارەزوو لە دەرەوەی پەرستگاکەن و ناوەوەی خوداوەندی تێدایە. چونکە چالاکیی سێکسی شتێکی دەرەکییە، بەڵام ئاسوودەیی و دڵنیایی کە بە ڕۆحەوە پێوەستن، لە کرۆکدان. چونکە تا لە سێکس تێنەگەین، ئاوەزمان هەر کۆیلەی سێکس دەبێت و لەناو پەرستگایشدا بیرمان لای خوداوەند نابێت، لای سێکس دەبێت.

بە ناوی ئایینەوە، جاڕی جەنگمان لە دژی سێکس داوە و قەڵای هەموو هەوڵێکمان بۆ تێگەییشتن لە سێکس خاپوور کردووە. بەوە لە سێکس تێناگەین، چاوی خۆمان لە ئاستیدا بنووقێنین، بەوە لێی تێدەگەین، بە چاوی کراوەوە سەرنجی قووڵی بدەین. بەوەی بە گژیدا بچینەوە، سێکس کەمبایەختر نابێت، سەرنجڕاکێشتر دەبێت، ئاخر سێکس گرێیەکە ئەگەر لێی حاڵیی نەبین، ئاڵۆزتر دەبێت. وەک چۆن جاران ئەگەر پەنجەی پێی ژنێک دەرکەوتبا، سەرنجی پیاوی ڕادەکێشا، بەڵام ئێستا دەرکەوتنی ژنی نیمچە ڕووتیشی بەلاوە ئاساییە، سێکسیش هەر وایە، تا بیشارینەوە، زیاتر جێی سەرنج دەبێت. بۆ ئەوەی ئارەزووکردنی سێکس، خەیاڵی نەوەکانی داهاتوو داگیر نەکات، باشتر وایە کوڕان و کچان تێکەڵ بن و ئەوەندەی گونجاوە، جەستەیان لە یەکدی نەشارنەوە.

لە هەر جێیەک ژن لە پاژنەی پێیەوە تا تەوقی سەری داپۆشراو بێت، لەوێ زەمینە لەبارە بۆ بڕەوی سێکسفرۆشی و هاوڕەگەزبازی، لەوێ گەڕان لەدوای سێکس دەبێتە تاقە خولیای خەڵک. سێکس شتێکی سرووشتییە، ئەوە ناسرووشتییە و کارەساتیشە، سێکس ژیانمان داگیر بکات. سێکس تا سەرکوت بکرێت، بەهێزتر دەتەقێتەوە و زووتر باڵ بەسەر ژیاندا دەکێشێت. کەس ئەوەندەی ئەو واعیزانە گیرۆدەی سێکس نییە کە بەردەوام سەنگەریان لێ گرتووە و لە دژی دەپەیڤن. بۆ ئەوەی ئێمە سێکس بەرزەفت بکەین، نەک سێکس ئێمە کۆنترۆڵ بکات، هیچ چارەمان نییە، غەیری ئەوەی ددانی پێدا بنێین و لێی تێبگەین.

ئەگەر لە سێکس تێبگەین، بە دەستییەوە زەلیل نابین، بەڵکوو تەواو وەک نوێژ و یۆگا و ڕامان، بە هۆیەوە ڕۆحمان بەرەو باڵایی هەڵدەکشێت، وەک چۆن خەڵووز لە هەڵکشانیدا دەبێت بە ئەڵماس. سێکس کە ئارەزووە، دەکرێت ببێت بە نووری خۆشەویستی و ڕێی بەرەو لای خوامان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام ئەگەر خۆمانی ڕادەست بکەین، هەر بە خەڵووزی دەمێنینەوە. سێکس حەقیقەتە، وەهم نییە، بەوە بزر نابێت، ترسنۆکانە خۆمانی لێ بدزینەوە، بەوە بە قازانجمان دەشکێتەوە، بوێرانە بەرەوڕووی ببینەوە.

ئەگەری ئەوە بەهێزە، لە ناخی هەر کەسێکدا، هەم بەهەشت هەبێت و هەم دۆزەخیش، هەم خوداوەند هەبێت و هەم شەیتانیش، ئەگەر نا، ئەوە چۆن لێک دەدرێتەوە، کەسێکی هێمن و بێوەی کە خۆشەویستی لە چاویدا شەوق دەداتەوە، لەناکاو تاوانێکی گەورەی لە دەست دەقەومێت؟ لە ناخی ئینساندا، دڕندەیەک خۆی مەڵاس داوە، هەر هەلی بۆ ڕەخسا، دەستی کوشندە دەوەشێنێت، ئەوە بۆیە، وەک نموونە، لەپڕ پیاوێک بە زۆرەملێ، ژنێک دەنێتە ژێر خۆی و زەوتی دەکات. ئینسان وەختێکی زۆری ژیانی بۆ لەغاوکردن و بەستنەوەی ئەو دڕندەیە تەرخان کردووە، دڕندەکەیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە لە زیندانی ناخی ئینسان قوتاری ببێت. ئەوی پێی دەڵێین ئینسان، تا لەو دڕندەیەی ناخی ڕزگاری نەبێت، ئینسانێکی تەواو نییە.

چەپاندن نەک هەر ئینسان لە هیچ ڕزگار ناکات، بەڵکوو هەر ئارەزوویەک سەرکوتی بکەین، ڕەگوڕیشەی قووڵتر بە نەستماندا ڕۆ دەچێت و زیاتر گیرۆدەی دەبین، ئاخر ئینسان بە گشتی توانای جڵەوکردنی ئارەزووی نییە، ئەوە ئارەزووە، ئینسان جڵەو دەکات. ئاژەڵ وەخت و وەرزی دیاریکراوی بۆ سێکس هەیە، بەڵام ئینسان پێبەندی وەخت نییە، سێکس لە کنی، گڕکانێکی هەمیشە هەڵچووە، بە درێژایی ساڵ، حەزی لێیەتی و هیچ ئاژەڵێک ئەوەندەی ئینسان بەئاڵۆش نییە، بۆیە ئەوە ستەمە لە ئاژەڵی دەکەین، ئەگەر تامەزرۆیی بۆ سێکس، بە ئارەزوویەکی ئاژەڵانە لە قەڵەم بدەین.

ئینسان بۆ گەییشتن بە چرکەساتێک لە لەززەت، کە لە سێکسی دەبینێت، زۆرترین وزە کە ژیانی پێوە بەندە، لە کیس خۆی دەدات، ئەمەیش زادەی ئەوەیە، سێکس هێزێکی مەزن و سەرسوڕهێن بۆ ڕاکیشانی ئینسان بۆ لای خۆی شک دەبات. ئاخۆ ئەگەر ئینسان ئەو خۆشییەی لە سێکسی دەبینێت، بە ڕێگەیەکی دیکە پێی بگات، بەبێ ئەوەی ئەو هەموو وزەیە بە هەدەر بدات، لە سێکس دوور دەکەوێتەوە؟ کێشەکە ئەوەیە سێکس وەها ئینسانی داگیر کردووە، بیری بۆ ئەوە ناچێت، دەشێت ئەزموونێکی دیکە هەبێت، جێی سێکس بگرێتەوە.

**2016/8/16**
**ستۆکهۆڵم**

(1) أوشو، من الجنس إلى أعلى مراحل الوعي، نقله إلى العربية: أيمن أبو ترابي، دار الفرقد 2011 دمشق.
(2) أوشو، الحب و الحرية و الفردانية، ترجمة: ميتم الضايع، دار الحوار 2013 اللاذقية.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# خەخەبە

سەرۆکی ئەنەکەسە، کە دەکاتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا، ناوی مامۆستا (ئیبراهیم برو)یە، وەک دەگێڕنەوە پیاوێکی چاونەترسە، نەک هەر کون لە جەرگیدا نییە، بەڵکو هیچ دوور نییە ئەگەر سۆناری بۆ بکەی، جەرگی هەر نەبێ. جا دەڵێن منداڵۆکەیەک لە دوورەوە بە دەنگی بەرز هاواری کردووە مامۆستا ئیبرایم برو؟ ئەمیش لە جیاتی بڵێ بۆچی برۆم؟ گوتوویەتی باشە بەسەر چاو، ئاخر وای زانیوە پێی دەڵێ مامۆستا ئیبراهیم، برۆ.

ئەم قارەمانە کە بە حیسابی سەرکردایەتی بەرەیەک، نەک حیزبێک دەکات، بە نەرمە هەڕەشەیەکی ئاسایشۆکەیەکی پەیدەدە، وەک فیلمی کارتۆنیی میک میک تا ئەمدیو نەوەستا، ئائەمەیە سەرلەشکری تۆپ و تەیارە شکێن.

هێشتا چرچی نیگەرانیی برۆ، لە نێوچەوانی نەرەوییوەوە مامۆستا برۆ، ڕێژنەی بەیاننامە دەستی پێکرد، خۆپیشاندانی تەحتەلتەڵەبی چل کەسیی ئەنەکەسەش لە ڕۆژاوا ڕژانە سەرشەقام، نازانم بۆ، بەڵام ئەو سوعبەتەم بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی بە گۆرانییەکی شڤان پەروەرمان دەکرد (ئەی ترسنۆکینە، ئەنگۆ خۆڕینە، خۆتان ناوێرن، ئەمن دەنێرن، هێی هێی هێی هێی کینە ئەم). ئاخر مامۆستا، خۆت کە بە فیکەیەک ڕاتکرد، خێرە خەڵکی دەخەیە بەر غەزەب!؟ پێدەچێ لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا ئەوە عورف بێ، کە میللەت خۆی پیشان بدا، سەری گەورەش بە میللەتی پیشان بدا، ئیدی هەر یەکەو شتێ بەوەی دیکە پیشان دەدا.

لە مێژووی پرسەرووەریی حیزبی کوردیدا، نموونە زۆرن لەسەر ئەوەی شوختی سەیارەیەک، یان شکانی پیاڵە چایەک بۆ خاوەنەکەی بووەتە بینگۆ و دووشەش، لە پەنجەی دەست زیاترن ئەو مەڵتی ملیۆنێرانەی بە گرتنەوەی تفێک، یان خۆخستنە بەر پێوەدانی زەردەواڵەیەک ژیانی خۆیان و حەوت نەوەیان مسۆگەر کردووە، پێشبینی دەکەم ئەم سووکە دەرکردنەی مامۆستا ئیبراهیمیش، ئاخیری خێر و پڕبەرەکەت بێت.

ئاخر هەر کە مامۆستا برۆ، هات، خۆری بەدبەختیی لە ڕۆژاوا ئاوابوو، گزنگی خۆشگوزەرانیشی لە باشوور، هەڵهات و یەکسەر دەستی کردەوە بە خەبات. نەیکردە نامەردی و گەڕا گەڕا بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، ئەوە بۆیە یەکەمین هێرشی سەرکەوتووی بۆ لای بارزانیی برد، پاش ئەوەش دانە دانە خاڵ دانە دانە، کونسوڵگەرییەکان گەڕا، وەک خۆیشی دەڵێ، ئەو خەباتانەی فرە بەرهەمدار بوون، بۆیە بە گوێرەی شارەزایان، هاکا مامۆستا برۆ، هاوزەمان گیرفانی پڕبوو لە دۆلار و جۆرەها ڤیزەی مەڵتی، تەواوبوون ڕۆژانی مەینەتی، کاتی بەستنی زنجیرە سیمینار و کۆنفرانسە، لە کۆڵن بێ یان لە فرانسە، ئەگەر ماندووش بوو، سەردانێکی چیک و هەڵمژینی هەوای پراگ، چاکە بۆ هەناسە. ناویشی بگۆڕە ئەو ئەنەکەسەیە، ئیدی سەردەمی مۆدێلی (خەخەبە)یە، بۆ ئەوانەشی نازانن خەخەبە چییە، ئەوە کورتکراوەی (خەباتی خۆش و بەلەزەت)ە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کورد وەک سەرچاوەی کێشە

سەرباری ئەوەی کە بەهۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانەوە، کورد وەک نەتەوە و خاکەکەشی وەک نیشتمانی کوردان، دابەشکراون بەسەر چەند وڵاتێکی جیاواز لەڕووی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەوە، لێکەوتەی ئەمەش وای کردووە، سەرباری ئەوەی کورد یەک نەتەوەو لە بنەڕەتەوە خاوەنی یەک نیشتمان بوون، بەڵام جیاوازیی زۆر لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شێوازی ئاخاوتن و شێوەی ژیانیان پەیدا ببێت.

سەرباری بوونی جیاوازیی زۆر، بەڵام لە شتێکدا کوردی هەریەک لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان لەیەک دەچن، ئەویش شێوازێکە لە پاکانەکردن. بە درێژایی مێژووی ململانێ و ناکۆکییەکانی کورد و دەوڵەتەکانی ناوچەکە، هەر بزووتنەوەیەکی خێڵەکی یان جەماوەری یان سیاسی، ڕاپەڕین یان شۆڕشێکی بەرپا کردبێت، ناچار بووە دوو جۆر لە پاکانە بکات، یەکیان ئەوە بووە دڵنیایی بداتە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە ئێمە داوای جیابوونەوەمان نەکردووە و خوازیاری ئەوە نین ئەم وڵاتە دابەش بێت، دەمانەوێ لەگەڵ ئێوە پێکەوە بەشدار بین لە بەڕێوەبردنی وڵات. دووەمیش بەردەوام دڵنیایی داوە کە ئێمە سەرچاوەی کێشە نین.

لە واقیعدا هەر شۆڕش یان ڕاپەڕین و هەر پەرچەکردارێک ڕوویدابێت، بریتی بووە لەوەی کورد ویستوویەتی واقیعی زاڵ ڕەتبکاتەوە و دۆخێکی پێچەوانە دروست بێت کە کورد خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، بێگومان ئەم داخوازیە و جۆری مامەڵەی دەسەڵات و نەتەوەی سەردەستە بەو جۆرە بووە کە ئەمە یاخیبوونە و دەبێت سەرکوت بکرێت، بەریەککەوتنی ئەم دوو تێڕوانین و خواستە جیاوازە، کێشەگەلی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. جا کورد بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکانی نەگرێتە ئەستۆ و بەپێی تێڕوانینی خۆی بۆ ئەوەی بواری تۆمەتبارکردنی نەهێڵێتەوە، ئەو شێوازە پاکانەکردنەی وەک پرەنسیپێک پاراستووە کە (نە خوازیاری جیابوونەوەین و نە سەرچاوەی کێشەین).

ئەم تێزە لە بیرکردنەوە زیانی زۆر گەورەی بە کورد گەیاندووە و ئەوەش جۆرێک بووە لە پەروەردەی قبوڵکردنی وابەستەیی بە دەوڵەتانی سەردەستەوە، ئەم جۆرە لەپەروەردەکردن ڕێگەی نەداوە بزووتنەوەیەکی یاخی سەرهەڵبدات کە ئازایانە داوای ڕەتکردنەوەی داگیرکاری بکات، یان جورئەتی ئەوە بداتە بەر خۆی، خۆی وەک سەرچاوەی کێشە بناسێنێت. بۆیە دەبینی هەمیشە داواکاریی کورد و ئامانجی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بچووک بوون، کە داوای شتی بچووکیشیان کردووە، هیچیان دەستنەکەوتووە. خۆ ئەگەر داوا و خواستی گەورەیان هەبووایە، لانیکەم هەندێ شتی بچووکیان دەپچڕی.

ئێستا بەهۆی ئەو پێشهات و ڕووداوانەی ناوچەکە، دۆخێک هاتووەتە پێش، کوردی خستووەتە بەردەم ئەمری واقیعێکی تازەوە، لەلایەک کۆمەڵێک مەترسی و هەڕەشەی چاوەڕوانکراو، لە هەمانکاتدا لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێک دەرفەت و هەلی زێڕین. سەرچاوەی دروستی بڕیاری کورد کە کام لەم ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت پەیوەندی بە شتێکەوەیە پێی دەگوترێت (ئازایەتی). ئەگەر کورد ئازایانە بیربکاتەوە، ڕێگەی هەل و دەرفەتەکان دەگرێتەبەر، ئەگەر ئازایەتیش لە بڕیاریدا نەبێت دەکەوێتە سەر بۆمبی هەڕەشە و مەترسیە چاوەڕوانکراوەکان.

کورد لە بەردەم ئەمری واقیعێکی تازەدایە، پاکانەکردن و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دڵنیایی دادی نادات، پێویستی بە گوتارێکی ڕاست و ڕوون و ڕەوان هەیە بە دەنگێکی دلێرانەوە بە دوژمنەکانی بڵێت چی دەوێت. پێویستە شەرم لەوە نەکات کە وەک سەرچاوەی کێشە دەربکەوێت، چیتر ئەو پاکانە کردنانە ڕەواجیان نەماوە کە (ئێمە بەشێکین لە چارەسەر و نامانەوێ بەشێک بین لە کێشەی ناوچەکە). بە پێچەوانەوە ئێستا دۆخێکی تازە و قۆناغێکی جیاوازە، دەبێت کورد بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنێت کە سەرچاوەی کێشەکان ئێمەین.

تا بۆ دونیای نەسەلمێنین کە ئێمە سەرچاوەی کێشەی ناوچەکەین، جیهان بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکەمان ناکاتەوە. بە تایبەتیش کە خەریکە نەخشەی جۆرێکی دیکە لە هاوپەیمانێتی و ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز و هاوکێشەکانی ناوچەکە دادەڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی لەم نەخشە تازەیەدا کورد نەبێتە قوربانی و بۆ سەدەیەکی تریش ژێردەستەی حاکم و حوکمڕانە تازەکانی ناوچەکە نەبێت، پێویستە توانا و هێزی خۆمان پیشان بدەین کە ئارامی و سەقامگیری ئەم وڵاتانە بەستراوەتەوە بە خواست و پێداویستییەکانی کوردەوە. ئەوەش بەوە دەکرێت پێش هەر شت ئەو تەلەسمی ترسە بشکێنین کە چیمان دەوێت.

کورد مافی خۆیەتی وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژێت، ناکرێت میللەتێکی چل ملیۆنی و خاوەن خاک و نیشتمانێکی گەورە، بێ دەوڵەت بمێنێتەوە. هەل و دەرفەتەکانیش بۆ کورد لەبارن بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ژێردەستەیی. دەبێت ئازایانە بڵێین بەڵێ ئێمە داوای پارچە پارچەکردنی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەکەین تا نیشتمانێک یەک بگرێتەوە. بەڵێ ئێمە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئەم ناوچەیە و مەترسی سەر سەقامگیریی جیهان و بەرژەوەندیەکانیان دەبین، تا کێشەی کورد چارەسەر دەبێت.

بەڵام سەنگی مەحەکی سەرکەوتنی کورد پێکەوەییە، ئەگەر پێکەوە بین، ئایندەی ناوچەکەو هاوکێشەی ململانێی زلهێزەکانی دونیا بە قازانجی کورد لە بەردەم گۆڕانی گەورەدایە، ئەگەر وەک ئێستاش پەرشوبڵاو و ناتەباو دژبەیەک بین، ئەو زەمینە و دەرفەتانەی ڕەخساون، تێدەپەڕن و وەک کۆمەڵێک گرووپی بچووک، لانیکەم تا سەدەیەکی تریش دەکرێینە سووتەمەنی ململانێکانی ناوچەکە و ئامرازی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز و دەوڵەتە داگیرکەرەکان.



کامەران محەممەد عەزیز

# شەڕی مووسڵ و ئەولەویەتەکانی ئاسایشی ئێمە

ئۆپەراسیۆنەکانی مووسڵ و قۆناغی دوای داعش تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەورە دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، کە تا ئێستا توانیویانە بە ئاشتیانە ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن. ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی پرۆژە جیاوازەکاندا دەبێت لەسەر ئایندەی مووسڵ و تەواوی ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش. ژینگەی ئەمنی و ستراتیژیی مووسڵ و پرۆژەکانی ئیدارەکردنی شارەکە پانتایی سەرەکی سەرهەڵدانی نادڵنیایی و ئاڵۆزییەکانن. شێواز و سروشتی ئۆپەراسیۆنەکە کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاسایشی هەرێم دەبێت، چونکە پێشبینی دەکرێت هەموو ئەو هێزانەی بەشدار دەبن لە ئۆپەراسیۆنەکە: سوپای عێراق، پێشمەرگە، حەشدی نیشتیمانی و عەشائیری سوننە، حەشدی شەعبی و پەکەکە، لە قۆناغی دواتردا بەریەکتر بکەون و ژینگەیەکی زۆر ئاڵۆز و بێ متمانە دروست بکەن ئەگەر ئەمریکا نەیتوانی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکات.

لەبەرئەوە ئەمریکا ترسێکی زۆری لە دروستبوونەوەی شەڕێکی تایفی لە شارەکەدا هەیە، بە تایبەت لە نێوان هێزە لۆکاڵییە سوننییەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی، تا ئێستاش سوپای عێراق بە تەواوەتی ئامادە نییە و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش پێویستی بە کاری زۆرە، ئەمریکا لە ڕومادی و مووسڵیش وەکو سەردەمی سەحوە لەگەڵ عەشیرەتە سوننییەکان دانەنیشتووە و بەشێوەیەکی گشتی هاوکاریی حەشدی نەکردووە. ئەگەری بەشدارکردنی حەشدی شەعبی و پەکەکە و دەستێوەردانی تورکیا، هەموو ئەوانە ژینگەیەک دروست دەکەن کە ڕەنگە دواجار ئەگەری دابەشبوونی هێزە کوردستانییەکانیش مومکین بکات. پێناچێت ئەمریکا لەگەڵ هیچ پرۆژەیەکی بەهەرێمکردنی شارەکە و دابەشکردنی بۆ چەند پارێزگایەک بێت، ڕاستە دەرکردنی داعش لە مووسڵ دەبێتە هۆی ئەوەی بە تایبەت لە عێراق پێگەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی کردە سەربازییەکانی لە دەست بدات و نەتوانێت پلان و بەرنامەی عەسکەری دابنێت، لە هەمووی گرنگتر سەرچاوەیەکی دارایی زۆر لە دەست دەدات و توانای ئاراستەکردنی خەڵکیشی بۆ شوێنەکانی دیکەی نێو عێراق و دەرەوەی عێراقیش نامێنێت، بەڵام ئەوە مانای کۆتایی داعش نییە. پێدەچێت ساڵێک بخایەنێت تا بەتەواوەتی داعش لە شوێنە جیاوازەکانی شارەکە و ناوچەکە کۆتایی پێ دەهێنرێت، ژینگەی دوای داعشیش تا کاتێکی زۆر ژینگەیەکی زۆر لەبار نابێت بۆ هەر گۆڕانکارییەکی گەورە لەسەر ئایندەی ناوچەکە، لەبەرئەوە تا ئەو کاتە پێشبینی دەکرێت ئەمریکا لەگەڵ هیچ بەرنامەیەکی نوێ بۆ شارەکە نابێت، بەڵام تەنیا کاتێک کە توانیویەتی کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکات.

## ئەولەویەتەکانی ئاسایشی کورد

**یەکەم:** ئاسایشی سنووری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکان. زۆربەی گرووپە تیرۆریستی و تاکە تیرۆریستییەکان کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەڕەشە بوونە لەسەر هەرێمی کوردستان، سەرچاوە و پلانی کارکردنیان لە مووسڵدا بەڕێوە بردووە، بۆیە پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بە گەورەترین ئەولەویەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت دابنرێت.


ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی گرووپی تیرۆریستی لەو ناوچانە و لاوازکردنی گرووپەکان بەر لەدەرکەوتنیان یان ڕێگەگرتن لە دووبارە خۆڕێکخستنەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە سنووری مووسڵ.

**دووەم:** ئایندەی ناوچە کوردستانییەکان. چونکە قۆناغی دوای داعش قۆناغێکی زۆر ناجێگیر دەبێت، لەبەرئەوە دەبێت لە ڕووی ئەمنی و ئیدارییەوە بە هەر شێوازێک بێت شەنگال و دەشتی نەینەوا لە ژێر کۆنترۆڵی کورد خۆیدا بێت، تا ئەو کاتەی ئایندەی شارەکە بە تەواوەتی دیار دەبێت، لە هەمووی گرنگتر ئامادەکردنی ئەو شوێنانە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی ئاوارەکان. ئەگەر ئاراستەی ئۆپەراسیۆنەکە گۆڕا بۆ شەڕێکی تایفی، ئەوا خەڵکێکی یەکجار زۆر پێشبینی دەکرێت شارەکە جێبهێڵن و ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەگەر ئامادەکاریی باشی بۆ نەکرێت، هاتنی خەڵکێکی زۆر ئەگەری ئەوەی هەیە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێم دروست بکەن، بە تایبەتی لە ئەگەری دزەکردنی تیرۆریستان، لەبەرئەوە دانانی بەرنامە و سیستەمێکی تەواری بۆ دیاریکردنی ناسنامە و کەسایەتی ئاوارەکان کارێکی زۆر گرنگە.

## بەرەو ستراتیژیەتێکی کوردستانی

بەر لەهەموو شتێک، مووسڵ ژینگەیەکی زۆر سەخت دەبێت بۆ هەموو پرۆژەکان، پێشبینی ناکرێت هیچ پرۆژەیەک بەتەواوەتی بتوانێت لەسەر شارەکە جێبەجێ ببێت، بۆیە بەرلەوەی قسە لەسەر هیچ پرۆژەیەکی کوردی بکەین، دەبێت بپرسین ئامانجە ستراتیژییەکانی کورد چینە؟ لەبەرئەوە کورد دەبێت باش ئاگاداری ئەوە بێت داعش دەڕوات لە مووسڵ، بەڵام مووسڵێکی ناسەقامگیر و فەوزا دەمێنێتەوە. ستراتیژیەتی کورد دەبێت لەسەر بنەمای ئامانجی سیاسی باڵای کورد دابمەزرێت، ئەو ئامانجانەش دەرئەنجامی واقیعی سەختی ناوچەکە بێت. ئەرکی کورد نییە داعش لەناو ببات، لە توانای کوردیشدا نییە ئەو کارە بکات، بەڵکو لە فەرهەنگی سەربازیدا "لەناوبردن" مەبەست لێی بێتواناکردنی دوژمنە بۆئەوەی نەبێتە هەڕەشە تا ئەوکاتەی جارێکی دیکە خۆی دروست دەکاتەوە، لەبەرئەوە بۆ کورد ستراتیژیەتی لەناوبردنی داعش دەبێت وا بونیاد بنرێت کە جارێکی دیکە داعش نەتوانێت کارا بێت، بە تایبەتی لە سنووری ناوچە کوردستانییەکان. بۆیە شکستی داعش لە مووسڵ بە مانای کۆتایی ئەرکی کورد نابێت. ئەو "شکستە" هەلومەرجێکی کاتی دەبێت تا ئەو کاتەی شارەکە لەسەر بنەمایەکی دروست بونیاد دەنرێتەوە کە پێناچێت لە ماوەیەکی نزیکدا ڕووبدات. بۆیە ئامانجی سیاسی کورد دەبێت لەسەر بنەمای دیدگایەک دابرێژرێت غەریب نەبێت بەو گۆڕانکارییانەی لە داینەمیکەکانی هێز لە شارەکە و لە عێراقیش لە دوو ساڵی ئایندەدا ڕوودەدەن.



ڕابەر تەڵعەت

# تەکنۆتیرۆریزم

گەورەترین مشەخۆر کە تا ئێستا توانیبێتی زۆرترین سوود لە جەستەی مۆدێرنیتە، شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری وەربگرێت، بریتییە لە تیرۆریزم. ئامانجی هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی بۆ کوشتن و وێرانکاری چەندە گەورە بێت، ئەنجامەکەی لە تۆقاندن و بڵاوکردنەوەی ترس و شڵەژان بە جیهاندا سەد ئەوەندەیە. شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری، گواستنەوەی وێنە و هەواڵی خێرا، ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەخشی بیست و چوار کاتژمێری و گواستنەوەی هەموو ڕووداوێکی گەورە و بچووک بەشێوەیەکی بەردەوام، هەست و هۆشی مرۆڤی ئەم سەردەمە ئاراستە دەکەن بەرەو نائارامی و شڵەژان. هەستکردن بەوەی کە تۆ لە جیهانێکی نائارامدا دەژی و هەموو چرکەیەک ئەگەری ئەوە هەیە ببی بە قوربانیی کردەوەیەکی تیرۆریستیی ڕێکخراو، وای لە ئێمە کردووە هەموو کاتێک سەرقاڵی گێڕانەوە و لێکدانەوەی پێش کردەوەی تیرۆریستی و پاش کردەوەی تیرۆریستی بین. بۆ نموونە ئەو ناونیشانەی هەموو دونیای هەتا ئێستا بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە دەڵێت "جیهان پێش یانزەی سێپتەمبەر و پاش یانزەی سێپتەمبەر".

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا جیهان ئیتر شوێنێکی پارێزراو نییە بۆ ژیان یان تیرۆریزم توانیویەتی بە تەواوەتی دەست بەسەر تەکنەلۆژیادا بگرێت و فێڵ لە چاومان بکات؟ ئایا جیهان لە سەردەمی تیرۆردا دەژی یان لە سەردەمی پیشەسازیی تیرۆریزمدا؟ باشە مرۆڤایەتی بۆچی ئاگای لە وردەکاریی وێنەی ئەو تاوانانە نەبوو کە لە ساڵانی حەفتاکاندا دوو ملیۆن مرۆڤی لە کەمبۆدیا لە کێڵگەکانی کوشتن و پاکتاوی بەکۆمەڵدا کردە قوربانی، لە هەشتاکاندا بە ملیۆنان مرۆڤ لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا لەناو چوون، لە نەوەدەکاندا بە ملیۆن مرۆڤ لە کۆنگۆ بوونە قوربانی، کورد ئەنفال و کیمیاباران کران، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە دونیای لە مەترسیی تیرۆریزم بە ئاگا نەهێنا؟ ئایا ئەو کاتەی هەموو ئەوانە ڕوویاندا، تیرۆریزم بوونی نەبوو، یان تیرۆریزم هێشتا دەستی بەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا نەگرتبوو تا ڕۆژانە وردەکاری وێنە و داهێنانەکانی کوشتنی مرۆڤ و پاکتاوی ڕەگەزیمان بۆ بگوازێتەوە؟ وڵامەکەی بەباوەڕی من ئەوەیە، جیهان هیچ کات شوێنێکی ئارام و سەلامەت نەبووە، مرۆڤایەتی هیچ کات خاڵی نەبووە لە تیرۆریزم، بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا پیشەسازیی تیرۆریزم بە قەد ئێستا بەهێز و باڵادەست نەبووە.

تەکنۆتیرۆریزم واتای تێکەڵکردنی دڕندەیی و بەربەرییەت بە دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتە و تەکنەلۆژیا، بەڵام نەک بە تەنها بۆ کوشتن و لەناوبردن، نەک بە تەنهاش بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن، بەڵکو بۆ داڕشتنەوەی دووبارە جوگرافیای سیاسی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەرژەوەندیی ئابووری وڵاتە زلهێزەکان و ڕکابەریی بۆ دەستبەسەرداگرتنی جیهان لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی مۆدێرن و سەردەمی گوتاری دیموکراسی و گلۆباڵیزمدا.

لە سەردەمی تەکنۆتیرۆریزمدا هەر بە تەنها وڵاتانی خاوەن سەروەری یاریکەری سەر گۆڕەپانی سیاسی و نێودەوڵەتی نین، بەڵکو ڕێکخراوە چەکدارە توندڕەوەکانی وەک قاعیدە و داعش و دەیانی دیکەش کارەکتەری سەرەکین لە گۆڕەپانەکەدا. کاریگەریی ئەو ئەکتەرانەش لە شەڕی یەکتردا بە تەنها لە چوارچێوەی توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازی و تەکنیکی شەڕکردن و تۆقاندندا دەستنیشان ناکرێت، بەقەد ئەوەی کە پیشەسازیی ناساندن و بڵاوکردنەوەی تیرۆریزم دەتوانێت نیشانی بدات، هێزی تەکنۆتیرۆریزم لەوەدا خۆی دەردەخات کە تەقینەوەکانی لەندەن و پاریس و برۆکسل بۆیان هەیە ببنە هۆی دەسکاریکردنی سنوورەکانی ئەورووپا، بە ملیاران دۆلار زیانیان بۆ ئابووری هەبێت، چالاکییە سەربازییەکانیان دەستنیشان بکات و هاوپەیمانێتی تازە دروست بکات یان هی کۆن هەڵبوەشێنێتەوە، تورکیا، ئیسرائیل، ڕووسیا، ئێران و ئەمریکا لەسەر یەک خەتی هاوتەریب یان دژیەک کۆبکاتەوە، ئاکتەرە میاندەوڵەتییەکانی وەکو کورد، سوننە و عەلەوییەکان بە چارەنووسی جیاجیادا ئاراستە بکات.

سەرئەنجام دەتوانین بڵێین، تیرۆریزم بەتەنها دیاردەیەکی تازەی نێو دونیای دوای شەڕی سارد یاخود یانزەی سێپتەمبەر نییە، بەڵام کاریگەرترین دیاردەی ئەم چەند دەیەیەی ئێستایە کە توانیبێتی سوود لە شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری وەربگرێت و لەپاڵ نەیارەکانیدا بەشداری لە بونیادنانی گەورەترین پیشەسازیی ترسدا بکات، بەو واتایەی کە دەتوانین بڵێین تەکنۆتیرۆریزم کورتترین ڕێگایە بۆ دروستکردنی گەورەترین کاریگەری بەسەر جیهاندا، باوترین ئایدیۆلۆژیای سەردەمە کەوا کەمی هەیە بۆ گوتن و زۆری هەیە بۆ نیشاندان، داعش بەرجەستەترین وێنەی ناو دونیای تەکنۆتیرۆریزمە کە بە دونیایەک وێنەی ترسناکەوە لە خەیاڵدانماندا ئامادەیی هەیە، بەڵام بە کەمترین وشە و تێگەیشتنەوە لە ئەقڵ و هۆشماندا بوونی هەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ئاشبەتاڵی پەکەکە

## 1

ڕێککەوتنی تورکیا، ڕووسیا و ئێران لەسەر ئایندەی سووریا، پێش هەموو کەس جێپێی پەکەکە لە کوردستانی ڕۆژئاوا لەق دەکات. ئەمریکاش لەو ماوەیەی دواییدا، (لەسەر داوای تورکیا) پشتیوانیی ئاسمانیی خۆی بۆ ئەو هێزانەی کە لەژێر ئاڵای پەکەکە و بەناوی سووریای دیموکراتەوە شەڕ دەکەن، کەم کردووەتەوە. ڕاستە سەرکەوتنی سەربازییان بەدەست هێناوە، بەڵام جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەمریکا، سووریای بۆ ڕێککەوتنێکی ناوچەیی بەجێهێشتووە و دەستی ڕژێمەکەی بەشار بەهێز بووەتەوە. هەر بۆیە دیمەشق پێویستی بەوە هەیە کە بە زووترین کات، ئەو کێڵگە نەوتی و ناوچە ستراتیژییانەی بە ئەمانەت تەسلیمی پەکەکەی کردبوون، وەریانبگرێتەوە.

نە پەکەکە و نە گۆڕان و یەکێتیش، تا ئێستا توانای خوێندنەوەی سیاسییان بە دینامیکەکانی ئێستا نییە، چونکە هێشتا هەر لە وەهمی دەوڵەتانی دەوروبەردا دەژین. تورکیا و بارزانی وا لەگەڵ پەکەکە ڕێککەوتبوون کە چەکدارەکانی خۆی لەناو خاکی تورکیاوە بکشێنێتەوە بۆ ناو کوردستانی ڕۆژئاوا. هاوکات لەگەڵ ئەوەش سەدان پێشمەرگەی مەشقپێکراوی ڕۆژئاواش بگەڕێنەوە و هەم ئیدارەیەکی هاوبەش هەبێ و، هەم هێزێکی هاوبەشی چەکداری. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە پەکەکە دەستی خۆی دیت، پشتی لە هەموو ئەو بەڵێنانە کرد و کەوتە پەلاماردانی پارتی و هەموو ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی خۆی بوون. ئەمڕۆ ڕاستە هەڵوێستی تورکیا دوژمنکارانەیە، بەڵام هەقە ئەو ڕاستییەش بگوترێت کە تا سەرەتای 2014یش تورکیا دەیگوت، ئەگەر ئیدارەی هاوبەش هەبێ، دەروازە سنوورییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەر بەکراوەیی دەمێننەوە و سالح موسلیمیش لاقێکی لە ئانکارا بوو. پەکەکە پشتی لە هەردوو ڕێککەوتنی هەولێر و دهۆک کرد و بەردەوام بوو لە تاکڕەوی و بەکارهێنانی دانیشتووانی ڕۆژئاوا وەکو کەرەستەیەکی پڕوپاگەندەی میدیایی.

ئەمە وەنەبێ هەر لە ڕۆژئاوا ڕوویدابێت، پەکەکە دۆزی کوردی لە کوردستانی باکوور کردە ئامرازێک بۆ هێشتنەوەی بەشار ئەسەد و خستییە خزمەتی ئێران! ڕۆڵی هەدەپەی لە سیاسەتدا کە دەکرا ئەمڕۆ شەریکی حکومەت بێت، کۆتایی پێهێنا و تازە بە تازە داوای دەستپێشخەریی ئاشتی لە ئەردۆغان دەکەن!

هێشتا هەموو شتێک لەکیس نەچووە و هێشتا ئومێد زۆرە، بەڵام پەکەکە دەبێ ئەوە قەبوڵ بکات کە تووشی شکستێکی سیاسی بووە. دەرچەی ئەم شکستەش ئەوەیە کە پەکەکە دەبێ بۆ لێکدان و پێکەوە بەستنەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باشوور لەگەڵ بارزانی ڕێکبکەوێ و سنوورەکان هەڵبگیرێن، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئیدارەدان و بەرگریی لە ڕۆژئاواش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکە بگاتە ڕێککەوتن. دەنا جەزایرێکی دیکە، بەڵام لە ڕۆژئاوا دووبارە دەبێتەوە.

## پارێزگاری کارتۆنی

## 2

ڕاستییەکەی دوای ڕێککەوتنی 17ی مایسی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی (کە بڕیاردەرەکانیان تەقریبەن بوونەتەوە یەک حیزب) نەدەبووایە مەسەلەی دەستاودەستکردنی پۆستی پارێزگارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە، هێندە گەورە بکرێت. خۆ ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە نەبووایە، ئەوکات وەک تەحەددایەکی گەورەی لێ دەهات. بەڵام ئێستا بابەتەکە جیا لە مەسەلە یاساییەکەی (بیرهێنانەوەی ئەوەی کە ئەوان دان بەسەرۆکی هەرێمی کوردستاندا نانێن و بەدوای دەرچەی یاساییدا دەگەڕێن) بریتییە لەوەی کە دوو پابەندی دووبارە بکەنەوە. یەکەمیان بەپێی ڕێککەوتنی یەکەمیان بۆ حکومەتی خۆجێیی دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە دەبێ دەستاودەستکردنی دەسەڵات هەبێ و، دووەمیان ئەوەیە کە دەیانەوێ بە لایەنگرانیان بسەلمێنن پابەندی ڕێککەوتنی 17ی مایسن.

بەڵام فاکتی هەرە گرنگ لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە گۆڕان دەیەوێ ئەو نەهامەتییە داپۆشێت کە لەدوای هەڵبژاردنەکان و سەرکەوتنی کەموێنەی کاندیدەکەی، نەیتوانی ئەو پۆستە دەستەبەر بکات و بەناچاری ملی بۆ فیفتی بە فیفتی دا. فیفتی فیفتییەکەک کە لە سەرەتای دروستبوونیانەوە دژی بوون.

تازە بۆ پارتی گرنگ نییە کێ دەبێتە پارێزگاری سلێمانی یان هەڵەبجە، تەنیا لەو ڕوانگەیەوە نەبێ کە ئەگەر گۆڕان بەشێوەی کارتۆنیش ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، دەرچەیەک دروست بێت بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێتەوە لای یەکێتی و قەیرانی سیاسیی هەرێم لە بنبەست دەرچێت. ئەگەرنا پارتی لە ڕابردوودا، سەلماندی کە لە پشت ئەو کەسەیە زۆرترین دەنگی هێناوە و بە ئاشکراش پشتیوانیی لە براوەی هەڵبژاردنەکان کرد، بەڵام سەیر ئەوەیە کەسێک بەو هەموو دەنگەی کە خەڵکی سلێمانی پێیانداوە، ڕازی بێت بەوەی تا 18 مانگی دیکە پۆستێکی کارتۆنی (کە لە بنەڕەتیشدا هەموو پۆستەکان هەر کارتۆنین) وەربگرێت!

## ترازیدیا یان ئیستاتیکا؟

## 3

لەساڵی 1970وە کە حافز ئەسەد، توانی دوای سێ هەڵگەڕانەوەی سەربازی، ببێتە حاکمی موتڵەقی وڵاتی بەناو سووریا، ئەو وڵاتە خوێنی لێدەچۆڕێتەوە. دەڵێن سەد ڕەحمەت لە کفنذز! بەڵام زۆر ڕاستە، چونکە لە شوباتی 2011 وە تا ئێستا بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی 300 هەزار کەس لە سووریا کوژراون کە 80 هەزاری ئەوانە خەڵکی مەدەنی بوونە و لەناو ئەوانەشدا، 10 هەزاریان منداڵ بوونە! بەڵام کاردانەوەی دنیا چی بووە؟ لەو پێنج ساڵەدا، ئەگەرچی بەشار هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاند، دنیا نقەقەی لێوە نەهات، ناوبەناویش وێنەی منداڵێک یان ژنێک کە وێنەکەی لە ڕووی هونەری فۆتۆگرافییەوە جوان گیرابێت، دەبێتە ڕۆژەڤی سۆشیال میدیا و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا! وەک ئەوەی بە دیتنی ئەو وێنەیە، بیریان بۆ لای ئەو ترازیدیایە بچێت کە 5 ساڵە بەبەرچاوی ویژدانی هەموو مرۆڤایەتییەوە بەڕێوە دەچێت و بێدەنگن. تا ئەوە ئەخلاقی ڕۆژئاوا بێت، ئالان کوردییەکان تەواو نابن.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئەنجوومەنی جیابوونەوە

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە کورد قاچی لە بەغدا نەبڕیوە. بودجە هەبێ یان نەبێت کورد ئەو هەڵە ستراتیژییەی دووبارە نەکردووەتەوە کە سەرەتای دروستکردنەوەی "عێراقی هیوا و ئاشتی"، سوننەی عێراق بە بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسی کردیان. ئەم هەفتەیە و هەفتەکانی دواتر چاوەڕوان دەکرێت شاندی کوردی، هەم وەک حیزبەکان و هەم وەک شاندی هاوبەشیش، جارێکی دیکە بچنەوە بەغدا. بەڵام وەک دیارە بە ئەجێندای جیاوازەوە دەچن. یەکێکیان بۆ سەرخستنی پرۆژەی پێکەوەلکاندنەوەی عێراق و یەکێکی دیکەش بۆ قایلکردنی بەغدا بە پرۆژەی بەئاشتییانە جیابوونەوە لەیەکدی و بەبێهوودەیی پێکەوەنەلکاندنەوەی عێراق.

وەک لە وتاری هەفتەی ڕابردووشمدا ئاماژەم پێدابوو، دوایین هەوڵی ئێران بۆ ڕێگەگرتن لە دابەشبوونی عێراق دەستپێکردووە .شەمخانی، نوێنەری خامنەیی و سەرۆکی جڤاتی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، بەڕوونی پەیامی ئەوەی بەگوێی شاندێکی یەکێتیدا دابوو کە بۆ ئێران یەکپارچە مانەوەی عێراق شتێکی حەیاتییە. بنەمای لێکنزیکبوونەوەکەی ئێران و ڕووسیا و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی تورکیاش لە بلۆکی ئەمریکی-سعودی-قەتەری، ئەویش بە قەرەبووکردنەوەی بە پشتکردنە پەیەدە لە سووریا، هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئێران چەندە پێی گرنگە لە خەرجیی قەبەی جەنگی سووریا شان بباتە دەرەوە، هێندەش پێی گرنگە بە دەستگرتن بە عێراقێکی یەکپارچەوە هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەوە بپارێزێت.

لەو نێوانەدا ئەمریکا دەستەوەستان نییە. ڕێککەوتنە گرنگە ستراتیژییەکەی نێوان هەولێر و واشنتن کە بەڕواڵەت تەنیا بۆ شەڕی داعشە، بەشی ئەوەندەی تێدا هەیە کە ئێران دڵنیابێتەوە لەوەی ئەمریکا دڵنیایی داوەتە کوردستان بۆ پشتیوانیکردنی لە "قۆناغی سەخت"یشدا. کە وەک کەسێکی ئاگادار بۆی باسکردم، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، ناوچەکانی وەکو کەرکووک و مەخموور و گوێر و شنگال، چیدیکە ناوچەی ناکۆکی لەسەر نامێنن و ئەگەر گەنگەشەیەک بمێنێت لەگەڵ بەغدا، بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەبێ لەسەر ناوچەکانی ئەودیوی ئەو ناوچانە.

ئێستا کورد بە دوو ئەجێندای جیاوازەوە دەچێتەوە بەغدا. ئەجێندای یەکێتی و ڕەنگە گۆڕانیش بریتییە لە پرۆژەیەک کە خۆی لە دروستکردنی ئەنجوومەنێکی سیاسی دەبینێتەوە بۆ سەرلەنوێ پێکەوەلکاندنەوەی عێراقێک کە نە هیوای تێدا ماوە نە ئاشتی. ئەمەش کۆکە لەگەڵ ئەو خەونەی ئێران بە عێراقەوە دەیبینێت. ئەجێندای پارتیش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ بەغدا و ئامادەکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی لەنێوان کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بۆئەوەی لەئێستاوە ڕێککەوتن بکرێت کە لەپاش شەڕی داعش کوردستان و عێراق ببنە دوو دراوسێی باش بۆ یەکدی. پارتی بۆ ئەمە دەیەوێت گەرەنتیی نێودەوڵەتی هەبێت و ڕێککەوتنەکە بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا بێت. زۆریش پشتئەستوورە بەو گەرەنتییانەی هەم لەسەر مانەوەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە و هەم لەسەر دژایەتینەکردنی جاڕدانی سەربەخۆییش وەریگرتووە. بەڵام هێشتاش نەیتوانیوە لەسەر ئاستی نێوخۆی کوردستان ئامادەیی بۆ ئەم پرۆژەیە بکات.

ئەم ڕەوشە نوێیە پارتی و یەکێتی دەخاتە بەردەوام بژارەی قورسەوە: پارتی بەمەرجی ئەوە دەتوانێ بە پرۆژەی یەکێتی بۆ دروستکردنی ئەنجوومەنی سیاسی ڕازی بێت کە دروستکردنی ئەنجوومەنەکە بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئیدارەدانی عێراق تاوەکو قۆناخی جیابوونەوە بێت نەک پێکەوەلکاندنەوە. یەکێتیش بە مەرجی ئەوە دەتوانێ بە پرۆژەی پارتی ڕازی بێت کە بەڕوونی ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی نوێ هەبێت لەسەر ئەوەی پشک و قازانجی یەکێتی لە قۆناخی پاش تەواوبوونی کارەکانی ئەنجوومەنی جیابوونەوە و دروستکردنی کوردستانی سەربەخۆ چی دەبن. وەڵامی هەرلایەکیان بۆ مەرجەکانی ئەویدیکە هەرچییەک بن، یەکلارەوەن بۆئەوەی بزانین کورد لەسەر مێزی گفتوگۆی ئەمجارە دەبێتە یاریزانێکی براوە یان وەک هەمیشە بە دەستی بەتاڵ لێی دێتە دەرەوە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# تورکیا.. جەنگی نێوان ئیمام و سەرۆک

ئایا دەستنیشانکردنی فەتحوڵڵا گویلەن وەک بەرپرسیاری یەکەمی "کۆدێتا شکستخواردووەکە"ی تورکیا لەلایەن ئەردۆغانی سەرۆک کۆمارەوە، لەسەر ئاستی بابەتی "مسداقیەت/ کرێدیبیلیتی"ی هەیە یان تەنیا بیناکردنێکی ئایدیۆلۆژیی دوور لە واقیعە؟

بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی، کە لەم گۆشەیەدا جێگای ئەوە نییە ناوەکانیان ڕیزبکەین، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەی گیولەن، بەدرێژایی مێژووی خۆی، هەمیشە جۆرێک لە سۆزی تایبەتی بۆ سیحری سوپا و سیحری "کۆدێتا" و دەسەڵاتی عەسکەر هەبووە. بێهوودە نییە کە بێ هیچ دوودڵییەک و بەشێوەیەکی فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ "کۆدێتا"کەی ساڵی 1980 دەربڕی و بە کارێکی باش و پیرۆزی ناوبرد! ئەمە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی وا دەکات باسکردنی بزووتنەوەی گیولەن وەک بەرپرسیار لە کۆدێتاکەی 15ی تەممووزی ئەمساڵ، بەجۆرێک لە جۆرەکان ختوکەی واقیع بدات.

ڕەگەزێکی دیکەی "میسداقیەت"ی ئەم تێزە، بریتییە لەو جەنگە سەرتاسەرییەی کە لە 2013وە، لەنێوان بزووتنەوەی گیولەن و پارتی داد و گەشەپێدان لەلایەک و فەتحوڵڵا و ڕەجەب لەلایەکی دیکەوە لەئارادایە. ئەم دوو بزووتنەوەیە و ئەم دوو پیاوە، لە ڕابردوویەکی نزیکدا هاوپەیمانی یەکتری بوون و لە چەندین ئاستدا یەکتریان بینا کردووە و لەنێو پەیوەندییەکی "تەقابولی/ ڕێسیپرۆسیتێ"دا بوون. ئەوەی کە دەرگای دەزگا پەروەردەییەکان و پۆلیس و دادوەری و تەنانەت ئاسایش و سوپایشی بۆ بزووتنەوەی گویلەن خستە سەرپشت، لە 2002 وە، خودی ئەردۆغان بوو. لەبەرامبەر ئەمەشدا، فەتحوڵڵا هات و هەموو تۆڕەکانی بزووتنەوەکەی، نەک هەر لە تورکیادا، بەڵکو لە تەواوی جیهاندا، خستە خزمەتی ئەردۆغانەوە، بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە تەواوی جیهاندا. کاتێک کە لە 2013دا، ئەکتەرە نزیکەکانی بزووتنەوەی گیولەن دێن و پەردە لەسەر کۆمەڵێک گەندەڵی کەسە نزیکەکانی سەرۆک لادەدەن، ئیدی سەرۆک هەست بەوە دەکات کە قودسیەتەکەی بریندار کراوە! لێرەوە جەنگی سەرتاسەری لەگەڵ گویلەندا ڕادەگەیەنێت و ئەوەی لە ڕابردوودا پێی بەخشیبوو هەوڵ دەدات لێی بسەنێتەوە.

بەم شێوەیە ئەم ڕەگەزەش بەشداری دەکات لە دروستکردنی "میسداقیەتی" تێزی بەرپرسیارێتیی فەتحوڵڵا لە کۆدێتاکەی تەممووزدا.

ئاستێکی دیکەی ئەم جەنگە ئەو حیقدە ڕەش و چڕەیە کە لەنێوان فەتحوڵڵا و ئەردۆغاندا دروستبووە. پاش ئەوەی کە لە 2013 وە، بەشێکی زۆر لە گیولەنیەکان وەک ڤایرۆس لە جەستەی دەوڵەتی تورکیدا پێناسە دەکرێن و دەکەونە بەر شاڵاوی دەرکردن و نانبڕینەوە، ئیتر ململانێکە سروشتێکی دیکە وەردەگرێت و دەبێت بە حیقدێکی توند و ڕەشی نێوان فەتحوڵڵا و ڕەجەبێک کە "سڕینەوەی" یەکتری دەکەن بە ئامانجی باڵا بۆ خۆیان.

ئایا هەموو ئەم ئاماژانە بەڵگە نین لەسەر ئەوەی کە فەتحوڵڵا و بزووتنەوەکەی لە پشت کۆدێتاکەی 15ی تەممووزەوەن؟ بێگومان هەڵە دەکەین گەر پێمانوابێت، بەلای کەمەوە، کۆی ئەم ڕەگەزانە بەشدارییان نەکردووە لە دروستکردنی هەلومەرجێک کە تێیدا کۆدێتا ببێتە خەون و ئومێدی چەندین ئەکتەری جیاواز. بەڵام ئایا بەڕاستی خودی بزووتنەوەی گیولەن، هێندە بەهێز و کارایە بۆئەوەی بتوانێت بە پرۆژەیەکی لەم شێوەیە هەستێت و جێبەجێی بکات؟

ڕەنگە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە ئێستادا کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە هەموو سەرەداوەکان دەرنەکەوتوون و دەوڵەتیش هەموو تواناکانی بەکاردەهێنێت بۆئەوەی هەموویان دەرنەکەون، بەڵام هەر هیچ نەبێت، گومانکردن لە توانای بزووتنەوەی گویلەن لە ئێستا و ئێرەدا، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی مەترسیدار و بەرفراوانی لەم جۆرە، سادەترین ئەرکی شرۆڤەکردنی بابەتیانەی دوور لە لایەنگریی ئایدیۆلۆژییە. من وشیارم بەوەی کە تەنیا ئەم "گومانکردنە" لە گوتاری بەرپرسیاریی ڕاستەوخۆی فەتحوڵڵا، دەکرێت شەپۆلی تووڕەبوون لای چەندین هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، چ لە کوردستاندا و چ لە تورکیادا و تەنانەت لە وڵاتانی خاکی ئیسلامیشدا بوروژێنێت، چونکە ئەم هێزانە، لەبەر ئەوەی خۆیان بە کۆمەڵێک یەقین سپاردووە، هەر جۆرە گومانێک، با زانستیش بێت، بە تاوان دەزانن. بەڵام من پێموایە، ئەمە زۆر بایەخی نییە، ئەوی بایەخی هەیە، خوێندنەوەی واقیعە وەک ئەوەی کە خۆیمان پێدەناسێنێت، نەوەک وەک ئەوەی دەمانەوێت خۆیمان پێ بناسێنێ. لەم گۆشەنیگایەوە، وتاری هەفتەی داهاتوو تەرخان دەکەم بۆ کۆی ئەو هۆکارانەی کە وامان لێدەکەن گومان لە تێزی بەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی گیولەن بکەین.



هێرش ڕەمەزان دۆسکی

# پوتین و ئەردۆغان، پەیوەندییەکی سیاسی یان ستراتیژی؟

مەسەلەی سووریا، کریمیای ئۆکراینا و قوبرسی باکوور ئەو مەسەلانە بوون کە تا دەهات پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و تورکیای لاوازتر دەکرد، بەڵام دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکە جەنگییەکەی ڕووسیا لەلایەن تورکیاوە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە گەیشتە ئەوپەڕی لاوازی.

بەڵام پاش داوای لێبوردنی ئەردۆغان لە پوتین و دەربڕینی هاوسۆزیی پوتین و پێشکەشکردنی هاوکاریی پێویست بۆ ئەردۆغان لە شەوی کودەتا سەربازییەکەی تورکیا لە 15ی تەمموزی ڕابردوودا، لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا هەڵدرایەوە. ئەمەش سەردانی ئەردۆغانی بۆ ڕووسیا بەدوای خۆیدا هێنا بۆ پێداچوونەوە و ئامادەکاریی واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لە سەردانەکەی ساڵی ڕابردووی پوتیندا بۆ ئەنقەرە کرابوو.

گرنگترین خاڵی ئەم ڕێککەوتنە گەشەپێدانی بازرگانیی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە، هەروەها دروستکردنی گەورەترین وێستگەی ئەتۆمی بوو بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە تورکیا لەلایەن ڕووسیاوە. لەگەڵ دروستکردنی هێڵی بۆڕیی نوێ بەناوی (تورکیش ستریم) بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی لە ڕووسیاوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی باشووری ئەورووپا. ئەمەش لەدوای ئەو تەنگژانەی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ئەورووپا لەسەر مەسەلەی داگیرکردنی کریمیا هات کە چیتر ڕووسیا ناتوانێت تەنیا پشت بە ئۆکراینا ببەستێ بۆ گواستنەوەی غازی سروشتیی وڵاتەکەی بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا.

کەواتە ئەگەر پوتین بەنیاز بێ خۆی لەژێر هەژموونی سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا ڕزگار بکات، بەڵام ئەردۆغان بەنیازە وڵاتەکەی لە دوای ئۆکراینا بکاتە پلاتفۆرمی گەیاندنی غازی سروشتیی ڕووسیا بۆ بازاڕەکانی خۆی و ئەورووپا، ئەمەش وا دەکات ئەم دوو وڵاتە لە ئاستی ئابووریدا ببنە دوو شەریکی ستراتیژی.

تورکیا دەتوانێت گەشەیەکی خێرا بە ئابووریی وڵاتەکەی بدات، لە کاتێکدا ڕووسیا پێشنیازی 6% داشکاندنی نرخی غازی سروشتی داوە بە تورکیا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکەیان کە لە داهاتوودا واژۆ دەکرێت، لەگەڵ ئەمە زیادکردنی قەبارەی هەناردەکردنی غاز لە 26 ملیار مەتر سێجاوە بۆ نزیکەی 33 ملیار.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نزیکبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە، پەراوێز خستنیانە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە. ئەردۆغان کەمترین ڕۆڵی هەبووە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم دواییەی ڕووبەڕووی جیهان بوونەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە هاوتاکەی، ئێران و هەروەها پەراوێزکردنی ئەردۆغان لە ئاست ئەو گۆڕانکاریانەی لە وڵاتی میسر ڕوویاندا لە سەردەمی مورسی، یەمەن کە تا ئێستاش بەردەوامە، لوبنان و تا دەگاتە ئێستای سووریا، بەڵام تورکیا لە دوای کودەتای سەربازیی وڵاتەکەی زیاتر هەستی بەم بۆشاییە کرد، لە کاتێکدا هەڵوێستی هاوپەیمانەکانی لە کودەتاکە وەکو پێویست نەبوو، لە بەرامبەردا پوتین هاوسۆزیی خۆی بە ڕێگەی تەلەفۆن لە هەمان شەو بۆ ئەردۆغان نیشاندابوو.

هەروەها پوتین لە مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان و ناوچەکەدا کەمترین ڕۆڵی هەبووە، یاخود دەتوانم بڵێم لە ئاست هەندێک مەسەلەدا ڕۆڵی نەبووە، بۆ نموونە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لە سووریا کە لەم دواییە ڕۆڵی ڕووسیا تا ڕادەیەک بەرچاوترە، ئەمەش نیگەرانیی لای پوتین دروست کردووە. هەتا زۆر جار لە دیدارە ڕۆژنامەوانییەکاندا بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە "وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانەوێ ڕۆڵی ڕووسیای گەورە لەناو هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا لاواز بکەن، بەڵام ئەمە خەونێکە بەدی نایەت".

ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، دەبینین هەردوو سەرۆک یەک پەیامیان هەیە "ئێمە دەتوانین دۆستی ترمان هەبێ لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا، هەتا ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرگاکانیان لەسەر ئێمە داخستبێ"، دەتوانیم بڵێیم هەرچەندە ئەم پەیوەندیانە لەسەر ئاستی سیاسی یاخود ئابووری دەتوانن گەشە بکەن لەسەر حسابی بەرفراوانبوونی بۆشایی نێوان ئەم دوو وڵاتە و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەستەمە ببێتە پەیوەندییەکی درێژخایەن و ستراتیژی، بە تایبەت بۆ تورکیا. چونکە تورکیا، پەیوەندییەکی مێژوویی قووڵی سیاسی، سەربازی، ئابووری لەگەڵ ڕۆژئاوا دروست کردووە کە ناتوانێت دەستبەرداری بێت. یاخود بەرامبەر ئەو هەموو ئابڵوقە سیاسی و ئابووریانە بوەستێتەوە کە لەلایەن هاوپەیمانەکانی خراوەتە سەر ڕووسیا. لەگەڵ ئەم لایەنی ئابوورییە کە تورکیا 60%ی سەرچاوەکانی وزەی خۆی لە ڕووسیاوە دابین دەکات، وا دەکات هەژموونی ڕووسی لەسەر تورکیا زیاتر بکات. بەڕای من لە داهاتوودا تورکیا بە لاوازی دەکەوێتە ژێر هەژموونی سیاسی و ئابووریی ڕووسیاوە. بۆیە دەبێ لە پەراوێزی پەرەپێدانی ئەم پەیوەندیانەدا، سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی وزەی خۆی بەرفراوانتر بکات بەتایبەتی لەڕووی بەدەستهێنانی غازی سروشتی، بۆنموونە لەگەڵ ئیسرائیل کە دەستی پێکردووە، ئازەربایجان و هەرێمی کوردستان تا لە داهاتوودا کەمتر بکەوێتە ژێر هەژموونی بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕووسیا، چونکە بینیمان سەپاندنی ئەو ئابڵوقە ئابووریانەی ئەم دواییەی ڕووسیا بەسەر تورکیا، ئابووریی تورکیای شڵەژاند و وای لە ئەردۆغان کرد تا ڕادەیەک بچێتە ژێر باری بڕیارەکانی ڕووسیاوە.

بەڵام، ڕەهەندە سیاسییەکەی ئاڵۆزترە، کە ئەویش بارودۆخی ئێستای سووریایە، جگە لەوەی هەردوولا ناکۆکن لەسەر داهاتووی سووریا، لە هەمان کاتدا هەریەکەیان پشتگیری هێزی دژ بەیەکتر دەکەن، بەڕای من ئەستەمە لەسەر میکانیزمێکی هاوبەش ڕێکبکەون، چونکە تا دێت پشتگیریی ڕووسیا بۆ ڕژێمی بەشار ئەسەد زیاتر دەبێ، هەروەک پوتین لە ماوەی ڕابردوودا داوای لە پەرلەمانی وڵاتەکەی کرد پرۆژەی بەهێزکردنی هێزە سەربازییەکانی لە شاری لازقیەی سووریا، کە گەورەترین بنکەی سەربازیی ڕووسیایە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، زیاد بکات. لەگەڵ ئەمە داوای پشتگیریی زیاتری بۆ ڕژێمی سووریا کرد بەرامبەر ئەو هێزە چەکدارانەی لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن. بەڵام بۆ تورکیا مەسەلەی بەهێزبوونی پەیەدە لە سووریا ئەولەویەتە و زۆر ئەستەمە سازش بکات لەسەر شەرعیەتدان بەم هێزە لە سووریای داهاتوودا. بەڵام ئەم هێزە ئێستا لەلایەن ئەمەریکاوە پشتگیریی دەکرێت، کەواتە تورکیا دەبێ جارێکی تر لەگەڵ ڕۆژئاوا بکەوێتە دانوستاندن لەسەر ئەم مەسەلەیە و داهاتووی سووریاش.

ئەگەر پوتین کەمترین ئومێدی بە دروستبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبێ، ئەوا دووریی تورکیا لە ڕۆژئاوا، بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تورکیا بەرەو قەیرانی زیاتری سیاسی دەبات. ئەمەش لەوانەیە لە سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە 24ی ئەم مانگەدا بۆ تورکیا باس و خواسی گەرمی کۆبوونەوەکان بێت. هەروەها ئەم دیدارە نیشانەی نیگەرانیی هەردوولایە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان کە لە دوای کودەتاکەی تورکیاوە بەرەو لاوازی دەڕوات. بەڵام لە هەمووی گرنگتر نیگەرانیی ئەمەریکایە لە نزیکبوونەوەی هاوپەیمانەکەی لەناو ڕێکخراوی ناتۆ، لە ڕووسیا.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# کوڕە کوردێک دڵی گۆرانیبێژێکی فارس دەبات

12

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net